فوئاد قەرەداغی

# گۆڕانکاریی پەروەردەیی و
# پەرەپێدانی بەرنامەکانی خوێندن

سلیمانی - ١٩٩٩

## پێشەکی

لەگەڵ ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١دا، هیوایەکی نوێ لە دڵ و دەروونی هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستاندا چووزەرەی کرد. خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان چاوەڕوانی گۆڕانکارییەکی ئابووری-سیاسی- کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریی بوون. ئامانجەکانی ڕاپەڕینیان لەم گۆڕانکارییەدا دەدی. بەڵام بارودۆخەکە بەبارێکی دیکەدا شکایەوە. پاشاگەردانیی سەرانسەری بوارەکانی ژیانی گرتەوە. ئامانجەکانی ڕاپەڕین لە تەنوورەی ململانێ و کێبەرکێی دەسەڵاتدا لە بیرچوونەوە؛ دواتریش شەڕی ناوخۆ زەمینەی ئاوڕنەدانەوەی دەسەڵاتدارانی لەو ئامانجانە خۆشتر کردو، هەتا ئێستاش ئەو ئامانجانە لە بازنەیەکی داخراودا ماونەتەوەو بواری بەدیهێنانیان نەڕەخساوەو سیاسەتێکی بەرنامەڕێژکراو بۆ جێبەجێکردنیان لەکایەدا نییە.

یەکێك لەو بوارە گرنگانەی دەبوو هەر لەسەرەتاوە، وەك ئامرازێکی گۆڕانکارییو دانەوەی سەروسیمای شۆڕشگێڕانە بە بونیادی کەسایەتیی شێواوی تاکە کەسەکان و کۆمەڵ، بایەخی پێ بدرایە، پەروەردەو فێرکردن بوو؛ سەبارەت بەوەی ئەم کەرتە گرنگە لە پێکهاتەی کۆمەڵگادا، ڕۆڵی بەرچاوی لە پاراستنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی ( دیسپلینی کۆمەڵایەتی) و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیدا، هەیە. هەر لەبەر ئەمەشە کە هەموو ئەو دەسەڵاتە سیاسییانەی لە ئەنجامی شۆڕش یان ڕاپەڕینێك-تەنانەت کودەتایەك- جڵەوی فەرمانڕەوایی بەدەستەوە دەگرن، گۆڕانکاریی پەروەردەییو بەرنامەڕێژکردنی سیاسەتی پەروەردەیی (یان بەلایەنی کەمەوە کۆنترۆڵی ئاڕاستەکردنی) شان بەشانی بوارە ژیانسازەکانی دیکە، لە یەکەم بەرنامەو دەستووری کاری خۆیاندا دادەنێن.

له نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٩٢ دا، دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان پێکهاتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، توانای ئەوە هەبوو سیستەمی پەروەردەو فێرکردن بەگشتیو، بوارەکانی فەلسەفەو ئامانج و بەرنامەکانی خوێندن و تایبەتمەندییەکانی کارگێڕیو سەرپەرشتیی پەروەردەیی بەتایبەتی، بە شێوەیەکی زانستیانە بەرنامەڕێژیی بۆ بکرایەو ستراتیژی گواستنەوەیەکی چەندایەتیو چۆنایەتی لە پلانێکی پێنج هەتا دەساڵیدا دابنرایە. بەڵام مەخابن هەتا ئیمڕۆش ئەوە نەکراوەو هێشتا لەو گێژاوەی سەرەتای راپەڕین بە تەواوی رزگاری نەبووە.

ئەوەی لەم کتێبەدا دەیخوێننەوە لە دوو بەش پێکدێت. کاتی خۆی بە نیازی بەرتیشك دانی بارودۆخ و واقیعی سیستەمی پەروەردەو دۆزینەوەی رێگاچارەی کێشەکانی، لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٢و سەرەتای ساڵی ١٩٩٣دا نووسراون.

بەشی یەکەم بە دوو ئەڵقە لە ژمارە (٥٨و٥٩)ی رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)داو، بەشی دووەمیان بە چواردە ئەڵقە (یەکەم ئەڵقە لە ژمارە ٣٤٣داو دوائەڵقە لە ژمارە ٦٩٥)ی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوکراونەتەوە.

ئەو کێشانەی قسەیان لەسەر کراوە هەر ماون و چەندین نووسینی دیکەش هەڵدەگرن. هیوادارم، بڵاوبوونەوەیان بۆ جارێکیتر، سەرنجی بەرپرسانی پەروەردەو فێرکردن رابکێشێت و وەك ئەوسا بێباکانە سەیری نەکەن! خوازیاریشم بە چاوێکی رەخنەییەوە بخوێندرێتەوەو، لە کەموکووڕییەکانی بێدەنگ نەبن و، وەك سەرەتا بۆ لێکدانەوەیەکی رەخنەگرانەو تۆژینەوەیەکی زانستانەی هەمە لایەنەی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا سوودی لێوەربگیرێت.

**فوئاد قەرەداغی**

**سلێمانی ١٩٩٩/١/١**

# بەشی یەکەم

# سیستەمی پەروەردەو فێرکردن
# لەنێوان
## دەستکاریی رووکەش و گۆڕانکاریی
## بنەڕەتیدا

کۆمـەڵگاکانی مـرۆڤ لـە ڕەوتـی بـەرەو پیـّشەوە چوونیـاندا، هەمیشـە لـە بارێـکی سیاسـی-ئابوری-کۆمەڵایـەتی دیاریکراوەوە بـۆ بارێـکیدیکە هـەنگاو هـەڵدەگرن. لەگـەڵ هـەر هەنگاوێـکدا گۆڕانکارییـەکی هەمەلایەنـە تـەواوی سیسـتەمی ژیـانی ئـەم کۆمەڵگایانـە دەگرێـتەوە. بزووتنـەوەی گەشـەکردنی مێـژوویی کۆمـەڵگاکان لـە پرۆسـەی سەرکەوتنیـکی پێچاوپێـچی زەمبەلـەکیدا، بـەهۆی کـارکردەیی یاسـای بەجێهیـّشتنی کـۆن و بنیادنانی نوێ، دەڕواتـە پیـّشەوە. رادەو خیـّرایی پیـّشکەوتن لـە هـەر بوارێـکی ژیـانی کۆمـەڵگاکاندا، بـەڕادەی ڕێخۆشـکردن و ئاسانتـرکردنی کاریگەرێـتی ئـەم یاسا کۆمەڵایەتییەوە بەندە. بەم پیـّیە، سـەرەڕای کـارکردەیی یاسـا بابەتییـەکانی گەشـەکردنی کۆمەڵایـەتی، ڕۆڵـی هەڵسوڕێـنەرانی کۆمـەڵگاو ئاسـۆی بیـرکردنەوەو ڕێك هاتنـەوەی بیـروبۆچوونەکانیان لەگـەڵ واقیعی ماتـەریو کۆمەڵایـەتیو یاسـا بابەتییـەکانی گەشـەکردندا، مەرجێـکی گرنگی ئـەو ڕێخۆشکردن و ئاسـانبوونەوەیەی کـاری یاسای گۆڕانکارییە.

گۆڕانکارییـەکان بەگشـتی دوو شێـوە وەردەگرن: یان ئەوەتـە هێـواش هێـواش و لەسـەر خـۆ روو دەدەن، یـان شەقڵێـکی شۆڕشگێڕانە دەگرنە بەر.

گۆڕانکارییـەکان، هـەر لـە ئاستێـکی بـاڵاوە تـا دەگاتـە سـەر وردەکارییـەکانی، بـە تایبەتـمەندیی گۆڕانکارییەکـەوە بـەندن؛ لەگەڵ خاویی بەرنامەی گۆڕیندا بەخاویو سستی دەجووڵێن و لەگـەڵ شێـوەی شۆڕشگێـڕانەشدا پـێ بـە پێـی بارودۆخـە گشتییەکەی شۆڕش ڕۆڵی خۆیان دەبینن.

بەم پێیە، دەستکاریکردن لەباری یەکەمیاندا رووکەش و لەوی دیکەشدا گۆڕانکاریی بنەڕەتی دەبێت.

دەستكاریی رووكەش تەنها توێكڵ تاووتوێ دەكات، تەنها بە شێوەیەكی ئاسۆیی مامەڵە لەگەڵ بارودۆخی داسەپێنراوی كۆن دەكات و ریگری گۆڕانكارییەكی چۆنایەتی بەرچاو دەبێت؛ گۆڕانكاریی بنەڕەتی رێك بە پێچەوانەی ئەوەی پێشەوە بۆ ناخی بارودۆخە داسەپاوەكەی كۆن شۆڕ دەبێتەوە، بە شێوەیەكی ستوونی مامەڵەی مەسەلە گرنگەكان دەكات و، لە ریشەوە دەستی دەداتێ و، لە شوێنەواریدا ئەڵتەرناتیڤی خۆی دادەنێت.

شێوەی یەكەم لە ئەدەبی سیاسیدا بە ریفۆرم ناو دەبرێت و دووەمیشیان ئەو شێوەیەیە كە زاراوەی شۆڕشی بۆ دانراوە.

كەواتە رێگەی ریفۆرم و رێگەی شۆڕش دوو رێگەی چارەسەركردنی كێشە سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەكانن. ئەو دوو رێگەیە-هەریەكەیان بۆ خۆیان- هەندێ پرنسیپی تایبەتی پەیرەو دەكەن. ئەم پرنسیپانە ئەنجامی گۆڕانكارییەكان دیاری دەكەن و بۆ خۆیان دەبنەوە ناسنامەی رێگەكەو بە شێوەیەكی ئۆرگانیكی بە سەرجەمی چۆنایەتی چارەسەركردنەكانەوە دەچەسپێن.

هەڵوێست لە سیستەمی رابردوو بنەمای هەڵوێستە لە چۆنایەتی مامەڵەكردنی بارودۆخەكە. ئایا سیستەمی كۆن، ئەو سیستەمەی راماڵراوە، سەرتاپا لە رووی بونیادییەوە، ژێرخان و سەرخانی رەت دەكرێنەوە؟ یان تەنها رووكەشەكەی، سەركۆزەری سیاسەت و رەفتارەكانی بەرپەرچ دەدرێنەوە؟

ئەم تێڕوانینە بۆ سیستەمی رابردوو جیۆڕیێ دەسەڵاتدارانی نوێ دیاری دەكات و ئاسۆی بیركردنەوەو سیاسەتەكانی داهاتوویان دەخاتە روو. ئەم دوو شێوە تێڕوانینە لە بواری دەستكاریكردن یان گۆڕانكاریی لە لایەنە جۆراوجۆرەكانی بینای سیستەمەكەدا، پراكتیكی جیاجیا بەرئەنجامیان دەبێت.

رەتکردنـــەوەی سیســـتەمی کـــۆن بەتـــەواوی، واتـــە لـــە رووی بونیادییەوە ئەڵتەرناتیـڤی گۆڕانکارییەکی سەرتاپاگیر دەهێنێتە کایـەوە، کـە لـە رەگـو ڕیـشەوە ئـەو بونیـادە هەڵتەکێنێـت و بونیادێکی نوێ لە شوێنیـدا دابڕێژێت. بەڵام ئەگەر رەتکردنەوە لـە ئاستـی ئـەم سیاسـەت و ئـەو سیاسـەت، ئـەم رەفتـارو ئـەو کردەوەدا بێت، ئەوا چارەسەرکردنەکان پچڕ پچڕ، بەش بەش، پینـەو پـەڕۆکردن دەبـن. هـەروەها لـە بـاری یەکـەمیاندا گۆڕانکارییەکان بەڕاستی نوێ دەبن و مۆرکی داهێنانیان پێوە دەبێت و دوورو نزیک ناچنەوە سەر ڕێڕەوی سیستەمە کۆنەکە؛ بە پێچەوانەشەوە لەباری دووەمدا لاسایی کردنەوەی رابردوو، شوێـن پێهـەڵگرتنی سیاسـەتە کۆنـەکان، خولانـەوە لـە هـەمان بازنـەی پـلان و نەخشـەکانی رابـردوودا، دەبێـتەوە سیاسـەتی باڵادەسـت و بەخۆجوونـەوەو خاوکردنـەوەی رەوتـی گەشـەکردن دەشکێتەوە.

ئەگەر ئەو راستییە بسەلمێنین، کە هەر سیستەمێکی سیاسی لـە بـوارە جیاجیاکـانی ژیـانی کۆمـەڵدا وەك یەکەیـەکی جێگیـر رەفتـار دەکـات و یـەك بـەرژەوەندی چینایـەتی لـە گشـت سیاسـەتەکانیدا رەنـگ دەداتـەوە؛ ئەگـەر ئـەو راسـتییەش بسەلمێنین کە بواری پەروەردەو فێرکردن پایەیەکی سەرەکییە لە بینـای سیسـتەمی کۆمەڵایـەتی هـەر دەسەڵاتداریـتییەکدا، ئـەوا لەبەر تیشکی ئەو دوو راستییەدا، بەو بڕیارە دەگەین کە هەموو رەفتارەکانی رژێمێك لە مەیدانی پەروەردەو فێرکردندا پابەندی پتەوکردنی سیستەمەکەن و بەرەو تانو پۆو تایبەتمەندی پێدانی خودی ئەو رژێمە ئاڕاستە دەکرێن.

ئـەم سیاسـەتە لەژێـر سـایەی دەسەڵاتداریـتییەکی رەگەزپەرسـتانەی فاشسـتیدا راسـتەو راسـت لە بەرامبەر

بەرژەوەندی راستەقینەی گەل و چین و رەگەزی ژێر دەست و چەوساوەدا سەنگەر لێدەدات. ئەم سیاسەتە هەموو کۆمەڵ بۆ بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدار هەڵدەپێچێو بەربەرەکانی سەرکوت دەکات و دەنگی بێزاری دەتاسێنێ.

هەر ئەم سیاسەتە پێویستیی بە مێشك شتنەوەی نەوە نوێیەکان دەبێت و تەواوی بەرنامەکانی خوێندن و چالاکییە پەروەردەییەکان بەرەو ئەو ئامانجە بە کێش دەکات.

دەسەڵاتی سیاسیی شێوە شۆڤێنیو فاشستی بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم سیاسەتە، لەلایەك رێسای یاسایی بۆ دەهۆنێتەوەو، لەلایەکی دیکەوە، دام و دەسگای گونجاوی بۆ ساز دەدات. بە چەمکێکی پەروەردەیی، هەموو توخمە ماتەریو مرۆییەکانی کرداری پەروەردەو فێرکردن لەسەر بنەماو ئایدیاو شێوەی پراکتیك و ئاسۆو ئامانجەکانی خۆی دەسازێنێت و هەر هەمووی، بۆ خۆیو، لە شێوەی خۆیو، بۆ دواڕۆژی خۆی دەخاتە کارەوە. بۆیە لەکاتێکدا گۆڕانکاریی سیاسی لە دەسەڵاتی سیاسیدا روو دەدات، کاتێك راپەڕینی چینەچەوساوەکان دەسەڵاتی چین و حزب و دەوڵەتی چەوسێنەرەکان رادەماڵێت، دەسەڵاتی نوێ بەرەو ئەرکی گۆڕانکارییو دانانی ئەڵتەرناتیڤی خۆی دەبێتەوە.

ئەم دەسەڵاتە نوێیە، بێپاکتاوکردنی سەرجەمی سیاسەتەکانی رژێمی پێشوو ناتوانێت جێگیر بێت و گۆڕانکارییەکی بەرچاو بەدی بهێنێت. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت راستەوراست لە ئایدیاو پراکتیك و ئامانج و رەفتاری رژێمی کۆن هەڵوێست وەرگرێت و ئەڵتەرناتیڤی پێچەوانەی خۆی بۆ ئەو گۆڕانکارییە پێبێت و وەڵامی پێبداتەوە.

بەم پێیە گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانەو سەرتاپاگیرو بنەڕەتی

دەبێتە وەڵامی ڕاپەڕین و سەردەمی نوێ بۆ سەردەمی کۆنی ڕامالڕاو. ئەم گۆڕانکارییە لە کایەی پەروەردەو فێرکردندا، تەواوکەری ڕاپەڕین و شۆڕش لە کایەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵگادا، دەبێت.

هەر کەمتەرخەمییەك لەم بوارەدا (پەروەردەو فێرکردن) یان هەر خاوکردنەوەو سستیو نەفامییەك، هەر تێڕوانینێکی لەتوپەت، ریفۆرمیستیو رووکەش، نەك هەر بە زیان بۆ رەوتی کرداری پەروەردەو فێرکردن دەگەڕێتەوە، بەڵکو چڕ پەنجەی نەرێیانەی خۆی لەسەر ڕادەی وەدیهێنانی ئامانجەکان دادەنێت و لە بازنەی سیاسەتە کۆنەکاندا قەتیسی دەکات و هەمان ئەقڵ و لۆژیکی ڕژێمی ڕابردوو بە بەرگێکی رووکەشی نوێو بەرەنگێکی دیکەوە بەباڵای سیاسەت و ئامانجە نوێیەکاندا دەبڕێت.

هەر لەم ڕوانگەیەوە، دیاردە نەشیاوەکان، ئەو دیاردانەی بە ئەقڵ و لۆژیکی ڕژێمی کۆنەوە ئەم دیوەو دیو دەکرێن و تەنها مامەڵە لەتەك رووکەشیاندا دەکرێت و چارەسەری سەرتاپاگیرو بنەڕەتییان فەرامۆش دەکرێت، پێویستە ئەم دیاردانە هەرچی زووە دەستنیشان بکرێن و رەخنەیان ئاڕاستە بکرێت.

لێرەدا چەند نموونەیەك دەهێنینەوەو دەکرێت بەپێوانەی ئەم چەند نموونەیە، هەرکەس لای خۆیەوە چەندین نموونەی دیکە لە گشت بوارێکدا، بداتە بەر باس و لێکۆڵینەوەو رەخنە لێگرتن:-

## ١) گۆڕینی ناوی قوتابخانەکان:

ڕژێمی بەعس بە درێژایی ماوەی دەسەڵاتی خۆی سیاسەتی شۆڤێنیستی نەتەوایەتی لە گشت بوارەکانی پەروەردەو فێرکردندا پەیڕەو دەکرد. هێڵی سەرەکی ئەم سیاسەتەو

رووكـــاری ئاڕاســـتەكردنی بـــەرەو بینایـــەكی نەتەوایـــەتی شۆڤێنیـــستی شیـــوە بەعسییانەی تایبـەتی بـوو. لـەم لایەنـەوە بچووكتـــرین كارێـكی نەدەبواردو پەلی بۆ هەموو گۆشەكان كوتا بـوو. ناولیـێنانی قوتابخانـەكان بەشێـكی تەواوكـەری بەشـەكانی دیكـەی سیاسـەتەكەی بوو. بۆیە لە سەرانسـەری عیـراقدا نـاوی زۆربـەی قوتابخانـەكانیان گۆڕی بـەو ناوانـەی لـە هەگبـەی بیـری شۆڤیـنیستانەی خۆیـاندا پیـرۆزن. بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە تویـێ میـژووی نەتەوایـەتی عـەرەب و میـژووی حزبایـەتی خۆیانـەوە هـــەزاران ناویـــان هێـــنایە پیـــشەوەو بەســـەر قوتابخانـــەكانی عیـراقیاندا سـەپاند؛ هـەر لـەناوی كـەس و تیـرەو هـۆزو جـەنگ و رووداوەكـانی پیـش ئیـسلامەوە تـا ئـەو ناوانـەی لـە جـەنگی نەگریسی قادسیەدا رۆژ بە رۆژ دادەتاشران.

لـە نیـوان ئـەم ناوانـەدا دیـاردەی هـەرە ئاشـكرا ئـەوە بـوو، كـە هـەڵبژاردنیان بیروبۆچوونیـكی رەگەزپەرستانەی پیـوە دیـاربوو. لەبەرئـەوە هـەر كەسایەتییـەك، هـەر جەنگێـك یـان رووداوێـكی میـــژوویی بۆنـــی مرۆڤایـــەتیو دیموكراســـیو سۆسیالیـــستیان لێكردبێت پشت گوێیان خستووەو هەوڵی لەبیربردنەوەیان داوە. ئـەم سیاســـەتە لـــە كوردستانیشـــدا بـــە شیـــوەیەكی بەرنامـــەیی پەیـرەوكراو، بەرەبەرە ناوی قوتابخانەكانی كوردستانیان بەناوە پەسـەندكراوەكانی خۆیـان گۆڕی. هەستی خـەڵكی كوردسـتانیان لـەم بوارەشـدا پیـشیل كرد، وەك ئەوەی لە فەرهەنگی سیاسـەت و جوگرافیـاو میـژوو و رۆشنبیـریی گـەلی كوردسـتاندا قـات و قـڕی لەناودا هەبێت!

لـەدوای راپـەڕین، خـەڵكیی چـاوەڕوانی زووبـەزوو گـۆڕینـی ئـەو نـاوە دزیـوانەی سـەردەمی بـەعس بـوون. بـەڵام دام و دەسـگا پـەروەردییە جێماوەكـانی رژێم لە كوردستـاندا بە ئەقڵییەتێكی

ڕۆتینی ووشکەوە، گۆڕینی ناوی قوتابخانەکانیان لێبووە کۆڵی شێرو تا ساڵ و نیوێك دوای ڕاپەڕین دەستکارییان نەکردن؛ کاتێکیش ناوەکان گۆڕان و لیستە لیستە دەرچوون، کاریگەریێتی بیرێکی بەرتەسکیان پێوە دیار بوو بەتایبەتی کە هەندێ ناوی سیاسی و ناوی کەسایەتییە مێژوویی و ڕۆشنبیرییەکانیان بەسەر قوتابخانەکاندا دابڕی. هەرچەندە بە مەبەستێکی پاك و بێگەردەوە ئەم هەندە ناوە هەڵبژێردراون، بەڵام کەم و زۆر کاریگەریێتی و کاردانەوە (رد الفعل)ی سیاسەتەکاتی ڕژێمیان بەسەرەوە دیارە. هەڵبەت رووی ئەم ڕەخنەیە لە شوێنە جوگرافییەکان و ناوە گشتییەکان نییە، بەڵام لە ئاستی ڕووداوی مێژوویی یان کەسایەتییەکانی مێژوو یان بواری شیعرو ئەدەبیات و سیاسەت یەك بۆچوون و هەڵسەنگاندن لە ئارادا نییە، کە هەڵبژاردنیان پەسەندکراوی زۆربەی خەڵکیی بێت و هیچ ڕەخنەیەك لە بایەخی ئەو ناوانە کەم نەکاتەوە؛ چونکە کاتێك مەسەلە دێتە سەر هەڵسەنگاندنی کەسایەتییەکان ڕاست پێکان و بە هەڵەدا چوون دەبنە شتێکی نیسبی.

ئیمڕۆ لە نێوان حزب و لایەن و نووسەرە سیاسییەکاندا لێکدانەوەی هاوبەش بۆ کەسایەتییە سیاسیو مێژووییەکان لە رووی ڕۆڵی مێژوویی‌و خەباتیان لە ڕابردووی بزووتنەوەی سیاسیدا نییە. هەروەها لە نێوان ڕۆشنبیران و ئەدیبانیشدا لێکدانەوەی جیاجیا بۆ شاعیرو نووسەرەکانی ڕابردوو هەیە، ئیتر ئەو لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنانە کامیان ڕاستن و کامیان هەڵەن بە نووکە قەڵەمێك لابەلا ناکرێتەوەو ڕەنگە لەسەر نووسینیان دەیان ساڵ پتر درێژە بکێشێ وەك لە هەموو لایەکی ئەم جیهانەدا بەدی دەکەین. لەبەر ئەوە دەتوانرا لە گۆڕینی ناوی قوتابخانەکاندا ناوی کەسەکان بخرانایەتە لاوە. ئەو

کەسایەتییانە-سیاسی یان ئەدیب بن- پێویستییان بە بۆردی قوتابخانەکان نییە تا لەسەر ئەو بۆردانە گیانیان بەبەردا بکرێتەوەو بەزیندوویی بمێننەوە. چونکە هەر یەکەیان لەنێو توێژێکی کۆمەڵایەتی یان لە نێو چینێك لە چینە جیاجیاکانی کۆمەڵدا زیندووەو رەوتی بیرو رۆڵیان لە ژیاندا رێزی لێ دەگیرێت و درێژە پێدەرانی رێگاو هەوڵ و رێبازی سیاسی یان ئەدەبییان لە خودی مەیلە کۆمەڵاتییەکانی نێو کۆمەڵدا هەن.

٢) <u>گۆڕینی بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان:</u>

گومان لەوەدا نییە، وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی، ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە بەرپرسیارێتی دامودەسگاکانی دەوڵەتدا پێویست دەکات. هەڵوێستی دروست ئەوەیە دەسەڵاتی سیاسی نوێ بێ دواخستن و بەزەیی تەواوی لێپرسراوانی رژێمی پێشوو لە شوێنی خۆیان داگرێتە خوارەوەو بە ڕێگەیەکی دیموکراسی لێپرسراوانی نوێ شوێنیان بگرنەوەو ئەرکی راپەڕاندنی کاروبار بەدەستەوە بگرن. تاك و تەرایەك کارمەندی شارەزاو پسپۆڕ لە دەسگاکانی سیستەمی رووخێنراودا، ئەوانەی بۆ ماوەیەك ناتوانرێت دەستیان لێهەڵبگیرێت و کادیری لەو ئاستە بۆ شوێنەکانیان نییە، دەبێت ناچار بکرێن بە هەمان ئاستی پێشووەوە کار بکەن و دەسەڵاتی سیاسی نوێ چاودێرییەکی ووردیان بکات و سەرپێچییان بە سزای توند وەڵام بداتەوە.

ئەم سیاسەتە رێڕەوێکەو هەر دەسەڵاتێکی نوێ نەیگرێتە بەر، کۆمەڵ تووشی بەرەڵڵایی‌و پاشاگەردانی‌و پێشێل کردنی یاساو بنکۆڵکردنی دەسکەوتەکان دەکات و دوا ئاکامیش لەق کردنی دەسەڵاتەکەو رووخاندنی ئەنجامی دەبێت.

ئەم راستییە گشتییە بۆ هەموو دامودەسگاو گۆشەیەکی کاروباری کۆمەڵگا دروستە. دامودەسگای پەروەردەو فێرکردنیش لەمە بەدەر نییە سەبارەت بەوەی لە هەرە شوێنە گرنگە چارەنووسسازەکان دەژمێردرێت.

بەڕێوەبردنی پەروەردەیی (الادارة التربویة)، هەر لە لوتکەی دەسگاکەوە تا دوابەڕێوەبەری لق و بەشەکانی پەروەردە، تا دوا سەرپەرشتیار، تا دوا بەڕێوەبەرو یاریدەدەری بەڕێوەبەر لە قوتابخانەکاندا، دەبێت بخرێنە ژێر رکێفی پراکتیکی ئەم راستییەوە تا باری گۆڕانکاریی لە سیستەمەکەدا سەقامگیر ببێت. خاوە خاوو سستی و دواخستن و ئەمڕۆ بە سبەی لەم کارەدا-بە هەر بەهانەیەک بێت و هەر کەسێک لێی بەرپرسیار بێت- راستەوخۆ خزمەتی سیستەمی پێشوو دەکات، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە بنچینەو رێسای تایبەتی خۆی هەیە. پرنسیپی پەروەردەیی تایبەتی هەیە. بێ رەچاوکردنی ئەم پرنسیپ و رێسایانە هێڵێکی پانی روون و ئاشکرا لە نێوان شێوازی کۆن و نوێدا ناکێشرێت. بێ ئەم جیاوازییە گۆڕینەکە سوودی نابێت و جگە لە دەستکاریکردنێکی رووکەش هیچی دیکە نابێت. لەبەر ئەوە، لەگەڵ گۆڕینی بەپەلەی سەرتاپای بەرپرسیاریێتی دامودەسگاکاندا، واتە بەڕێوەبەرایەتی، دەبێت رێوشوێن و ئەڵتەرناتیڤی بەڕێوەبەرایەتی دەستنیشانکراوی رژێمی کۆن دابنرێت و بە شێوازی لە ئاسایی بەدەری گونجاو لەگەڵ سەرگەرمیی شۆڕشگێڕانەدا، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە چۆنایەتیدا بێتە دی تا بەرپرسیارانی نوێی بەڕێوەبردن ئەرکی بارودۆخە نوێیەکە بەوپەڕی توانایی و کارامەیی و ئاستێکی بەرزەوە لە ئەستۆ بگرن.

لە کوردستاندا، جگە لەوەی گۆڕینی سەرانی دەسگای پەروەردەو

لێپرسراوانی لق و بەشەجیاجیاکانی تا نووسینی ئەم گوتارە وەدینەهاتووە، گۆڕینی بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکانیش بە نیوەناچڵی، پاش ساڵ و نیوێک لە راپەڕین، دەستی دراوەتێ. پێوانەی سەرەکی بۆ دانانی بەڕێوەبەرانی نوێ هەڵوێستی رابردوویانە لە رژێمی بەعس، هەرچەندە ئەم پێوانەیەش لە دانانی هەندێ بەڕێوەبەرو یاریدەدەرەکاندا، لەبەر گەلێک هۆی جیاجیا، نەخوێندراوەتەوە.

بە هەر حاڵ وەرگرتنی ئەم پێوانەیە یەک پرنسیپی راست و بنچینەیەکی دروستە بۆ سەرەتای ئاڵوگۆڕی بەڕێوەبەرایەتی لە هەموو ئاستەکاندا، بەڵام ئەم پرنسیپە بە تەنها بۆ سەرکەوتنی گۆڕانکارییەکە بەس نییە. چونکە هەر بەڕێوەبەرێکی نوێ بەراورد بکرێت بە بەڕێوەبەرێکی کۆن (بەڕێوەبەرانی سەردەمی رژێم) لە چەندین خاڵدا وەکوو یەک دەردەچنەوە و جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا بەدی ناکرێت.

بنەمای ئەم وێکچوونە لە پێکهاتنی بونیادییانەوەیە، سەبارەت بەوەی هەر هەمان بونیادی زانستی، رۆشنبیری، پیشەییان هەیە. بە زمانێکی سادەتر- تەنها هەڵوێستە سیاسییەکەی لێدەربکەین – لە هیچ روویەکی دیکەوە ئاستیان لە یەکەوە دوور نییە، چ لە مەیدانی بیرکردنەوەو شیکردنەوەو بە پیرەوەچوونی زانستیانەی گیروگرفتەکانەوە بێت، یان لەسەر نزیک بوونی ئاستی رۆشنبیریو بەڵگەنامەی پیشەیی ماموستایەتییەوە بێت.

ئەو مەرجانەی پێویستە لە بەڕێوەبەرێکی قوتابخانەدا هەبن، بۆ هەردوو لایان چوونیەکەو تەنها گۆڕینی ئەم روخسار بەو روخسار-بەگشتی نەک وەک تاک- مەرجەکان وەدەست ناهێنێت. بۆیە گۆڕینێک بەم چەشنە بێت چاوەڕوانی قەڵەمبازێکی گەورەی

پەروەردەیی رووەو پێشەوەی لێ ناکرێت.

بۆ ئەوەی هەنگاوەکان لەم بوارەدا رووکەش نەبن و سەرپێیی‌و لەرزۆك هەڵنەنرێن، پێویستە شۆڕشگێڕانەو بنەڕەتی‌و پشت بەستوو بە بنچینە زانستییەکان بن.

بۆ دانانی بەڕێوەبەر پێویست بە لاسایی‌کردنەوەی شێوازی دەستنیشان کردنی سەردەمی رژێم ناکات. مەرج نییە باشترین بەڕێوەبەر کەسێکی سەر بەلایەنێکی سیاسی بێت. پێوانەی یەکەم هەر دەبێت پاکی و هەڵویستی رابردووی‌و خۆبەدەستەوەنەدانی بە رژێم بێت. شان بە شانی ئەوەش توانای شەخسی‌و کارامەیی‌و لێوەشاوەیی، بێ‌گوێدانە بیروباوەڕی سیاسی‌و ئەندامێتی لە حزبێکدا کە ئێمڕۆ دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا بەدەستەوە بێت.

لە سەر ئەم بناغەیە دەتوانرێت بەرنامەیەکی چڕوپڕی زانستی دابڕێژرێت و لە ماوەیەکی کەمدا لە هەموو لایەنێکەوە ئاستیان بەرز بکرێتەوەو، لەدوا ڕۆژیشدا، لە ڕێی چەندین جۆر بەرنامەی راهێنانەوەو بە سوود وەرگرتن لە توانای زانکۆکان، بەڕاستی بەڕێوەبەرەکان ببنە نموونەی رابەرانی پەروەردەیی‌و بەرئەنجامی گۆڕانکارییەکی هەمەلایەنەو فراوان بن لە سەردەمی رژێمێکی رەگەزپەرستی دواکەوتووەوە بۆ سەردەمێکی نوێ کە راپەرینێکی مەزن ژانی لەدایك بوونی بووبێت.

ئەم تیڕوانینە بۆ مەسەلەی گۆڕینی بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان، بە هەمان شێوەو ئاست، لە بەرامبەر گۆڕینی سەرپەرشتیارەکانی هەموو قۆناغەکانی خوێندندا دروستە؛ لەگەڵ جیاوازی ئەو پرنسیپە زانستی‌و پەروەردەییانەی دەبێت بۆ پێکهێنانی دەسگایەکی بەهێزی سەرپەرشتیاریی لەبەرچاو بگیرێن.

یاسای گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانەو بنەڕەتیو هەمەلایەنە وەها دەخوازێت، دەسگای سەرپەرشتیاریی لە هەموو ئاستەکانیدا، لە بنەڕەتەوە گۆڕانی بەسەردا بێت. تەواوی روخسارەکانی سەردەمی رژێمی داڕووخاو لەم دەسگایە دوور بخرێنەوەو دەسگایەکی نوێی سەرپەرشتیاریی لە رووی چۆنایەتییەوە دابمەزرێنرێتەوە کە خڵتەو لیتەی ئایدیاو ئەقڵییەت و لۆژیکی پەروەردەی دەسەڵاتدارانی پێش راپەڕینی تێدا پاکتاو کرابێت.

٣) ئاڕاستەکردنی خوێندکاران:

هەموو سیستەمێکی پەروەردەو فێرکردن بەپێی بنەما فەلسەفیو کۆمەڵایەتییەکانی ئامانجەکانی خۆی دیاری دەکات. ئامانجەکان هەمیشەو لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدا هەڵقوڵاوی رێبازە فەلسەفەییو کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاکان دەبن. هەموو کۆمەڵێك دەیەوێت لەسەر بنچینەو ئاسۆی گەشەکردنی دواڕۆژ خوێندکاران ئاڕاستە بکات و ئامانجەکانی بهێنێتەدی. خودی کرداری فێرکردن بریتییە لەم گۆڕینە پلان بۆ داڕێژراوە لە رەفتاری خوێندکاراندا لەبەر تیشکی ئەو ئامانجانەی سیستەمی پەروەردە بۆ خۆی دیاری کردوون. رێبازی نوێ لەم بوارەدا هەوڵی پێگەیاندنی کەسایەتی خوێندکار دەدات تاوەك یەکەیەکی تەواوو پێگەیشتوو ببێتە کەسایەتییەکی سەربەخۆو خۆی خاوەنی بڕیار بێت. بەرنامەی ئاڕاستەکردن، کە تەواوی بەرنامەکانی خوێندن و هەموو دەسگاکانی پەروەردەو فێرکردن پێوەی خەریکن، بەمەبەستی ئامادەکردنی خوێندکارانە بۆ ژیانی دواڕۆژو پێگەیاندنیانە تا هەر یەکێکیان شوێنی شیاوو گونجاوی خۆیان، بەپێی لێهاتوویيو بەکارخستنی ئەوپەڕی توانایان، لە سیستەمی

کۆمەڵایـەتیدا بگـرن، لەبـەر ئـەوە کاتیـێک گۆڕانکـاریی لـە بواری پـــەروەردەو فیـــێرکردندا دەبیـــێتە مەســـەلەی ڕۆژ، دەســـگا پەروەردەییەکان بە گشتیو قوتابخانە بەتایبەتی ئەم ئەرکەیان لە ئەستۆ دەکەوێت. ئاڕاستەکردنی خوێندکاران دەبێتە ئەرکێکی گرنگ و سـەرجەمی دامودەسگاکانی پـەروەردە لیـێ بەرپرسیار دەبـن. ئـەم ئاڕاسـتەکردنە گۆڕانکارییـەکی بنـەڕەتیی لـە بنـەما فەلســەفەییو کۆمەڵایەتییــەکاندا پیــێویستە. بــەو پیــێیەش گۆڕانکاریی شۆڕشگێـڕانەو بنەڕەتی لـە ئامانجەکاندا پێویـست دەبیـێت. ئـەم بنـەماو ئامانجانـە، دەبیـێت لـە بەرامبـەر بنـەماو ئامانجەکانی سیستەمی پێشوودا ، ڕابوەستێت و قووڵ ببێتەوەو دیـوی ڕووکــەش و تویـێکڵ ببڕیـێت؛ بـە شیـێوەیەکی سـتوونی ڕۆبچیـــێت و گۆڕانکارییـــەکی بـــەرچاو ئـــەنجامی بیـــێت. دیـــارە دەستنیشـانکردنی بنـەماکان و ئامانجـەکان هـەروا بـە سـانایی‌و بەپیـێ لیـێکدانەوەی پچڕپچڕو خودیانە ناکرێت بەڵکو کۆمەڵیـێک هەڵســـوکەوتی پـــەروەردەیی بـــاو هەیـــە کـــە سیســـتەمە پەروەردەییـەکانی جیهـان لـە بـارودۆخی گۆڕانکـاریدا پەیـڕەوی دەکـەن. ئـەم هەڵسـوکەوتە ئـەرکی دەسـگا پەروەردەییـەکانی ئیـمڕۆی کوردستانە، بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی دیکەی جیهان لـەم مەیدانـەدا، بیـگرنەبەر بۆ ئەوەی هـەنگاوەکان زانستی‌و پتـەوو جیـێگیـر بن. هـەر لـەم بـاری سـەرنجەوە پیـێویستە گۆنگرەی لیـێکۆڵینەوەی بنـەما فەلسـەفی‌و کۆمەڵایـەتی‌و ئامانجە پەروەردەییـــەکان ببەسترێـــت و دواڕۆژی کــردراری پـــەروەردەو فیـێرکردن لـە کوردسـتاندا دیـاری بکرێـت و سیاسـەتی نوێـێ پـــەروەردەو فیـــێرکردنی تیـــێدا دابڕیـــێژرێـــت. بـــەر لـــە بەســـتنی ئەم کۆنگرەیەو داڕشتنەوەی ئامانجە پەروەردییەکان دەبێت ڕێگە نەدرێت هیچ دەسـگایەکی پەروەردە، هـیچ قـوتابخانەیەک، هیچ

کەسێک وەک تاک یان وەک نوێنەری لایەنێک، هیچ جۆرە سیاسەتێک، هەر لە دروشمەوە تا بەرنامە بەسەر قوتابخانەکان و خوێندکاراندا بسەپێنێ. لەم رووەوە هەندێ دیاردە دەستنیشان دەکەم. ئەم دیاردانە ئیمڕۆ لە قوتابخانەکاندا سەریان هەڵداوەو بە پێوانە زانستییەکان و بەپێی پرنسیپە دیموکراتییەکانی بواری پەروەردەو فێرکردن راست و دروست نایەنەوە.

أ- خوێندنی بەشێک لە مێژووی کورد، یان جوگرافیای کوردستان، یان مێژووی شۆڕشەکان و هەندێک جار مێژووی لایەنێکی سیاسیی و رۆڵی سەرکردە نەتەوەییەکان.

ئەم خوێندنە، بێ بەرنامەیە، دەسگایەکی پەروەردەیی داینەناوە، هەر مامۆستایە زانیاری شەخسی خۆی بە خوێندکاران دەگەیەنێ. ئەم هەڵوێستە تاکییە دەبێتە مایەی پاشاگەردانیو پەرەوازەیی زانیارییەکان و ئاڕاستەکردنی جۆراوجۆر. بۆیە دەبێت قەدەغە بکرێت و ئەرکی گۆڕانکاریی بەرنامەکان و داڕشتنەوەیان و بڕیاردانی ئەو زانیارییانەی لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا دەبێ بخوێندرێن، دەکەوێتە ئەستۆی چەند دەسگایەکی پسپۆڕ کە بۆ ئەم مەبەستە دەبێت بهێنرێنە کایەوە.

ب- ئەوەی لە خاڵی سەرەوەدا لێی دواین، دەشێت بۆ هەندێ لەو سروودانەش راست بێت کە ئیمڕۆ لە قوتابخانەکاندا فێری خوێندکاران دەکرێن.

سروودەکان کۆمەڵێک ئامانجیان پێوەدی دەهێنرێت. مەبەست لە سروودەکان هەر ئەوە نییە جێگرێکی سروودە رەگەز پەرستییەکانی سەردەمی کۆن بن، بەڵکو سروودەکان رۆڵی ئەدەبیو پێگەیاندنی چەشەی هونەریو ئامانجی پەروەردەییشیان هەیە. ئەمە جگە لەوەی هێشتا ئەڵتەرناتیڤی

پەروەردەیی لە کوردستاندا بڕیاری لەسەر نەدراوە. واتە ئایا چ شێوە پەروەردەیەك بۆ دواڕۆژی پێگەیاندنی نەوەکان هەڵدەبژێردرێت بەلایەکدا نەکەوتووە. ئایا پەروەردەی نەتەوایەتی ئەڵتەرناتیڤی پەروەردەی کۆن دەبێت؟ ئایا پەروەردەی دیموکراسی ئەو ئەڵتەرناتیڤە دەبێت؟ یان پەروەردەی سۆسیالیستی؟ هیچ کام لەم ئەڵتەرناتیڤانە نەبۆتە ڕێڕەوی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن تا بەو پێیە بەرنامەکانی خوێندن و لە نێو بەرنامەکاندا سرووودەکانیش- وەك نموونەیەکی بەرچاو- ئاراستە بکرێن و خوێندکارەکانی پێ گۆش بکرێن.

ج- پەیوەست بەو دوو خاڵەی سەرەوە، مەسەلەی ئاراستەکردنی سیاسی دێتە پێشەوە. ئایا ئاراستەکردنی سیاسی دەبێتە بەشێك لە سیستەمی پەروەردە؟ ئایا نیازی ئەوە هەیە، وەکوو سیاسەتی ڕژێم، ئاراستەی خوێندکاران بەرەو وەرگرتنی ئایدیای حزبی دەسەڵاتدار بکرێت؟ بە واتایەکی دیکە، ئایا نیازی ئەوە هەیە، وەکوو ڕژێم، هەوڵی شتنەوەی مێشکی خوێندکاران بدرێت و کەسایەتی تایبەتی و توانای بڕیاردانی سەربەخۆیان لێ زەوت بکرێت؟

لە ساڵانی بەر لە ڕاپەڕیندا سیاسەتی پەروەردەیی بەرەو ئەم ئامانجە، ئامانجی لەقاڵبدانی خوێندکاران و شتنەوەی مێشکیان ئاراستە دەکرا. هەموو ڕۆژێك، هەر لە ڕیزکردنی سەرەتای دەستپێکردنی قوتابخانەوە تا گشت چالاکییە وەرزشیو هونەرییەکان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرابوون. هەر لە بەیانییەوە بە دروشمەکانی حزبی دەسەڵاتدارو ستایشی ((سەرکردە))و مارشی عەسکەریو تەقە گوێی خوێندکاران قانگ دەدرا. ڕۆژانە تەڵقینی خوێندکاران بە ئایدیای ڕەگەز پەرستانە دەکرا.

ئەگەر ئەم سیاسەتە مایەی بێزارییەو دەستێوەردانی

پەروەردەی راستەقینەی خوێندکارانە، ئەگەر ئەم سیاسەتە بە پێچەوانەی پرنسیپەکانی پەروەردەیەکی زانستییە، ئەوا دەبێت هەر لێکچوون و لاسایی‌کردنەوەیەك لەم بوارەدا رەت بکرێتەوەو بناغەی پەروەردەیەکی زانستی بۆ خوێندکاران دابنرێت و بەو هەڵەیەدا نەچینەوەو خواستی خودی‌و کاردانەوەی کارە ناپەسەندەکانی رژیم نەبێتە هۆکاری سیاسەتێکی پەروەردەیی کە لە بنچینەداو لە رووی بونیادەوە دەقاودەقی سیاسەتی پەروەردەیی رژێم بێت.

## ٤) کارکردن بە مەبەستی راگەیاندن:

یەکێك لە شێوازو ئامانجەکانی کارکردن لە هەموو مەیدانێکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیریی سەردەمی رژێمدا پروپاگەندەو راگەیاندن بوو. هەموو دەسگاکانی رژێم بەدوای خۆدەرخستن و خۆ بردنەپێشەوەو دەسکەوتی کاتییەوە بوون. بە مەبەستی راگەیاندن و نیشاندانێکی درۆیانەی ((بۆ پێشەوەچوون))و ((سەرکەوتن)) کار دەکرا. دەسگاکانی خوارەوە راستییەکانیان لە دەسگاکانی سەرەوە دەشاردەوەو هەموو کارێکی خۆیان بە نموونەیی‌و چاك پێش چاوان دەخست. دەسگاکانی هەرە باڵاش لە سەرەوە پێیان لە کەموکووڕییەکان دەخشاند. تەنها مەبەستیان بوو روخساری سیستەمەکەیان بە نموونەیی‌و سەرکەوتوو دەربخەن. ئەم سیاسەتە دیماگۆگییە بواری پەروەردەو فێرکردنیشی گرتبووەوە. هەر لە هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەوارییەوە تا سەر خوێندنی باڵا لە زانکۆکاندا بە شێوەیەکی دیماگۆگییانە دەکرانە کاری نموونەیی‌و بێوێنە. پاداشت و بەرزکردنەوەی پلەی هەڵسووڕاوانی پەروەردە لەسەر بنچینەی ئەم راگەیاندنە

درۆزنانەیە دەدران و دەكران. بۆ پەردەپۆش كردنی ئەم سیاسەتە ئامارییان دەكردو بەگوتەی خۆیان گوایا ژمارەكانیان بە گۆ دەهێنا، تا چۆنایەتی ((دەسكەوتەكانیان)) بخەنە روو! هەمیشە چۆنایەتی كرداری پەروەردەو فێركردنیان دەكردە قوربانی چەندایەتی. لە سەرەوە بۆ خوارەوە، لە خوارەوەش بۆ سەرەوە، یەك یەكی دەخەڵەتاندو درۆیان لەگەڵ یەكدی دەكرد. ئەنجامی ئەم كاری راگەیاندن و پڕوپاگەندە ساختەیەش تیاچوونی كرداری پەروەردەو فێركردن و دابەزینی ئاستی زانست بوو لە هەموو قۆناغەكانی خوێندندا، بە شێوەیەك مێژووی پەروەردەو فێركردن لە عێراقدا هەرگیز بەخۆیەوە نەدیبوو.

لایەنێكی بەرچاوو دیاری ئەم سیاسەتە بایەخدان بوو بە هەندێ چالاكیو جموجۆڵی بەناو پەروەردەییو لە ناوەڕۆكدا پڕوپووچ و بێئامانجی پەروەردەیی؛ تەنانەت تۆژینەوەی زانستیش لەم سیاسەتە بێبەش نەبوو. ئاكام توێژێكی مێمڵ بەسەر جەستەی كرداری پەروەردەوە پێگەیشتن و چارەنووسی پەروەردەیان لە كونجی ئامانجە سیاسییە رەگەزپەرستانەكەی رژێم توند كرد.

چالاكییە هونەرییەكان، چالاكییە وەرزشییەكان، چالاكییەكانی دیكەی قوتابخانە، تەڵقینی ئامانج و ئایدیای حزبی دەسەڵاتدار، كاروباری رۆتینیو بیرۆكراتی لق و بەشە ئیداریو هونەرییەكانی دەسگای پەروەردە، روخساری راستەقینەی سیستەمی پەروەردەی دەنەخشاند.

ئەم سیاسەتە تا ئێستاش بەردەوامە. گەرچی وا نزیكەی دوو ساڵ بەسەر راپەڕینی بەهاری ١٩٩١دا تێدەپەڕێ و بارودۆخێكی سیاسی نوێ لە كایەدایە، بەڵام دیمانەی هیچ گۆڕانكارییەك لەم رووەوە دیار نییە.

لە هەلومەرجی دوای راپەڕینەوە تا ئیمڕۆ، دەسگاکانی پەروەردە بە هەمان شێواز لە کاردان و بە هەمان ئەقڵییەت و لۆژیکەوە رەفتار دەکەن. جیاوازییەکی گەورەو فراوان لە نێوان بانگاشەی لێپرسراوان و واقیعی شپرزەییو ئەو ئاڵۆزکاوییەی کاروباری دەسگاکانی پەروەردەو سەرجەم کرداری پەروەردەو فێرکردنی تێکەوتووە، هەیە. ئەوەی لە دەمی لێپرسراوانی پەروەردەوە دەبیستریێن یان لە دەسگاکانی راگەیاندندا باس دەکرێن لە زەمینەی واقیعدا هەر شێوازو ئەقڵ و لۆژیکی ئاخاوتن و راگەیاندنی سەردەمی پێشووە.

ئەم شێوازی بایەخدانە بە راگەیاندن و دیزە بەدەرخۆنە کردنی قەیرانە پەروەردەییەکان، کرداری پەروەردەو فێرکردنی لە شوێنی خۆیدا چەقاندووە، چونکە کاروبارە رۆتینییەکان، دەستکاریکردنی رووکەش لە ئاستی قووڵی کێشەکەدا بێتوانان و هەر دەبێت دەسگاکانی پەروەردە ئەمڕۆ بە سبەی کات بەسەر ببەن.

بۆ ئەوەی لەم شێوازی راگەیاندن و مەبەستی پڕوپاگەندەکردنە بەرجەستەتر بدوێم، تەنها بە کورتی چەند نموونەیەك دەهێنمەوە، بە هیوای ئەوەی لە دەرفەتێکی دیکەدا بەسەریان بکەمەوەو ئەم سەرەتایە کلیلی کردنەوەی مشتومڕێکی زانستی و پەروەردەیی بێت.

أ- پێشبڕکێی نێوان قوتابخانەکان لە کردنەوەی پێشانگاکانی وێنەو ئیشی دەستدا، رازاندنەوەی قوتابخانەکان، خەریك بوونی ئیدارەو مامۆستایان و خوێندکاران پێوەی لەسەر حسابی دەرسەکان؛ پاشان بانگکردنی لێپرسراوانی رەسمی و حزبی بۆ ئامادە بوون و ئاهەنگی کردنەوەی پێشانگاکان، مەراسیمی ئاهەنگ و خۆ گۆڕین و ئامادەکردنی خوێندکاران بۆ سروودو گۆرانی گوتن لە کاتی پێشوازی لێپرسراواندا،

رازاندنەوەی مێزی خواردن و وێنەی تەلەفزیۆنی گرتن...هتد.

ب- نووسین لەسەر دیواری قوتابخانەو رازاندنەوەی بە دروشمی جیاجیاو هەڵواسینی کاغەزو نایلۆنی رەنگاورەنگ و...هتد.

ج- کۆبوونەوە رۆتینییەکانی ئەنجوومەنی باوکان و دایکان و مامۆستایان لە قوتابخانەکاندا هەر بەردەوامە. شێوازی کۆبوونەوەکان، شێوەی قسەکردنی بەڕێوەبەریتی قوتابخانەکان لەم کۆبوونەوانەدا، جۆری پرسیاری دایکان و باوکان.....هتد، هەروەکوو سالانی رابردوو بەڕێوە دەچێت؛ لە کاتێکدا بۆ کەسانێکی پەروەردەیی شاراوە نییە، کەئەم تاقیکردنەوە چەوت خوازراوو جێبەجێکراوە، هەر لەگەڵ لەدایکبوونیدا دوای شۆڕشی چواردەی تەموز، گیانی لەدەست داوە.

د- کردنەوەی کۆرسێکی خوێندن بۆ ئەو مامۆستایانەی ئیمساڵ بڕیاری دامەزراندنیان دراوە لەسلێمانی بە پارەی رێکخراوی (یونسیف) و هەڵسوڕانی لێپرسراوان و کارمەندانی بەشی ئامادەکردن و راهێنان لە پەروەردەی سلێمانی؛ هەروەها کردنەوەی سێ کۆرسی ئاسایی بەلام پڕ کەموکوڕی لەشاری(رانیە) بەپارەی لایەنێکی سیاسیو سەرپەرشتیی هەمان بەشی ناوبراو، بەبێ ئەوەی هیچ یەکێك لەم کۆرسانە بەپێی پرنسیپە زانستییەکانی راهێنان، بەتایبەتی پرنسیپی پێداویستییەکانی راهێنان (الحاجات التدريبية) بەهانەی کردنەوەیان هەبێت یان تەنانەت ئەو ئامانجانەش وەدەست بهێنن کەبەر لەکۆرسەکان دانرابوون و گوایا بۆ ئەو مەبەستە دەکرێنەوە. لەکاتێکدا تێڕوانینێکی گشتیو ورد وەهای دەخواست ئەو پارانە بدرێنە دەسەلاتیرەسمیی بالا لەوەزارەتی پەروەردە تابەپێی پێداویستییە راستەقینەکانی راهێنان و لەنێوان

پلانێکی زانستیو سەرتاپاگیردا خەرجیان بکات.

هـ- ئەم شێوازی کارکردنە بە مەبەستی راگەیاندن و پروپاگەندەو گوایا (تحدي) رژێم، رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە پەلە پەل و هەڵپەی کردنەوەی زانکۆ لە سلێمانی و دهۆکدا.

دیارە قسە لەسەر مەسەلەی بایەخی زانکۆ، وەك دیاردەیەکی ژیاری و مەڵبەندێکی زانستی و رۆشنبیری، نییە، بەڵکو قسە لەسەر گەلێك لایەنی دیکەیە، لەوانە:-

- پەیوەندی کردنەوەی هەردوو زانکۆکە بەسەرجەمی بارودۆخی ئیمڕۆی کوردستانەوە.

- رادەی دابینکردنی هەل و مەرجەکانی زانکۆیەکی هاوچەرخ.

- رادەی گونجانی راستەقینەی ئەو کۆلێجانەی کراونەتەوە لەگەڵ پێداویستییە زانستییەکاندا.

- ئەو کۆلێجانە تاچ رادەیەك لەگەڵ پێداویستییەکانی گەشەسەندنی داهاتووی ئابووری لە کوردستاندا دەگونجێن.

- جیٚو شوێنی دەرچووانی ئەم کۆلێجانە پاش چوار ساڵ لەکاری بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاریدا.

## پێداویستیی گۆڕانکاریی بنەڕەتی

بۆ ئەوەی دەستکاریی رووکەش جێی گۆڕانکاریی بنەڕەتی نەگرێتەوە، بۆ ئەوەی کرداری پەروەردەو فێرکردن بەرپێچکەی پەروەردەی پێشوودا نەبرێتەوە، بۆ ئەوەی ریفۆرم پەنجەی کاری شۆڕشگێڕانە نەبرێتەوە، پێویستە بەتەواوی دامودەسگای بیرۆکراتی پەروەردەی سەردەمی رژێم لەبەر یەك هەڵوەشێنرێت و ئیدارەیەکی پەروەردەیی دیموکراتی و بە ڕاستی نوێ لە شوێنی دابمەزرێنرێت کەتوانای بەسەر بەرپاکردنی گۆڕانکارییەکی شۆڕشگێڕانەی هەمەلایەنەو بنەڕەتی، لەم بوارەدا

پەروەردەییانەدا، بشکێت:

– فەلسەفەی کۆمەڵایەتی پەروەردەو فێرکردن.

– ئامانجە پەروەردەییەکان لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا.

– بەرنامەکانی خوێندن لەهەموو قۆناغەکانی خوێندندا.

– رەنگڕشتن و پلانی پەروەردەیی.

– رێگاکانی وانە گوتنەوە.

– شێوەکانی تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندن.

– هۆیەکانی فێرکردن.

– شێوازو بەرنامەی پێگەیاندنی مامۆستایان و راهێنانی بەردەوامیان دوای دەرچوون.

– شێوازو بەرنامەی پێگەیاندنی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی– وەك کارێکی پسپۆڕی– لەهەموو قۆناغەکانی خوێندندا.

– چالاکییە جیاجیاکانی قوتابخانە.

– پەیوەندی قوتابخانە بەخێزانی قوتابیان و دەوروبەرو دامودەسگاکانی گەشەکردنی ئابوورییەوە........هتد.

هەریەکێك لەم بوارە پەروەردەییانە شایانی چەندین تۆژینەوەی زانستیو مشتومڕی بەربڵاوی پسپۆڕانی پەروەردەییو دەسگاکانی راگەیاندنە بەهاوکاریو هاوبەشیکردنی فراوانی کۆمەڵانی خەڵك تابەردی بناغەی بینایەکی پەروەردەیی نوێ لەسەر بنەمایەکی پتەو دابمەزرێت و، شانبەشانی هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیان، کرداری پەروەردەو فێرکردن رەوتێکی تەواو نوێ بگرێت و گۆڕانکاریی شۆڕش، نەك دەستکارییو ریفۆرم، جێی سیستەمی پەرەوەردەیی داگیرکەران بگرنەوە.

## بەشی دووەم

# لە بابەت
# پەرەپێدانی بەرنامەکانی
# خوێندنەوە

کاتێك دەسەڵاتێکی سیاسی هەرەس دەهێنێت و دەسەڵاتێکی سیاسی نوێ جێی دەگرێتەوە؛ پێبەپێی چۆنایەتی پێکهاتنی چینایەتی دەسەڵاتی سیاسی کۆن و نوێ روخساری سیاسی وولات ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت. دووچینی دژ بەیەك، دوو توێژی خواروو ژووری یەك چین، دوو چەمکی نەتەوایەتی جیاواز؛ دووئاستی لەیەك جودای گۆڕانکاریی و دوو رەوتی جیای سەر دووڕیانێك دەسازێنن. دوو سیاسەتی چینایەتی بەرامبەر یەك و، دوو سیاسەتی نەتەوایەتی ناکۆك دەخولقێنن.

بەم لێکدانەوەیە گۆڕانکاریی سیاسی، گەورە بێت یان بچووك، گشتیو فراوان و هەمە لایەنە بێت یان تایبەتیو بەرتەسك و بەش بەش، هێندەی قەوارە و مەودای خۆی لە باری گوزەران و لایەنە هەمە جۆرەکانی ژیانی کۆمەڵدا رەنگدەداتەوە.

گۆڕانکاریی سیاسی ئەگەر بنەڕەتیش نەبێت، ئەگەر کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی چینێك و سەرهەڵدانی دەسەڵاتی چینێکی نوێش نەبێت؛ تەنانەت بەسەرچوونی دەسەڵاتی توێژێکی کۆمەڵایەتی و هاتنە کایەی توێژێکی دیکەی هەمان چین بێت؛ ئەوا گۆڕانکاریی لەگەڵێك لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بۆ دەسەڵاتی نوێ پێویستییەکی چارەنووسساز دەبێت. مانەوەو جێگیربوونی دەسەڵاتی نوێ بەو گۆڕانکارییانەوە دەبەسترێتەوە.

ئەگەر ئەم راستییە یاسایەکی گشتیی گۆڕانکاریی لە دەسەڵاتی سیاسیدا بێت، ئەوا بۆ وڵاتێکی فرە نەتەوەی وەك عێراق، کە دەسەڵاتی سیاسی نەتەوەی سەردەست سیاسەتێکی شۆڤێنیستی پەیڕەو کردبێت و لە هەلومەرجێکی سیاسی لەباردا،

ئەم دەسەڵاتە، لەلایەن نەتەوەی ژێردەستەوە، ڕامالْرابێت و چینی باڵادەستی نەتەوەی ژێر دەست دەسەڵاتی خۆی پێکهێنابێت و ئازادیی داڕشتنەوەی پەیکەری سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی بەدەست هێنابێت، ئەم یاسایەی گۆڕانکاریی بەرجەستەتر دەبێت و گۆڕانکاریی هەمەگیری ژیانی نەتەوەی ژێر دەست ئەرکی ژیانسازی خودی ئەم دەسەڵاتە سیاسییە نوێیە دەبێت. هەروەها گۆڕانکاریی سەرتاپاگیری کۆمەڵایەتی، وەك پێداویستییەکی مێژوویی، دەبێتە خولیای کەسانی پێشڕەوو هوشیارو، هۆکارو مایەی وورژاندنی هەستی بەپرسیارێتییان بەرامبەر چۆنایەتی گۆڕانکارییەکە دەبێت.

ئەم ڕاستییە، بە تەواوی، بەسەر بارودۆخی ئیمڕۆی کوردستانی باشووردا دەچەسپێت و ئەرکی پەرەپێدانی بوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردستانی کردووەتە ئەرکێکی بەپەلەو خستوویەتییە گرەوی پاکتاوکردنی ئاسەواری ڕژێمی شۆڤینزمی عێراق و ڕادەی شیاویی دەسەڵاتی نوێی کوردستان. شیاویی ئەم دەسەڵاتە سیاسییە بەڕادەی سەرکەوتن و بەئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکانە لە سەنگی محەك دەدرێت.

دیارە ئەو گۆڕانکارییو پەرەپێدانە ئەزموونێکی نوێیەو شێوازی نوێی گەرەکە. دەسەڵاتی نوێ لەم ڕووەوە ئەزموونێکی تایبەتی نییە سەبارەت بەوەی ئەرکەکانی پێشووی پتر سیاسیو سەربازیی بوون. بۆیە دەشێت کەم ئەزموونیی یان هەر نەبوونی ئەزموون هۆکاری لادان و پەیڕەو نەکردنی زانستییانەی پەرەپێدان بێت. دەشێت شێوازو لۆژیکی کارکردنی سەردەمی ڕژێم لە ڕێی توخمە مرۆییەکانی ئەو سەردەمەوە، واتە داڕودەستەی ڕژێم لەنێو دەسگاکانداو لەنێویاندا دەسگای

پەروەردە، کە جێ مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە، بۆ ناوخودی کرداری پەروەردە دزە بکەن و سەرە ڕێگەی پەرەپێدان بگرن و چەواشەیی لەم کردارەدا بخەنەوەو شوێنی شێوازی زانستیو ئەزموونی بەبەهای وولاتانی دیکەی جیهان بگرنەوە.

پەرەپێدانی بەرنامەکانی خوێندن بە یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی گۆڕانکاریی بنەڕەتیی کۆمەڵگا دەژمێردرێت. پەرەپێدانی بەرنامەکان تەوەرەو ناوەندی پەرەپێدانی کرداری پەروەردەو فێرکردنە. پەرەپێدانی پەروەردەو فێرکردنیش کۆڵەکەیەکی بیناى سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایە. لەبەر ئەوە هەر کەمتەرخەمییەك لەم بارەیەوە، هەر کارێکی لە خۆڕاو سەرپێیی و بێ سەروبەرو بەرەڵڵا لەم رووەوە روو بدا، مۆرکی خۆی بۆ چەندین ساڵ بە تەوێڵی سیستەمی پەروەردەو فێرکردنەوە دەنێت. چاکترین ئامرازێکیش بەمەبەستی ئەوەی شێوازی چەوت و دەستکاریکردنی رووکەش بەربەست بکات، زانین و شارەزابوونی بنچینە زانستییەکانی پەرەپێدانی بەرنامەکان و چۆنیەتی پەیڕەوی کردنیانە.

لەم بڕوایەوە بانگەوازی پەرەپێدانی شۆڕشگێڕانەی بەرنامەکانی خوێندن بە گوێی دەسەڵاتی سیاسی کوردستان و رای گشتی جەماوەرو مامۆستایانی هاوپیشەمدا دەدەم. با گوێ بۆ یەکدی رادێرین. با زانست سەرپشکی راستیو پتەوی هەنگاوەکان بێت. با ڕێڕەوی زانست بگرین و لاساییکردنەوەی کوێرانەو کۆنەپارێزیو خەرافیات و بیرو بڕواو لۆژیکی پووچەڵ و نابووت و گەندەڵی شۆڤێنیستی فاشستەکان لەگۆڕ بهاوین و ژیانێکی نوێ بۆ نەوەکانی دواڕۆژی ئەم گەلە ستەمدیدەیە بسازێنین.

زۆرجـار ئـەو زاراوانـەی بـۆ مەبەسـتی پێـناسەکردنی قۆناغێـك یـان پرۆسێـسی گواسـتنەوە لەبارێـکەوە بـۆ بارێـکی پێشکەوتووتـر بەکاردەهێنرێـت لەگەڵ یـەکدی تێـکەڵ دەکرێـن، زۆر جاریش بـەکار ناهێنرێـن و وەك هاوتـای یـەکدی تاووتوویـان پێ دەکرێت؛ لەوانە زاراوەکانی: چاککردن، گۆڕین، پەرەپێدان و گەشەسەندنن.

هەندێـك لـەم زاراوانـە کردارێـك دەستنیشـان دەکـەن. دەشێت پرۆسێسی کردارێکیان لە کردارێکی دیکەیانەوە نزیـك بێـت، یـان نـاوەرۆکی کردارێکیان نـاوەرۆکی کردارێـك یـان چەند کردارێك لە خۆیدا کۆبکاتەوە.

بەکارهێنانی ئەم زاراوانە وەك چەمکی زانستیو پراکتیکی لە هەلومـەرجی وەرچـەرخاندنێکی سیاسـیی کاریگـەردا ناسـنامەی بەکار هێنەران و فەلسەفەی ژیانیان دەردەخات.

کردارەکـان بەشـێوەیەکی ئاسـۆیی درێـژو پـان ببنـەوە یـان پراکتیکـی چەمکـە زانسـتییەکان بەشـێوەیەکی سـتوونی قـووڵ ببنەوە، ئاسۆو چۆنایەتی ئەو گواستنەوە ژیارییە دیاری دەکەن. لەبەرئـەوە دەبێت سـەرەتا چەمك و کردارێکیـان هـەڵبژێردرێت تا لەبەرتیشـکی ئـەو چەمکـەدا پراکتیکـی کـرداری گواسـتنەوەی ژیـاریی کۆمـەڵگا دەستنیشـان بکرێـت. ئـەم هەڵبژاردەکارییـە کارێکی خودی نییـە هـەر لـەخۆڕا بسـەپێنرێت بـەڵکو بارودۆخی واقیعـی و بابـەتیی کۆمـەڵگا بڕیـاری دەدات. جەمسـەرێکی ئـەم بڕیاردانـە بەروانگـەی ئـەقڵی سـیاسـی دەسـەڵاتـدارو توانـاییـە مـاددیو مرۆییـەکـانی ئـەو بـوارەو پسـپۆڕیی هەڵسوڕاوەکانیەوە بەندە.

لەئاستی کرداری پەروەردەو فێرکردندا، چۆنیەتی مامەڵەکردن لەتەك بەرنامەکانی خوێندندا، پێوانەی ئەقڵی سیاسیو کارامەیی دەسەڵاتی پەروەردەیی و رادەی تێگەیشتنی ژیاریی ئەم دەسەڵاتە دەبێت.

بەرنامـــەکانی خوێنـــدن ئاســـتی پـــەروەردەو فـــێرکردن بەرجەســـتە دەکـەن و هیـچ بـازدانێکی ژیـاریی بـێ ژیـاریبوونی بەرنامـەکان و سـەرتاپای پـەروەردە نـادرێت، ئـەو ژیاریبوونـەش پێویـستیی بـە پەرەپێدانیـێکی فراوان هەیە لەم کایەیەدا، ئەمـە ئـــەو خـــاڵی وەرچەرخاندنەیـــە کـــە کۆمـــەڵگای کوردســـتانی باشوور هەڵویستەی تێدا کردووەو لەوێوە هەنگاو هەڵدەنێ.

کۆمـــەڵگای کوردســـتانی باشـــوور، بەپیـــێی بـــارودۆخی واقیعـیو بابـەتیی ئیـمرۆ، پیـویستی بـە پەرەپیـێدان هەیـە. پـــەرەپێدان، گۆڕیـــن و گەشەســـەندن لـــە خۆیـــدا کۆدەکاتـــەوەو سنووری چاککردن دەبەزێنێ. پەرەپیێدان گۆڕینێکی هوشیارانەو گەشەسەندنیێکی بەرچاو روون بەرپا دەکات و لە بازنەی تەنگی چـــاککردن دەچیـــتە دەرەوەو لـــە گۆڕەپانیـــێکی بەربڵاوتـــردا چالاکی دەنوینێو ئاسۆیەکی فراوانتـرو گەشەدارتـر لە ئامیـز دەگرێت.

چاککردن وەك چەمکیێك بریتییە لە گۆڕینی هەندێ دیاردەو رواڵـەتیدیاریکراوی پـەرەوازە لـە جەسـتەی سیسـتەمەکەدا. چـاککردن چەمکـە بنەڕەتییـەکانی سیسـتەمی پـەروەردەو بەرنامەکانی خوێندنی سەردەمی رابردوو ناگرێتەوە، بەڵکو ئەو لایەنە بنچینەییانەی سیستەمی پیشووی پەروەردەو فیێرکردن و بنەماکانی بەرنامەی خوێندن دەهیـڵێتەوەو دەستکاریکردنیێکی رووکەش دەهێنیـتەکایەوە. گۆڕینی پـەڕاوەکان، خستنە سـەرو لابردنی هەندێ بابەت لە پەڕاوەکاندا، سەرلەنوێ ریێکخستنەوەی

زنجیرەی لۆژیکی لە خستنەڕووی زانیارییەکاندا، گرنگترین کاریکن کە بە شێوازی چاککردن بێنە دی. دیارە ئەم شێوازە ماندووبوونێکی ئەوتۆی گەرەك نابێت. کارەکە تەنها بە هەندێك ڕێوشوێنی ڕۆتینی و سواو کۆتایی دێت. باشترین نموونەی ئەم شێوازی کارکردنە پێکهێنانی لیژنەکانی دانان و گۆڕین و وەرگێڕانی پەڕاوەکانە. ئەم لیژنانە بەپێی پێداویستیو بۆ جێبەجێکردنی خواست و داواو مەبەستی دەسگای دەسەلاتداریێتی سیاسی یان پەروەردەیی بۆ دەستکاریکردنی ڕووکەشی پەڕاوەکان پێکدەهێنرێن و ئەرکەکانیان لەگەڵ بەچاپ گەیاندن و بلاوکردنەوەی پەڕاوەکاندا تەواو دەبن.

چەمکی گۆڕین فراوانترە لە چاککردن و بەرتەنگترە لە پەرەپێدان. ئەم چەمکە ئامانجەکان و ئامرازەکان دەگرێتەوە. ئەم شێوازە، پشت بەستوو بەهەستی پێداویستی گۆڕین لەئامانجەکاندا، پەیڕەو دەکرێت.زۆرجار ئەم گۆڕینە بەشێکی گرنگی بەرنامەکان دەگرێتەوە بەڵام هەمەگیر نابێت و ئەو سنوورانە تێناپەڕێنێ کە سیستەمە پەروەردەییەکە دیاری کردوون. بۆیە زۆر ئاساییە گۆڕین بەئاستیپەرەپێدان نەگات. بۆ نموونە: ئەگەر ئامانجێکی پەروەردەیی وەك ((پێگەیاندنی کەسایەتییەکی دیموکرات یان سۆسیالیست لە کۆمەڵگای کوردستاندا )) بخرێتە ریزی ئامانجەکانی دیکەوە بە نیازی پەروەردەکردنی مرۆڤی کۆمەڵگایەکی نوێ، ئەم ئامانجە، بەڕووتی و بە جیا لە سەرجەمی سیستەمی سیاسیو کۆمەڵایەتی، بەو پێیەش بەجیا لە گشت سیستەمی پەروەردەو فێرکردن بەدی نایەت. گۆڕانکاریی بەتەنها لە پڕۆسێسی بەدیهێنانی ئەم ئامانجەدا ڕوو نادات و پڕۆسێسەکە گەشە ناکات تا بەپلەی پەرەپێدان بگات. هەر بەم جۆرە دەکرێت دەیان ئامانجی نوێ

دابڕێژرێن و ئامرازەکانیشیان بۆ دابین بکرێت، بەڵام بە سنووری باڵای خۆی، کە پەرە پێدانی پەروەردەییە، نەگات. هەر سیستەمی بەعس خۆی چەندین ئامانجی وەك: بیرکردنەوەی زانستی، سەربەخۆیی کەسایەتی مرۆڤ و رێزلێنانی کاری جەستەیی و...هتد، لەناو ئامانجە پەروەردەییەکان هاویشتبوو، بەڵام بەدرێژی ماوەی چارەکە سەدەیەك ئەوەندەی تۆزقاڵێکیشی پیٚوەدینەهات و نەیتوانی پەرەپێدانی پەروەردەیی لە عێراقدا بەرپا بکات.

ئیمڕۆ کوردستان لەبواری پەروەردەو فێرکردندا پێویستیی بە کرداری پەرەپیێدانە. بۆ ئەم پەرەپیێدانە، نە چاککردن و نە گۆڕینی پچڕپچڕو کورت و کوێر بەکەڵکی نایەت. پەرەپیێدانی بەرنامەکانی خوێندن، چاککردن و گۆڕین و گەشەسەندنی سەرتاپاگیری کرداری پەروەردەو فێرکردن، دەستەبەر دەکات.

ئەگەر چەمکی زانستییانەی پەرەپێدان بسەلمێنین. گۆڕین و چاککردن و گەشەسەندنی پەروەردەیی لە ناواخنی کرداری پەرەپێداندا بەدی بکەین، ئەوا دەبێت قسە لە ریفۆرم و پینەکردن نەکرێت و کاری شۆڕشگێڕانە لە پەرەپێداندا ببینرێو بە شێوەیەکی سیستەماتیك بە ئەنجام بگەیەنرێ.

بەم جۆرە پەرەپێدان و کاری شۆڕشگێڕانە تێهەڵکێشی یەکدی دەبن. ئاراستەی گۆڕانکاریی بنەڕەتیی گۆڕەپانی پەروەردەو فێرکردن دەکەن و بەرئەنجامەکەشی بەرنامەیەکی شێوە نوێی خوێندنی لێ دەڕسکێ. بۆیە پەرەپێدان بە چەمکە زانستییەکەی، نەك هەر لە چەمکی بەرنامەی شێوە نوێ جیانابێتەوە، بەڵکو پەرەپێدان لەگەڵ شێوەی نوێی بەرنامەکاندا جووت دەوەستێتەوە.

بەرنامەکانی خوێندن دوو چەمکیان هەیە. چەمکێکی کۆن و چەمکێکی نوێ. چەمکی کۆن لەو شێوە باوەی تێگەیشتنی بەرنامەدا زەق دەبێتەوە، کە جیاوازی نێوان بەرنامەو پەڕاوەکانی خوێندن ناکات. بەو پێیە چەمکی کۆن بەرنامە بەبابەتی نێو پەڕاوەکان تێدەگات و پەڕاوەکانی خوێندن بە بەرنامە دەزانێت، ئەرکی مامۆستاو قوتابخانەش لە تەوەرەی پەڕاوەکانی خوێندندا دەبینێت. لەم شێوە کۆنەدا، خوێندکار(قوتابی) و مامۆستاو کارگێڕو سەرپەرشتیارو بینای خوێندنگا و یاساو پەیڕەوو ئامۆژگاریو ڕێنمایی دەسگا پەروەردەییەکان و تەواوی دەسگا جۆراوجۆرەکانی سیستەمی پەروەردەیی، بۆ خوێندن و تەواوکردن و تێگەیشتن و لەبەرکردنی پەڕاوەکانی خوێندن، تەرخانن. توخمی ئیجابی و هەڵسووڕاو مامۆستایەو توخمی

سەلبی و گوێگرو سست و خاو خوێندکارە.

چەمکی نوێی بەرنامە راستەوراست بەپێچەوانەی چەمکە کۆنەکەوەیە. بەرنامە بەپێی ئەم چەمکە نوێیە بریتییە لەو زانیاریو کارامەییو شارەزاییو چالاکییانەی خوێندنگا لەژێر چاوەدێری خۆیدا پێشکەشی خوێندکارانی دەکات و دەبنە مایەی گەشەکردنی تەواوو هەمەلایەنەیان. بەرنامە لەم چەمکە نوێیەدا مەودایەکی ئیجگار فراوانی هەیە، هەر لە دەستنیشان کردنی ئامانجەکانەوە تا کرداری هەڵسەنگاندنی بەرنامەکان دەگرێتەوە. لەم چەمکەدا پەراوی خوێندن تەنها بەشێکی بچووک و ئامرازێکی بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەرنامەیە. کەواتە پەیوەندی نێوانی پەڕاوو بەرنامە پەیوەندی چڵ بە لق و تایبەت بە گشتەوە دەبێت. بەرنامە لەم شێوە تێگەیشتنەدا هەمەلایەنەیە، ئامانج و بابەت و ئامرازو هەڵسەنگاندن و پەرەپێدانی هەیە. هەروەها پرۆسێسی تایبەتی هەیە. ئەم پرۆسێسە بە بەرنامەرێژیی دەست پێدەکات و، بە قۆناغی جێبەجێکردندا دەڕوات و، بە چنینەوەی بەرهەمەکەی کۆتایی دێت و، پاش هەڵسەنگاندن نوێ دەبێتەوەو لە ئاستێکی بالاتردا پرۆسێسەکە دەست پێدەکاتەوە، سەرەڕای ئەوەش کردارێکی بەربلاوی گشتییەو هەموو ئەو ئەرکانەی خوێندنگا دەگرێتەوە کە پێشکەشی بە خوێندکارانی دەکات. ئەم شێوە نوێیە لە تەوەرەی خوێندکاردا دەخولێتەوە، پەیوەندی بە خوێندکارو باری ژیان و دەوروبەرەکەیەوە هەیە. خوێندکار توخمی ئیجابی و چالاك و بزێوەو هەموو توخمە ماددیو مرۆییەکان لە خزمەتی ئەودان و ئەرکی پێگەیاندنی هەتاسەری ئەویان پێسپێردراوە.

لە سەرێکی دیکەوە، چەمکی نوێی بەرنامە، پەیوەندی بە

فەلسەفەی باوی کۆمەڵگاو رۆشنبیریی باوو گەشەکردنیانەوە هەیە. بەپێی ئەم چەمکە، بەرنامەی خوێندن، هەر ئەو زانیارییانە ناگرێتەوە کە لە نێو پەڕاوەکاندان و دەبێت بە خوێندکاران بگەن، بەڵکو ئەو هۆکارو کاریگەرییانەش لەخۆدەگرێت کە کار دەکەنە سەرکرداری پەروەردەو فێرکردن و ئاکامەکانی دیاری دەکەن.

بەکورتی، بەرنامەکانی خوێندن، بەو چەمکە نوێیەی لە جیهانی ئیمرۆدا باوە، پەیوەندیی بە توخمە ماددیو مرۆییەکانی کرداری پەروەردەوە هەیە. توخمە ماددییەکان بریتین لە بینای خوێندنگا بە پۆل و ئەزموونگاو یاریگەو باخچەو کتێبخانەو شانۆو...هتد؛ هەروەها پەڕاوەکانی خوێندن و چالاکییەکانی پۆل و دەرەوەی پۆل و هۆیەکانی فێرکردن و شێوازی وانە گوتنەوەو تاقیکردنەوەکان و...هتد. توخمە مرۆییەکانیش بریتین لە خوێندکارو مامۆستاو کارگێڕی خوێندنگاو سەرپەرشتیارانی پەروەردەییو کارمەندە پەروەردەییە پسپۆڕەکان...هتد.

کۆمەڵگا، هەر لە ماڵ و دەوروبەری خوێندنگاو شوێنە گشتییەکان و دەسگا کارگوزاریو بەرهەمهێنەرەکانەوە تا دەگاتە سەر دەسگاکانی رۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو راگەیاندن، کار لە بەرنامەکانی خوێندن دەکات و بەرنامەکانیش کاری تێدەکەن.

پەرەپێدانی بەرنامەکان بۆ هەموو ئەو توخمانەیەو لە گشت لایەکەوە دەیانگرێتەوە. ئەگەر چاککردن و گۆڕینی هۆکاری دەستکاریکردنی هەندێ لایەن بن لە چوارچێوەی سیستەمێکی پەروەردەییو لەژێر سایەی ئامانجەکانی ئەم سیستەمەدا، ئەوا پەرەپێدان گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە لە گشت ئەم توخمانەدا. واتە دەستکاریکردنێکی ریشەییو سەراسەری هەموو لایەنە ماددیو مرۆییەکانە. ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییە بنەڕەتییە نەخشاندنی سەروسیمای کۆمەڵێکی نوێیە؛ بۆیە گۆڕانکاریی

بنەڕەتی و سەرتاپاگیر هەر دەبێت بە پەرەپێدانی بەرنامەکانی خوێندن روو بدات.

پەرەپێدانی بەرنامەکان بۆ کوردستانی دوای راپەڕین، تاکە وەڵامێکی گونجاوە بەباری دواکەوتووی پەروەردەو فێرکردن بدرێتەوە. بۆیە سازدانی هەوڵ و کۆششی هەمەلایەنەی رەسمیو ناڕەسمی کۆمەڵ بۆ ئەم کردارە مەزنە ئەرکێکی گرنگەو بایەخی بەپلەی یەکەم دێت و رەوەندو چارەنووسی پەروەردەو فێرکردنی داهاتووی پێوە بەندە.

کاتێک دەستکاریی بەرنامەکان دەبێتە پێداویستییەکی پەروەردەیی، دەسگای پەروەردە ناچار دەبێت ڕێبازێک هەڵبژێرێت و پەیڕەوی بکات. ئەو ڕێبازانەی دەگیرێنەبەر، چۆنایەتی دەستکاریکردنەکە دیاری دەکەن. هەر ڕێبازێک یان بەرێچکەی شێوازە کۆنەکاندا دەڕوات، یان ڕچە شکاندنێکی نوێ دەبێت. لەم ڕووەوە چاککردن و گۆڕین وەک دوو کرداری ڕیفۆرمانە بە چەمکی کۆنی بەرنامەکانی خوێندنەوە پەیوەستن. هەردوو شێوازەکە دەستکاریی رووکەش و بەش بەش و نیوەناچڵ ئەنجامیان دەبێت. ئەم شێوازە کۆنانە لە زۆربەی وولاتانی دواکەوتوودا پەیڕەو دەکرێن. کەسانی پەروەردەیی لەم وولاتانەدا خۆیان رسکاوی سیستەمێکی دواکەوتووی پەروەردەیین و لە سنووری تەسکی ئەم شێوازانە بەولاوە ناتوانن بیر بکەنەوە. لەبەرئەوە هەمیشە مەترسی دووپاتکردنەوە لە ئارادا دەبێت و لە ئاستی گۆڕانکاریی بنەڕەتیدا دەستەوسان رادەوەستن. دەتوانین گرنگترین تایبەتمەندییەکانی شێوەی کۆن لە دەستکاریکردنی بەرنامەدا، لەم خاڵانەدا کۆ بکەینەوە:

أ- دەستکاریکردنی هەندێ بەشی بەرنامەکان-بەتایبەتی پەڕاوەکان- بێگۆڕین و دارشتنەوەی فەلسەفەو ئامانجە پەروەردەییەکان. بۆ ئەم مەبەستە پشت بە ئەقڵ و بۆچوونی چەند کەسێک لە کاربەدەستانی پەروەردەو سەرپەرشتیارانی سەردەمی کۆن دەبەسترێت. ئەم حاڵەتە ئێمڕۆ لە کوردستاندا هەیە، بەرلەوەی فەلسەفەو ئامانجە پەروەردەییەکان دابڕێژرێنەوە، لە ڕێی دانانی لیژنەکانی گۆڕینەوە، بیر لە

گۆڕینی ئەم پەڕاو یان ئەو پەڕاوی خوێندن دەکرێتەوە. ئەم لیژنانە یان هەمان کەسەکانی پێشوون، یان لە رووی بونیادی زانستییانەوە جیاوازییەکیان لەگەڵ دانەرەکانی پێشوودا نییە. تەنانەت ئاوڕێك لە ئەزموونی وولاتانی پێشکەوتوو لەم کایەیەدا نادرێتەوەو، پێوانەو پرنسیپەکانی زانستی بەرنامەکان (علم المناهج) بۆ پێکهێنانی ئەو لیژنانە پەیڕەو ناکرێن.

ب- پێداویستییە راستەقینەکانی کۆمەڵ پشتگوێ دەخرێن و بەرپاکردنی گەشەسەندنێکی ئابووری و کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریی لەبەرچاو ناگیرێت. لەم رووەوە ئاراستەکردنی گۆڕین بەجیا لە چالاکییە جیاجیاکانی ئابووری کۆمەڵ دەکرێت و بەرنامەکان و بابەتی پەڕاوەکان بۆ خزمەتی گەشەکردنی هەمەلایەنەی ئابووری و کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریی کۆمەڵ بەگەڕ ناخرێن. گۆڕانکاریی لەم واقیعەدا بۆ وولاتێکی دواکەوتووی وێرانی فەرامۆشکراو بایەخێکی ژیانسازی هەیەو بێ ئاوەژووکردنەوەی ئەو واقیعە هیچ پێشکەوتنێك بەدەست ناهێنرێت. بۆیە بەرلەوەی نەخشەی پرۆژەی گەشەکردنێکی ئابووری هەمە لایەنە لە رووی پیشەسازی و کشتیاری و بازرگانی بکێشرێت، بەر لەوەی گەشەکردنێکی کۆمەڵایەتی بەرفراوان و قووڵ لە هەموو کایە کارگوزارییەکانی کۆمەڵدا بەرنامەڕێژ بکرێت، بەر لەوەی ئەڵتەرناتیڤی رۆشنبیریی دواڕۆژ لە بەرامبەر واقیعی رۆشنبیریی دواکەوتووی ئێستادا بڕیار بدرێت، هەر دەستکاریکردنێك لەبابەتی پەڕاوەکاندا کارێکی سەرپێیی و بێسەرو بەرو بێئامانجی روون و ئاشکرا دەبێت.

ئەم دوو خاڵەی سەرەوە، گرنگترین تایبەتمەندیی شێوازی کۆنی گۆڕینە. شان بە شانی ئەوانیش چەندین شێوازی دیکە هەیە کە تایبەتمەندیی ئەقڵی کۆنەپارێزی ئەم بوارە دەردەبڕێت

وەك ئـەوەی پیـێداویستییەکانی ژیـانی خوێـندکاران لەسـەر بنچینـەی تۆژینـەوەی زانستی لەبەرچاو نەگیـرێن، یان بیـروڕای مامۆستایان و باوکان و دایکانی خوێندکاران پشتگوێ بخرێن، بەرنامەو ڕێگاکانی وانەگوتنەوە لە یەکدی دابڕ بکرێن و بەرنامە وەك شتێکی نەگۆڕو هەمیشەیی سەیر بکرێت.

پوختەی شێوازی کۆن بۆ دەستکاریکردنی بەرنامەکان، کە لە ماوەی حەفتا ساڵی رابردووی دەوڵەتی عێراقدا، پەیڕەوکراوە لەم کردارانەی خوارەوە تێنەپەڕیوە:

١) پتـرکردنی ژمارەی بابەتـەکانی خوێـندن: ئـەم شێـوازە گرنگیی بەلایـەنی زانیاری داوەو لایەنـەکانی دیکەی پەروەردەی فەرامۆش کردووە. بەرنامەکانی بەبابەتی هەمە چەشنە سەرڕێژ کـردووە، رۆژی خوێـندنگای چڕوپـڕ کـردووە. کـاتی وانـەکان و پشووی نێـوان وانەکانی کەم کردۆتـەوە. شێـوازی قسـەکردن و تـەلْقینی بەسـەر لایـەنی کارپیـێکردندا زاڵ کـردووە. ئامـانجی خوێـندنی لای مامۆسـتاو خوێـندکاران کردۆتـە لەبـەرکردنی زانیارییـەکان و خـۆ ئامـادەکردن بـۆ تاقیـکردنەوەو دەرچـوون تیایاندا تا پلەیەك بەرەو سەرەوە بەرز بکرێنەوەو مامۆستایانیش بەپێی ئەو ئەنجامە هەڵبسەنگێندرێن.

٢) لابـردن یـان خسـتنە سـەری بابەتـەکانی نیـو پـەڕاوەکان: بـۆ ئـەم مەبەسـتە لیـژنەکانی چاوگیـڕانەوەو پوختەکردنـەوەی پـەڕاوەکان پیـێکهاتوون و هـەر لـە پـەڕاوە دانراوەکـان خۆیـاندا گۆڕیـن کـراوە، یـان چـەند بابەتیـێکیان لێ فڕیـداوە، یـان چـەند بابەتێـکی دیکـەیان سـەر پـەڕاوەکان خسـتووە. ئـەم کـردارە لـە هەندێ کاتدا ساڵانە کراوەو سـەرچاوەیەکی پارەپەیداکردن بووە بۆ

لێپرسراوانی پەروەردەو دەستەو دایەرەکانی نزیکی خۆیان، کە زۆربەیان و زۆر جار مەرجەکانی ئەندامەتی لیژنەیەکی هونەریی شارەزا لە بنچینەکانی (زانستی بەرنامە) یان تێدا نەبووە.

٣) کاربەدەستانی پەروەردە لە عێراقدا، لە بەرامبەر گۆڕانکارییەکانی جیهان و پەرەسەندنی زانست و تەکنۆلۆژیادا ناچار بوون پەل بکوتن و هەندێك لەو نوێکارییانەی پەروەردەو فێرکردن بخوازن و هەوڵی جێکردنەوەیان لە بەرنامەکانی خوێندندا بدەن. بەڵام ئەو ئەزموونە دەرەکییانەی خواستوویانن، چونکە لە سەرجەمی سیستەمەکە دابڕاو بوون و بەپێی نەخشەیەکی پەرەپێدانی گشتیو هەمەلایەنە نەهێنراون، وەك ریخۆڵە کوێرە لە جەستەی بەرنامەی خوێندندا ماونەتەوە بێئەوەی هیچ شێوە کاریگەرێتییەکی پەروەردەیی رووەو پێشەوەیان هەبێت. هەر لە چارەکە سەدەی رابردوودا، سیستەمی پەروەردەیی عێراق، چەندین پرۆژەی نوێی هاویشتە نێو بەرنامەکانەوە وەك: ئەنجوومەنی باوکان و دایکان و مامۆستایان، خوێندنگا گشتییەکانی دوا ناوەندی، وەرشە پیشەسازییەکان، گواستنەوەی بێتاقیکردنەوە بۆ پۆلێکی بالاتر، لابردنی تاقیکردنەوەی بەکالۆری بۆ پۆلی شەشەمی سەرەتایی، کارتی خوێندنگا (البطاقة المدرسية) بۆ خوێندکاران هەتا دواپۆلی قۆناغی ئامادەیی، دانانی رابەری سایکۆلۆژی لە خوێندنگا ناوەندیو دواناوەندیو ئامادەییەکاندا، دانانی بەڕێوەبەری خوێندنگاکان بە سەرپەرشتیاری نیشتەجێ لە خوێندنگاکانی خۆیاندا، دواجار خوێندنی کۆمپیوتەر لە پۆلی چوارەمی ئامادەییداو...هتد، بەڵام هیچ یەکێك لەم پرۆژانە هەنگاوێك کرداری پەروەردەو فێرکردنی بۆ پێشەوە نەبرد بگرە

لە کات و هەوڵ و کۆشش و پارە بە فیڕۆدان بەولاوە هیچ ئەنجامێکی دیکەیان بەدەستەوە نەداوە.

٤) هاوکات لەگەڵ پەیڕەوکردنی ئەو شێوازە فۆڕمییانە، هەندێك جار پڕۆژەی چاککردن و گۆڕینی هەندێ لایەن و کایەی پەروەردەیی خراوەتە کارەوە؛ لەلایەن کەسانی پەروەردەیی یان لەلایەن کاربەدەستانی پەروەردەیی دەوڵەتەوە ویستراوە چاوێك بە ڕێگاو ئامانج و ئامرازو کەرەسەکانی پەروەردەدا بخشێنرێتەوە، بەڵام سەبارەت بەوەی بنەماکانی ئەو هەوڵ و کۆششانە فشەڵ بوون و سەرتاپای سیستەمەکەیان نەدەگرتەوەو بە هەموو توخمە ماددیو مرۆییەکانەوە گرێ نەدەدران، ئاکامەکەی پووچەڵ بۆتەوەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کرداری پەروەردەو فێرکردنیان داڕزاندووەو ئاستی زانستییان بەقوڕدا بردۆتە خوارەوە.

بۆ ئەوەی رەخنەگرتن لە شێوازی كۆنی گۆڕین لە بەرنامەكانی خوێندندا زانستی بێت. پێویستە ئەڵتەرناتیڤی راست و گونجاو پێشنیاز بكرێت.

ئەڵتەرناتیڤی بەرنامەكۆنەكان، نابێت لە ئارەزووی تایبەتیو لێكدانەوەی خودییانەوە سەرچاوە هەڵبگرێ، بەڵكو دەبێت بەهانەو بەڵگەی زانستیو پەروەردەیی پەرەپێدانیبەرنامەكان ئەوەندە زەق و بەڕووەوە بن، كە رێگا چارەیەكی دیكە، جگە لە پەرەپێدانێكی سەرتاپاگیری قووڵ، لەبەردەم مشوورخۆرانی كرداری پەروەردەو فێركردندا نەمابێتەوە.

پەرەپێدانی واقیعی سیستەمی پەروەردەو فێركردن لە كوردستاندا، نە ئارەزوویەكی تایبەتیو دەستكردە، وەنە بەرەنجامی لێكدانەوەیەكی خودیی دوور لە پرنسیپە زانستییەكانی گۆڕانگاریی كۆمەڵایەتییە؛ بەڵكو پێداویستییەكی سیاسی-ئابووری-كۆمەڵایەتییەو، چەندین بەڵگەو بیانووی زانستیو پەروەردەیی، وەك ئەركێكی مەزن، لە ریزی پێشەوەی ئەركەكانی ئەم قۆناغەدا رایدەگرن. لەبەر ئەوە، ناسینی ئەو هۆكارانەی پەرەپێدان پێویست دەكەن، پێشمەرجی دەستنیشانكردنی رێبازو شێوەی پەرەپێدان و ئەو بنچینەو پرنسیپە زانستییانەن كە دەبێت لەم بوارەدا پەیرەو بكرێن.

پەرەپێدانی بەرنامەكانی خوێندن-نەك گۆڕین و چاككردن- پشت بەم راستییە گشتیو تایبەتییانە دەبەستێت.

١) گۆڕانكاریی سیاسیو ئابووری و كۆمەڵایەتی هۆكاری پەرەپێدانی پەروەردەیین. گۆڕانكاریی سیاسی لە كوردستاندا

روویداوه. گۆڕانکاریی ئابووریو کۆمەڵایەتی، وەك ئەنجامێکی حەتمی ئەو گۆڕانکارییە سیاسییە، دەبێت روو بدەن. بارودۆخی کوردستان ئەزموونی راپەڕینێکی جەماوەریی سەرتاسەریی پێشینەیەتی. دەسەڵاتێکی نوێ لەجێی دەسەڵاتی بۆرژوا ناسیۆنالیستی گەلی سەردەست دامەزراوە. ململانێی هەردوو دەسەڵاتە سیاسییەکە لە عێراقدا لابەلا نەبۆتەوە. هەردووکیان لە سنووری ئەو ناوچانەی ژێر دەستیان، سیاسەتەکانی خۆیان پیادە دەکەن.

لە مەیدانی پەروەردەو فێرکردندا، تەواوی بەرنامەکانی خوێندن تا ئێستاش، هەر بەرنامەکانی رژێمن و هەر هەموویان خزمەتی سیستەمی پەروەردەو فێرکردنی دەسەڵاتی ناوەندی دەکەن. بەشێکی ئەو خزمەتە سەپاندنی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بەسەر گەلی ژێردەستەی کورد-دا بەرجەستە دەکات. رووکاری شۆڤێنی بەرنامەکان لە پەڕاوەکانی خوێندندا بە ئاشکرا دیارە. کەواتە ناکۆکییەك لەنێوان بارێکی سیاسی نوێو سیستەمێکی پەروەردەیی کۆندا هەیە. چارەسەرکردنی ناکۆکییەکەش، هەر دەبێت بە رامالینی کۆن و جێگرتنەوەی لەلایەن نوێوە، بکرێت. ئەم رامالین و شوێنگرتنەوەیە، پەرەپێدان دەکاتە پێویستییو، بێئەمە ناکۆکییەکە بەشێوەیەکی بنەڕەتی یەکلایی نابێتەوە. بەرنامەکانی خوێندن ئامرازێکن ئەم یەکلاییبوونەوەیە پێشدەخەن.

٢) گۆڕانکارییە سیاسییو ئابووریو کۆمەڵاتییەکان، پێویستییان بەوە هەیە سەرتاپای کۆمەڵگا بینا بکرێتەوە. ئەم بیناکردنەوەیە تاك و کۆمەڵ دەگرێتەوە. لە ئاستی تاکدا، ئەرکی پەرەپێدان ئەرکێکی دژوارو گران و درێژخایان دەبێت. تاکەکان بەگشتی

پێویستییان بە بیناکردنەوە، لە رووی ژیری و ویژدانی و رەوشت و رەفتارەوە، هەیە. بینای ئەم لایەنانەی کەسایەتی تاکەکان دەبێت بەرنامەیی بێت. بنکەی دەست بەکاربوونی بەرنامەییش خوێندنگاکان دەبێت. دیارە بەرنامەکانی خوێندنیش ئامرازی خوێندنگاکان، بۆ ئەم بیناسازییە، دەبێت.

٣) عێراق لە سایەی سیاسەتەکانی رژێمدا، رۆژ بە رۆژ، لە کاروانی پێشکەوتن بە جێدەمێنێ. نێوانی عێراق و جیهانی زانست و تەکنۆلۆژیا کەلەبەرێکی گەورەیە و وێکهاتنەوەی زۆر ستەمە. لە کاتێکدا گەلانی عێراق بە گشتی و گەلی کورد بەتایبەتی لە شەوەزەنگی دواکەوتوویی و سەدان قەیراندا دەژین، گەلانی دیکەی جیهان لە چەند کەرتێکی ئەم گۆی زەمینەدا، لە دوا داهێنانەکانی زانست و تەکنۆلۆژیا بەهرەمەندن. ئەو تەقینەوە زانستییەی لە نیوەی دووەمی ئەم سەدەیەدا روویداوە هەموو جیهانی گرتۆتەوە. زانیارییەکانی مرۆڤ هەرچەند ساڵ جارێک بەشێوەی بازدانی چەند جارەیی پەرە دەسێنن. ئەم پەرەسەندنە زانستی و تەکنۆلۆژییە سیمای ئەم سەدەیەیان نەخشاندووە و هەموو بوارێکیان گرتۆتەوە. ئەوە یەک رەوتی مەزنی مرۆڤایەتییە و خەڵکی نێو ئەو سنوورەی ناوی عێراقە لێی بێبەشن. لەبەر ئەوە هەر بەرنامەیەکی پێشکەوتن بۆ داهاتوو بگیرێتەبەر، دەبێت ئەم کەلەبەرە ژیارییە رەچاو بکات و لە هەموو کایەیەکدا رێوشوێنی پڕکردنەوەی دابنێت. بەرنامەکانی خوێندن کایەیەکی گرنگی ئەم مەبەستە ژیارییەن، بۆیە دەبێت بەرنامەکان بە شێوەیەکی زانستییانەی هاوچەرخ لەگەڵ ئەم چەرخەی زانست و تەکنۆلۆژیادا بگونجێنرێن و دوا داهێنانی زانست و تەکنۆلۆژیایان تێدا رەنگبداتەوە.

٤) لە رووی ئاست و بارودۆخی پەروەردەو فێرکردنەوە لە کوردستاندا، شتێکی نویٚ نادرکێنین ئەگەر بڵێین: پەروەردەو فێرکردن لەسەر زگی رووت خۆی بەکێش دەکات، بیٚ ڕەوڕەوەکان دەدات، کیسەڵ ئاسا ریٚ دەپێویٚو هەموو وێرانکاریو کوێرەوەرییەکی سیاسیو ئابووریو کۆمەلایەتیو رۆشنبیری...هتد. تا رادەیەکی ترسناك، بەسەر ئەم کردارەدا شکاوەتەوە. ئەم بارودۆخە لێکهەڵوەشاوەی کرداری پەروەردە پێویستیی بە قەرەبووکردنەوە هەیە. ئەوەش بەبیٚ پەرەپێدانی بەرنامەکان بەدینایەت، چونکە بە شێوازی ئاساییو ئەقڵییەتی دەسگا جێماوەکانی رژێم، ناتوانرێت لە زەمینەوە پەروەردەو فێرکردن راست بکرێتەوەو خاڵی سفر بەجیٚ بهێڵدرێت.

٥) ناوەرۆکی کرداری پەروەردەو فێرکردن، شێوازەکانی فێربوون، فۆڕمی بینای خوێندنگاکان، رێکخستنی بەرنامەکان، رێگاکانی وانەگوتنەوە، ئاستی هۆیەکانی فێرکردن، چۆنایەتی پەیوەندی خوێندنگا و خێزانی خوێندکارەکان، سیستەمی خوێندنگاکان و دینامیزمی نێو دەسگای پەروەردە، هەر هەموویان لە سالآنی بەر لە نیو سەدەی پێش ئێستادا گیریان خواردووەو گۆڕانکارییەکی بەرچاویان بەسەردا نەهاتووە. مۆرکی ئەم بەجێمانە شارستانییە لە پەروەردەو فێرکردندا بەنێو چەوان و روخساری توخمە ماتەری و مرۆییەکانی کردارەکەوە دیارە. بۆیە هەر هەوڵێکی زانستی بۆ پەرەسەندنی پەروەردەیی بدرێت، دەبێت ئەم راستییانەی لەبەرچاو بێت و لە بەرنامەکانی داهاتوودا جێوڕێی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییان بۆ بکاتەوە.

جگە لەو راستییانەی لە چەند خاڵی پێشوودا باسمان کردن، چەندین هۆکاری بەجیٚ هەن پەرەپێدانی بەرنامەکانی خوێندن

دەسەپێنن. لێرەدا تەنها ئاماژەیان بۆ دەکەین:

ا- چەمکە سیاسییەکانی ئازادیو دیموکراسیو مافی مرۆڤ و مافی بڕیاردانی چارەنووس و باڵادەستیی یاساو...هتد.

ب- پرنسیپی دابین کردنی هەلودەرفەتی یەکسان بۆ خوێندن بە جیاوازی بیروباوەڕی سیاسی و حزبیو مەزهەب و رەگەزو ...هتد.

ج- قەوارەی بەربلاوی نەخوێندەواری لە کوردستاندا، بەتایبەتی لەنێو ژناندا، هەروەها بوونی ژمارەیەکی گەورە لەو منداڵ و هەرزەکارانەی تەمەنی خوێندنیانەو، بەهۆی باری نالەباری کوردستان لە یەك دوو دەهەی رابردوودا، لە دەرەوەی خوێندنگاکان و خوێندندا ماونەتەوە.

د- کاریگەریتی شۆڕشی زانست و تەکنۆلۆژیا لەسەر ژیانی مرۆڤ. ئەم شۆڕشە، نوێبوونەوی زانستی مرۆڤی کردۆتە کارێکی ناچاریو، بێ ئەوە ژیانی داهاتوو بۆ مرۆڤ مەیسەر نابێت.

ه- هەر ئەم شۆڕشە زانستییە، لە رووی کۆمەڵایەتییەوە، مرۆڤی لە جیهانی خەیاڵ و خەرافیات و ناچارییو رێکەوتەوە، گواستۆتەوە بۆ جیهانی ئەزموون و بیرکردنەوەی زانستیو سەربەستی بڕیارو هەڵوێست و کارکردن و تێکۆشان لە ئاستی کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا.

ئەو راستییانەی لە سەرەتادا لێی دواین لەلایەك، ئەو هۆکارانەی دواییش لەلایەکی دیکەوە، کلیلی پڕۆسەیەکی پەرەپێدانی زانستییانەی سەرتاپای سیستەمی پەروەردەو فێرکردن بەدەستەوە دەدەن و شارەزایانی ئەم مەیدانە دەتوانن بۆ وەدیهێنانی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی کەڵکی لێوەربگرن.

لەنێوان دانان و پەرەپێدانی بەرنامەکانی خوێندندا نزیکییەکی تەواو هەیە. زاناکانی زانستی بەرنامە دانان، زۆرجار، وەکوو یەک باس لە دانان و پەرەپێدانی بەرنامەکان دەکەن. هەردووکیان: چ دانان و چ پەرەپێدان، لە رووی هۆیەکانیان و بەڵگەو بەهانەو بنچینەو پرنسیپەکانیانەوە چوونیەکن. هەروەها لە رووی هەنگاوەکانیانەوە، وەکوو یەك بە هەمان پرۆسەدا تێدەپەڕن. بۆیە کە باسی پەرەپێدانی بەرنامەکانی خوێندن لە کوردستاندا دەکەین، بنەما فەلسەفەیی‌و کۆمەڵایەتی‌و سایکۆلۆژییەکانی دانانی بەرنامەکان لەپێش چاومان دادەنێین و، لەبەر رۆشنایی ئەو پرنسیپانە، رێوشوێنی پەرەپێدانی بەرنامەکان دیاری دەکەین. ئەم بنەمایانە بەرهەمی ئەزموونی فراوان و پرۆسەی بەرەوپێشەوە کشاوی مێژووی پەروەردەو فێرکردنن لە جیهاندا. لەبەر ئەوە ناکرێ بەبێ ئاگاداربوون و پەیڕەوی کردنیان بەدیبێن و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە بەرنامەکاندا شێوەی زانستی خۆی وەربگرێت. لێرەدا ئەو بنەما زانستییانەی پەرەپێدان دەستنیشان دەکەین و، رێبازو شێوازی مامەڵەکردن لەتەك بەرنامەکانی خوێندندا، دیاری دەکەین؛ بۆ ئەوەی لەبەر تیشکی ئەو پرنسیپ و بنچینە زانستییانەدا چاوێکی وردیان پێدا بخشێندرێتەوەو شۆڕشێکی پەروەردەییان تێدا بەرپا بکرێت.

سەرەتای کار، دەبێت لە فەلسەفەی پەروەردەییەوە دەست پێ بکات. چۆنایەتی فەلسەفەی پەروەردەیی سەرچاوەی بڕیاردانی چۆنایەتی هەموو کارەکانی دیکەیە. سەرچاوەی فەلسەفەی پەروەردەییش فەلسەفەی کۆمەڵایەتییە. لەبەر ئەوە، داڕشتنەوەی

فەلسەفەی پەروەردەو فێرکردن دەبێت لەبەر تیشکی فەلسەفەی کۆمەڵایەتیدا روو بدات.

فەلسەفەی کۆمەڵایەتی کۆڵەکەیەکی سەرەکییە لە راگرتنی بینای بەرنامەدا. بێ یەکلاییکردنەوەی ئەم فەلسەفەیەو چەسپاندنی، شپرزەییو شێواویو پاشاگەردانی باڵیان بەسەر کارە پەروەردییەکاندا دەکێشن.

هەموو کۆمەڵگاکان فەلسەفەی ژیانی تایبەتی خۆیان هەیە. ئەم فەلسەفانە بە قووڵی رەگیان لە رابردووی کۆمەڵگاکاندا داکوتاوە. ئەم فەلسەفانە خاوەنی گیروگرفتی تایبەتی بەو کۆمەڵگایانەن و لە تێکەڵاو بوون و کار لە یەکدی کردنیشدان لەگەڵ فەلسەفەی ژیانی کۆمەڵگاکانی دیکەو ئەو گۆڕانکارییانەی بەردەوام بەسەر جیهاندا دێن. بۆیە داڕشتنەوەی فەلسەفەی پەروەردەیی ئەو دوو بنەمایە لەپێش چاو دەگرێت و بەرنامەکانی خوێندن رووەو بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکە فەلسەفەییانە ئاراستە دەکات.

فەلسەفەی کۆمەڵگا، وەڵامی گەلێک پرسیار دەداتەوە. ئەم وەڵامدانەوەیە بۆ فەلسەفەی پەروەردەیی دەبێتە بنەمای رێکخستنی چەمکە فەلسەفەییەکان لە پرنسیپ و ئامانجە پەروەردەییەکاندا، هەروەها لەم پرۆسەیەدا بەرنامەکانی خوێندن، نەریت و چەمکە فەلسەفەییەکان و ئامانجە پەروەردەییەکان، لە خۆیان دەگرن.

ئایا ژیانی مرۆڤ هیچ مانایەکی هەیە؟ ژیان چییە؟ چ ژیانێک لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا دەگونجێ؟ چ کۆمەڵگایەک نموونەییەو ژیانی ئاسوودە بۆ مرۆڤ دابین دەکات؟ زانین چییەو بۆچی باشە؟ راستی کامەیە؟ چۆن بەراستییەکان دەگەین؟

پێویسته رۆڵی مرۆڤ له ژیاندا چی بێت؟ ئەو نەریتانه کامانەن که جیهان بەرەوپێش دەبەن؟ چ بەرنامەیەك زانیاریمان دەداتێ؟ چ جۆره بیرکردنەوەیەك بۆ مرۆڤ پێویسته؟...هتد. ئەمانەو سەدان پرسیاری دیکه، خولیای بابەتی فەلسەفەن. وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانه کاریگەریێتییان لەسەر فەلسەفەی پەروەردەیی هەیه. بەپێی چۆنیەتی تێگەیشتن لەم جیهانەو له کۆمەڵگاو له رۆڵی تاکەکانی کۆمەڵ، فەلسەفەی پەروەردەیی دەگۆڕدرێته سەر زمانی ئامانج و پرنسیپه فەلسەفەییەکان و له بەرنامەکاندا رەنگ دەدەنەوە.

بەرنامەکان ئەڵقەی گەیاندنی فەلەسەفەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا به خوێندکاران دەبن. خوێندنگاکان مەڵبەندی ئاراستەکردنی چالاکیو وزەی مرۆیانەی رۆڵەکانی کۆمەڵگا دەبن. شێوەی خوێندنگاکان، چۆنایەتی مامۆستاکان، دینامیزمی نێو سیستەمی پەروەردە، به بنەما فەلسەفەییەکان و هێڵه گشتییەکانی فەلسەفەی پەروەردەییەوه بەندن. بۆیه لەگەڵ کۆتایی هاتنی سیستەمێکی فەلسەفی، تەواوی باره کۆمەڵایەتییەکەو رەنگدانەوەکانی له بواره جیاجیاکانی ژیاندا، لەوانەش بواری پەروەردەو فێرکردن، کۆتایی دێت و سەردەمێکی فەلسەفی نوێ دەست پێدەکات.

بەرنامەکانی خوێندن له کوردستانی باشووردا، تا راپەڕینەکەی بەهاری ۱۹۹۱، رەنگدانەوەی فەلسەفەی پەروەردەیی حزبی بەعس بوون. ئەم فەلسەفەیه له کۆنگرەی بەرنامەڕێژیی سیاسەتی پەروەردەیی له عێراقدا ساڵی ۱۹۷۰ بڕیاری لەسەر درا. ئەم فەلسەفه پەروەردەییه بنەمای داڕشتنی ئامانجه پەروەردەییەکان و هەموو سیاسەتەکانی رژێم له کایەی پەروەردەو فێرکردندا بوو. سەرچاوەی فەلسەفه پەروەردەییەکە،

فەلســەفەی نەتەوایــەتی شیــوە شۆڤیــنیو رەگەزپەرســتی بەرچاوتــەنگ بــوو. نــاوەرۆك و تــان و پــۆی فەلســەفەكە ئایدیالیــستیو لــە پەیــڕەوكردندا كۆنەپەرســتانە بــوو. رەگــی فەلســەفەكە دەڕۆشــتەوە بــۆ ســەردەمی ژیــانی خیــڵەكیو جاهیلییــەت. پیاهــەڵدانی رۆڵی عەرەب لە مێــژوودا و سووكایەتی كــردن بــە نەتــەوەكانی دیكــەی نموونــەی ئەقڵییــەتی جاهیــلی و خێــڵەكی بوون. بتپەرستی رەچەڵەكیــكی مێــژوویيو پایەیــەكی پتــەوی فەلســەفەكە بــوو. لــە مــەیدانی فەلســەفەی پــەروەردەیی و بەرنامەكانی خوێندندا بتپەرستی وەرگێڕدرا بوو بە ((سەركردەی مێــژووكرد)) پەرســتن. ئــەم فەلســەفە شۆڤیــنییە ئاڕاســتەی خوێندنگاكانی دەكرد. لافاوێك بوو مێشكی منداڵانی دەشتەوە. پــەڕاوەكانی خوێندن لە خوێندنگاكاندا، هــەر لــە ریــزمانی زمانی عەرەبییەوە تا سەر زانستە سروشتییەكان و تەنانەت بیــركاریش، بۆ ئەو مەبەستانە تەرخان كرابوون.

هەڵبــەت ئەم واقیعە پەروەردەییە كە پابەندی فەلسەفەی رژێــم بــوو، ئیــدی لــە كوردستانیــكی ئازاد لــەو دەســەڵاتە شۆڤیــنییە، دەبێــت بپێچرێتەوەو لە شوێنەواریدا فەلسەفەیەكی كۆمەڵایەتیو پــەروەردەییو ئامــانج و بەرنامــەو پــەڕاوی دیكــە دابنریــن. بــە چەمكی زانستی، دەبێت لە جێی سیستەمی پەروەردەیی بەر لە راپــەڕین-كە تائێستاش هەر هــەمان سیستەم پەیــڕەو دەكرێت- ئەڵتەرناتیڤێك دابنرێت. ئەم ئەڵتەرناتیڤە چەند ئەڵقەیەكی یەك لەدوای یەك و پێكەوە گونجاو دەبن. ئەڵقەی یەكەم ئەڵتەرناتیڤی فەلســەفەی كۆمەڵایەتییــە. چ فەلســەفەیەك لــە شوێــنەواری فەلسەفەی رژێــمی كۆندا دادەنرێت؟ ئەمە پرسیارێكە لەبەردەم دەســەڵاتی ســیاســی و یاســایی نــوێ لــە كوردســتاندا و بەپێی وەڵامەكەی دواڕۆژی پەروەردەو فێركردن دیاری دەكرێت.

ئەڵقەی دووەم ئەڵتەرناتیڤی فەلسەفەی پەروەردەییەو دوا بەدوای ئەمەش بەرنامەکان و پەڕاوەکان و...هتد.

لە بەرامبەر فەلسەفەی رژێمدا، کە تا ئێستاش لە بوارەکانی ژیانی خەڵکیدا باڵادەستە و یەك لەوانەش پەروەردەو فێرکردنە، چوار ئەڵتەرناتیڤی فەلسەفەیی هەن. دەسەڵاتی نویْ دەبێت یەکێکیان هەڵبژێرێت. ئەڵتەرناتیڤە فەلسەفەییەکان بریتین لە:-

أ- نەتەوایەتی ب- ئیسلامی ج- دیموکراسی د- سۆسیالیستی

هەر یەکێك لەم ئەڵتەرناتیڤانە فەلسەفەیەکی پەروەردەیی گونجاو و بەو پێیەش شێوەی خوێندنگاکان و بەرنامەکان و پەڕاوەکان و...هتد، بەدوای خۆیاندا بەکێش دەکەن. هەر یەکێکیشیان ئەزموونی تایبەتی خۆیان هەیە، هەرچەندە خودی ئەم ئەزموونانەش شایانی لێکۆڵینەوەو پێداچوونەوەو تۆژینەوەن.

فەلسەفەی نەتەوایەتی لە هەموو ئەڵتەرناتیڤەکانی دیکە زیاتر گەلی کورد ئەزموونی تایبەتی خۆی لەگەڵیدا هەیە. سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی سێچارەکە سەدەی رابردوو-بە شێوە جیاجیاکان و سەردەم و دەسەڵاتە سیاسییە جیاجیاکانیەوە- لەدوا شیکردنەوەدا رەنگدانەوەی فەلسەفەی نەتەوایەتی بوون. بەشێکی گەورەی وڵاتانی عەرەب ئەم فەلسەفەیە پەیڕەو دەکەن؛ لە ئاستی جیهانیشدا فەلسەفەی نازییەکانی ئەڵمانیاو فاشییەکانی ئیتالیا دوو نموونەی زەقی فەلسەفەی نەتەوایەتین.

فەلەسەفەی ئیسلامی تا ئێستا بە شێوەیەکی سەربەخۆو تەواو لە سیستەمی پەروەردەو فێرکردندا جێی نەکراوەتەوە، هەرچەندە یەکێك لە جەمسەرە سەرەکییەکانی پەروەردەی رابردوو بووەو لەگەڵ فەلسەفەی نەتەوایەتی باڵادەستی عێراقدا

ئاویـّتەی یـەکدی کرابـوون. ئـەم فەلسـەفەیە لـە هـەندێ وڵاتـی عەرەبیو ئیسلامیدا باوەو پەیـڕەو دەکرێـت وەك ئەوەی ئێستا لە ئێران و سعودییەو شێخنشینەکانی کەنداوو لیبیاو ئەفغانستان و پاکستان و سودان پەیڕەوی دەکەن.

فەلسـەفەی دیموکراسـی، فەلسـەفەی دەسـەڵات و ژیانـە لـە ئـەوروپاو ئـەمریکاو ژاپـۆن و بەشیـّکی زۆر لـەو وڵاتانـەی لـە بازنـەی دەوڵەتـە سـەرمایەدارییەکانی جیهاندا دەخولیـّنەوە. ئەم فەلسـەفەیە ریـّبازی جیاجیای تیـّدا هەیە، چـەندین قوتابخانەی فەلسـەفی و پـەروەردەیی لیـّرسکاوەو بـواری هـەڵبژاردەکاری لـە نێوانیاندا فراوانە.

فەلسەفەی سۆسیالیستی شێوەی چوارەمی ئەڵتەرناتیڤەکانە. بەناوی ئەم فەلسـەفەیەوە، لە شۆرەوی و وڵاتانی بلۆکی رۆژهەڵات و چین و کۆریای باکوور و کوبا و ئـەلبانیا، پـەروەردەو فیـّرکردن ئاراسـتە کرابـوو. هەندێـك لـە وڵاتـانی جیهـانی سیـّیەمیش وەك میـسرو عیـّراق و سوریا و غانا و غینیا و ئـەنگۆلاو ئەندەنوسیا، بـەناوی ئـەم فەلسـەفەیەوە لـە ماوەیـەکی ژیـانی سیاسـی ئـەم وڵاتانـەدا، گوایـا بەشیـّوە خۆماڵیـّکەی! دیسـان پـەروەردەو فیـّرکردن ئاراسته کرابوو.

دوابەدوای دیاریکردنی فەلسـەفەی کۆمەڵایـەتی گونجاو لەگەڵ رەوتـی پیـّشکەوتنی بـاری سیاسـی و ئـابووری و کۆمەڵایـەتی کوردسـتاندا، ئەڵقەی دووەم، واتـە فەلسـەفەی پەروەردەیی دیاری دەکرێت. لـە میاندا هەڵویـّستی ئەم فەلسـەفەیە لە پرنسیپەکانی پاراسـتنی کەسـایەتی تاکـەکان و، هاریکـاری و، کـارکردن و، بیـرکردنەوەی زانستی و، هاوسـەنگی تاك و کۆمـەڵ و، ئازادیو، هـەلو دەرفـەتی یەکسـان بـۆ خویـّندن و، پاراسـتنی کەلـەپووری رۆشـنـبـیـریی پیـّشـکـەوتـووانەو، گەشەکردنی ئەم کەلەپوورەو،

چۆنایەتی مامەڵەکردن لەگەڵ راستییە زانستییەکان و شێوەی بەگەڕ خستنیان، دەستنیشان دەکرێت و لە دانان و پەرەپێدانی بەرنامەکاندا رەچاویان دەکەن. هەروەها دەبنەوە سەرچاوەی هەڵوێست لە چۆنیەتی پیادەکردنی پرنسیپ و بنەما زانستییەکانی دیکە لە کاتی دانانی بەرنامەکانی خوێندن و پرۆسەی پەرەپێدانیاندا.

پەروەردەو فێرکردن کردارێکی کۆمەڵایەتییە و کۆمەڵ ئەرکی پاراستنی و قەوارەو گەشەکردنی دواڕۆژی‌خۆی لەئەستۆ داناوە. لە رێی ئەم کردارەوە کۆمەڵ یەکبینە شێوەی خۆی پێکدەهێنێتەوەو ژیانی بەرەو پێشەوەچووی خۆی‌و دواڕۆژی رۆڵەکانی دابین دەکات. هەموو پێوانەو نەرێتە کۆمەڵایەتییەکان لە رێی خوێندنگاکانەوەو لە نێوان بەرنامەکانی خوێندنەوە بە نەوە لەدوا نەوەی کۆمەڵ دەگات و هەر لەوێشداو لەو رێیەوە گەشەکردن و نوێ بوونە وەو گۆڕانکاریی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگا، بەردی بناغەی جێگیربوون و بەردەوامییان بۆ دادەنرێ. پەروەردەو فێرکردن لەم پەیوەندییەی نێوان کۆمەڵگاو گۆڕانکاریی‌و پەرەسەندنی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، هۆکاری بەیەکدی گەیاندنەو رۆڵێکی سەرەکی لە پلانی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتیدا هەیە. بۆیە تۆ ژینەوەی زانستییانەی کۆمەڵگاو دیاریکردنی سەمتی پەرەسەندنی‌و شێوەی کاریگەرێتی لەسەر چۆنیەتی ئاراستەکردنی نەوەکانی داهاتوو، بنەمایەکی دیکەی کرداری پەرەپێدانی بەرنامەکانی خوێندنە و بێ ئەم بنەمایە گۆڕانکاریی لاسەنگ دەبێت و پەرەپێدان روونادات و ناوەرۆکەکەی پووچەڵ دەبێتەوە.

کۆمەڵگاو بەرنامەکانی خوێندن لەچەند جەمسەرێکەوە لەیەک ئالاون و پێکەوە گرێدراون. لە هەر جەمسەرێکەوە پەیوەندییان خاو بکرێتەوە، شیرازەی کارلێکردنەکانیان دەپسێت؛ تەکولۆ دەکەون و پەرەناسێنن.

جەمسەری یەکەم لەم پەیوەندییەدا کار لە رادەی سەرکەوتنی بەرنامەڕێژکردنی گەشەسەندن دەکات؛ سەبارەت بەوەی

پەروەردەو فێرکردن، بە چەمکی نوێی هاوچەرخ بەرهەمهێنانە؛ نەك بەکاربردن (استهلاك). لەم باری سەرنجەوە هەر پارەیەك بۆ ئەم کردارە خەرج بکرێت بە فیڕۆ ناڕوات و لە مەودایەکی مێژووییدا بەرەبەرە دەبێتە بەرهەم و بە کۆمەڵ دەگاتەوە. لەبەر ئەوە هەر کەموکوڕییەك لە بەرنامەکانی خوێندندا هەبێت، بە کەموکوڕی پەروەردەو فێرکردن تەواو دەبێت. تێکشکانی پەروەردەو فێرکردنیش کار لە رادەو ئاستی دەرچووان (مخرجات)ی سیستەمەکە دەکات و دواکەوتنی کرداری بەرهەم هێنی پەروەردەییو کزی دەستی کاری کارامەو هوشیار لە رووی کۆمەلایەتییەوە ئەنجامی دەبێت. لەبەر تیشکی ئەم خاڵەو پرنسیپەکانی ئابووری فێرکردن (اقتصاديات التعليم)، دەبێت لە پەرەپێدانی بەرنامەکانی خوێندندا، رێوشوێنی سەرخستنی ئەم پەیوەندییەی نێوان بەرنامەو گەشەسەندنی کۆمەڵگا، دیاری بکرێت. تەواوی کرداری پەروەردەو فێرکردن رووەو بەجێگەیاندنی ئامانجەکانی پلانی گەشەسەندن ئاراستە بکرێت. دەبێت بەرنامەکان کادیری دواڕۆژ بۆ گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەلایەتی دابین بکەن و بۆ هەر کارێکی پسپۆڕیی- لەکاتی خۆیدا- توخمی مرۆیی ئامادەکراوو سازدراو بەرهەم بێنێت.

بۆ ئەوەی ئەم بەرهەمە مرۆییانە لە ئاستی پێویستدا بن، دەبێت کۆمەڵ لەرێی بەرنامەکانەوە ئاراستەیان بکات. لەم بەرنامانەدا شارەزایی زانستیو کارامەیی تەکنیکی جۆراو جۆر، بە پێی بوارە پسپۆڕییەکان، هەبن. رێگای لێوەرگرتن و بەدواداچوونی زانست و تەکنۆلۆژیای هاوچەرخ بگرن. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە بەرنامەکانی خوێندن روو لە نوێترین داهێنانی سەردەم بکەن و بەردەوام داهێنانی نوێ بە خوێندکاران بگەیەنن.

سەرەڕای ئەم لایەنە تەکنیکییە، پێویستە بەرنامەکانی خوێندن نـەریت و رەوشـت و پێوانـە کۆمەڵایەتییـە پێشـکەوتووەکانی کۆمـەڵیان تێدا رەنگ بداتـەوە. لەلایەك باشـترین و پوختتـرین و پێشکەوتووترین لایەنی کەلەپووری پێشینان بپارێزن و، لەلایەکی دیکـەوە، بە باشـترین و گونجاوترین نەریـت و پێوانە و رەوشتی نویٚ موتوربـەیان بکات، بە شـێوەیەك، لەگەڵ ئاستی گۆڕانکارییو پەرەسـەندنی کۆمەڵایـەتیو نویـکاریی نێـو جیهانی هاوچـەرخ بێتەوە.

بەرنامــەکانی خوێنــدن ئــەرکی داڕشــتنەوەی بنچینــەکانی پــەیوەندی کۆمەڵایـەتیو نـەریت و رەفتـاری گونجـاو لەگـەڵ ئـەو پەیوەندییانـەی لە ئەستۆدایە. چەمکە نوێـیەکانی جیهانی ئیمڕۆ لـە رووی ئازادیو یەکسـانی مرۆکانـەوە، دەبێت لـە پـەرەپێدانی نەریت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا رەنگ بدەنەوەو، بەشێکی گرنگی بەرنامـەکان بگرنـەوەو، لایـەنێکی پڕبایـەخی پـەروەردەی نویٚ بن.

چەمسـەرێکی دیکـەی پـەیوەندی کۆمـەڵگاو بەرنامــەکانی خوێندن گیـروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانە. دەبێت بەرنامەکان بەپیـر گیــروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانــەوە بچـن. نـاوەرۆکی بەرنامـەکان و شـێوەی کارپێکردنیـان و بابەتـە جیاجیاکـانی پـەڕاوەکان، دەبێت چەند زنجیـرەیەکی یەك لەدوا یەکی چارەسەرکردنی گیـروگرفتە کۆمەڵایەتییـەکان و چۆنایـەتی چارەسـەرکردنی زانستییانەیان پێکبهێنـن، تـا لـە پرۆسـەی بیـرکردنەوەی زانسـتییانە لـەو گیــروگرفتانە، مـرۆی رەخنـەگرو زاخـاودراو بـە هەڵوێسـت و ئەقڵییـەتێکی شـیکاریی بەرهـەمی بێـت. کۆمـەڵگا لـە ئاسـتی تێڕوانینی دواڕۆژیشدا ناتوانێت دەستەوسان رابوەستێت، بەڵکو دەبێت ئاسـۆی دواڕۆژ چـۆن دەبینـێت بەو شـێوەیە پەروەردەو

فێرکردن و بەرنامەکانی خوێندن ئاڕاستە بکات.

پەروەردەو فێرکردن کاریگەرێتی سێ تەوژمی گەورەی کات(زمن) هوروژمی بۆ دێنن و دەبێت مامەڵە لەتەك هەرسێ تەوژمەکەدا بکات و وەڵامیان پێ بداتەوە. تەوژمی یەکەم پەیوەندی بە رابردووەوە هەیە ئەم تەوژمە لە رابردووەوە بەرەو ئێستا دێت و بەشێکی کەلەپوورو مێژووی رابردوو لەتەك خۆیدا دەهێنێ. تەوژمی دووەم کرداری هەنووکەییە. ئەم کردارە لەبەرنامەکانی ئێستادا خۆی دەنوێنێت. تەوژمی سێیەم، تەوژمی دواڕۆژەو بە گرنگترینیان دەژمێردرێت. ئەمەیان بەرەو داهاتوو درێژ دەبێتەوە، پلان بۆ ژیانی دواڕۆژ دادەنێت و بەرنامەی درێژخایەنی بۆ دادەڕێژێت. هەڵوێست لەدواڕۆژی گەشەکردنی جیهان و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی مرۆڤ، دووبابەتی سەرەکین لەنێوان ئەرکەکانی پەروەردەو فێرکردن و بەرنامەکانی خوێندنداو، دەبێت سیستەمی پەروەردە لە هەر وڵاتێکدا وەڵامیان پێبداتەوەو ڕێوشوێنیان بۆ دیاری بکات و بەتەواوی یەکلاییان بکاتەوە.

ئەگەر ئەم بنەماو پرنسیپانە بۆ پەرەپێدانی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن بەگشتیو، بۆ بەرنامەکانی خوێندن بەتایبەتی، بەگەڕ بخرێن، دەبێت هەر لە ئێستاوە دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی پەروەردەیی باڵا وەڵامی خۆیانیان هەبێت. ئەم وەڵامدانەوەیە تا زووترو بەپەلەترو بێ پێچووپەناترو بەرچاو ڕووناکتربێت، بەو رادەیە گەشەسەندن و پەرەپێدان لەم کایە گرنگەدا، بە بەرهەمترو پتەوترو ئاسانترو گەشەدارتر دەبێت.

سەرەتای وەڵام بە رەنگڕشتنی پلانی گەشەسەندنی ئابووریو کۆمەڵایەتی دەست پێدەکات. ئەم پلانە دەبێت هەمەلایەنە بێت.

باری ئابووری کوردستان و توخمە جیاجیاکانی ئابووری بگرێتەوە. نەخشەو پلانی گەشەسەندنی پیشەسازیو کشتیاریو بازرگانی بۆ قەرەبووکردنەوەی بارودۆخێکی نالەبار، کە لە ئەنجامی سیاسەتەکانی رژێم دروست بووە، ئەرکی یەکەمی دەسەلاتی هەرێمەو دواخستن هەڵناگرێ. ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بەشێکی ئەم رەنگڕشتنە فراوانە دەبێت.

تۆژینەوەی زانستییانە بۆ باری ئابووری کوردستان و بوارەکانی چالاکی ئابووری پێویستە. دەبێت ئەم تۆژینەوانە پشت بە ئامارێکی وورد لە هەموو کایەیەکدا ببەستن. توانایییە ماتەریو مرۆییەکان دەستنیشان بکەن؛ هێزی کاری راستەقینە چەندەو شارەزایی و کارامەییان لە چ رادەیەکدایە دیاری بکەن. لە ساڵەکانی جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیەی گەشەسەندندا چەند کادیری پسپۆرو هونەری پێویستن؟ ئایا لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان توانای پیادەکردنی ئەم کادیرانە هەیە؟ ئەم توانایە تا چ رادەیەکە؟

لە بواری کاری خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیدا، بە هەمان شێوە، تۆژینەوە بۆ دەستنیشانکردنی تواناییەکانی ئێستاو، توانا ماتەریو مرۆییەکانی داهاتوو، بەتایبەتی لە بواری خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەك ئاوو کارەباو بیناسازیو پۆست و تەلەفۆن و رێگاوبان و خزمەتگوزارییەکانی شارەوانیو تەندروستیو پەروەردەو فێرکردندا، پێویست دەبن.

پەیوەندی پەروەردەو فێرکردن و بەرنامەکانی خوێندن بە کرداری گەشەسەندنی ئابووریو کۆمەڵایەتییەوە، لە بواری ئامادەکردن و سازدانی کادیردا، بەرجەستە دەبێت. بەرنامەکانی خوێندن هەر لە یەکەم قۆناغەوە تا خوێندنی باڵا دەبێت ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت و توخمە مرۆییەکانی گەشەسەندن و پەرەسەندنی ئابووریو کۆمەڵایەتی، لە رووی

زانستیو تەکنیکییەوە، ئامادە بکەن.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەو راستییەش بکرێت کە خوێندن لـە پـەیمانگاو کۆلیـجە جیاجیاکـاندا -لـە هـەر هـەموویاندا- پـەیوەندی بـە بەرنامەڕیـژکردنی ئـابووریو کۆمەڵایەتییـەوە هەیـەو نابێـت بێپلان دانـان و رەنگڕشتنیـکی زانستی لـە خۆڕا زانکۆ یان ئەم پەیمانگاو ئەو کۆلیـج بکرێتەوە دەنـا پـاش چـەند ساڵێـك قەیرانیـکی گـەورە دەکەوێـتەوەو دەرچووانی ئەو پەیمانگاو کۆلیجانە بێکار دەمێننەوە، تەنانەت ئەگـەر بەزۆریـش وەك چارەسەرکردنێـکی گیـروگرفتی بێکاری جێـگایان بـۆ بکرێـتەوەو لـە دەسـگاکانی بەرهـەم هێـنان و خزمـەتگوزاریدا دابمەزرێنرێن، شێوەیەکی دیکە لە بێکاری، کە بێکاری روو پۆشراوە، دروست دەکەن.

ئیـمڕۆ کوردسـتان پێداویـستی بـە پلانیـکی گەشەسـەندنی ئابووریو کۆمەڵایـەتی -بەلایـەنی کەمـەوە- پێـنج ساڵە هەیە، کە سـەرجەمی بارودۆخەکـەی ئیـستا لەبـەرچاو بگرێـت و، بـۆ هـەر بواریـکی ژیـانی مـاددیو مەعنـەوی لـە کوردسـتاندا، ئەڵتەرناتیڤیـکی گونجـاو دابنیـت و، پـەروەردەو فیـرکردن و بەرنامـەکانی خوێندن بە تەواوی بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو پلانی گەشەسەندنە بجووڵێنێ. هـەموو ئەو لایەنانەی پەیوەندییان بەم پلانـەوە هەیە دەبێـت لـە یەك پرۆسـەی هاوئاهـەنگدا کارەکانیان رێکبخەن و لەپێناوی سەرخستنیدا تێبکۆشن.

وەڵامی بەرنامەکانی خوێندن بۆ نەریـت و رەوشت و پیـوانە کۆمەڵایەتییـەکانیش، دەبێـت لـە پێـداچوونەوەی کەلـەپووری رۆشنبیـرییەوە دەست پێبکات و، سەیری هـەموو کەلەپوور بە چاوێکی رەخنـەگرانەوە بکات و، تەنـها لایەنی پرشنگداری ئەو کەلەپوورە کەرەسەی بێت.

هەروەها پێویستە نەریتە باوەکان بژاربکرێن و لێکۆڵینەوەی زانستییان لەسەر بکرێت. خوێندکاران بەرەو تووڕدانیان و شوێن پێهەڵگرتنی نەریتی زانستیو هاوچەرخانە ئاڕاستە بکرێن. ئەم ئەرکانە بەشێکی دیکەی ئەرکی کۆمەڵایەتی بەرنامەکانی خوێندنن. پێویستە خوێندکاران بە گیان وبیرێکی نوێ گۆش بکرێن و ئاستی هوشیاریی کۆمەڵایەتییان بە هوشیارییو زانستی ئەم سەردەمە پاراو بکرێت.

بۆ وەدیهێنانی ئەم گۆڕانکارییە رۆشنبیرییە-جگە لە دامەزراندنی بنکەیەکی ئابووری گونجاو-هەلمەتێکی کۆمەڵایەتی-رۆشنبیریی فراوان بۆ سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە باوەکان پێویستە. دەسەڵاتی سیاسیو هۆیەکانی راگەیاندن و دەسەڵاتی پەروەردەیی دەبێت بە یەك دەنگ و یەك ویستەوە لە پێناوی سەرخستنی بارێکی کۆمەڵایەتی نویدا، پاشماوەی پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکان، دیاردەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی خێڵەکی بەر رەخنەیەکی هەمەلایەنە بدەن و هەنگاوی راستەقینە بۆ پاکتاوکردنی ئاسەواری ئەقڵییەتی تیرەگەریتی هەڵگرن. زەبروزەنگی چەك و زمانی گوللەو خزم خزمێنەو خۆخۆییو کۆسەکۆسەی دەستەگەرێتیو حزبایەتی تەسك، دیاردەکانی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووانەن کە دەبێت بەرنامەکانی خوێندن لەرێی پەراوی وانە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەڵوێستیان لێوەربگرێت و راستەوراست، بە پێچەوانەی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییە هەرە دواکەوتووەی ئەم چەرخە، ئاڕاستەی خوێندکاران و نەوەکانی داهاتوو بکات.

ئەڵتەرناتیڤی ئەم دیاردە خێڵەکیو تیرەگەرییانە، دیاردە پرشنگدارە ژیارییەکان و پەیوەندییە شارستانییەکانی ئەم سەدەیەن.

پێویسته بەرنامەکان بانگەشەی ژیانی ئازادیو یەکسانی تەواو بۆ مرۆکانی ئەم سەرزەمینە بکەن. لەبری ژیانی سەربازیو چەکبازیو کوشتنبازی، ژیانی مەدەنیو یاسایی رابگەیەنن.

بەرنامەکانی خوێندن لە ئاستی گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستانیشدا نابێت بێدەنگ بێت، بەڵکو پێویستە لەلایەک راستەوخۆ هەندێ لەو گیروگرفتانە بکاتە بابەتی چالاکی پەراوەکان و چارەسەری زانستیو پێشکەوتووانەیان بەرچاو بخات، لەلایەکی دیکەوە شێوازی تۆژینەوەی زانستی وەك بابەتێکی تێکەڵ بە وانەکان لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا فێری خوێندکاران بکات و، لە قۆناغی ئامادەییدا وەك وانەی سەربەخۆ، پێیان بگەیەنێت؛ تا رادەی ئەوەی بەشێکی ئاوێتەی کەسایەتی هەموو ئەو کەسانە بێت کە لە خوێندنگاکانی کوردستاندا خوێندن تەواو دەکەن.

هەڵبەت ئەوگیروگرفتە کۆمەڵایەتییانە زۆرن کە کۆمەڵگای کوردستان بەدەستیانەوە دەناڵێنێ. دەبێت ئەم گیروگرفتانە لە هەر نوێکردنەوەیەکی بەرنامەکاندا لەپێش چاو دابنرێن؛ زەقترینیان بریتییە لە چەوساندنەوەی ژنان و، گاڵتەکردن بە کاری جەستەییو، راکردن بەدوای پارەو پلەو پایەو، بیرکردنەوەی ئەفسانەییو...هتد، کە سنووری ئەم لێکۆڵینەوەیە رێگەی لێدوانێکی وورد لەسەریان نادات.

بەم پێیە پەرەپێدانی بەرنامەکانی خوێندن لەسەر بنچینەی رووکاری پەرەسەندنی کۆمەڵگا دادەمەزرێت و گۆڕانکاریی بەم پرۆسە کۆمەڵایەتییەدا تێدەپەڕیو سەرکەوتنیش لەم رەوتەدا بە شیکردنەوەیەکی بەرنامەییو زانستیی هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگاوە بەندە، ئەڵتەرناتیڤی گونجاویش ئەم سەرکەوتنە بە لوتکە دەگەیەنێت.

خوێندکاران تەوەرەی کرداری پەروەردەو فێرکردنن. سیستەمی پەروەردە بە هەموو بەشە جیاجیاکانیەوەو، کرداری فێرکردن بە توخمە ماتەری‌و مرۆییەکانیەوە، بۆ خزمەتی خوێندکاران تەرخانن. کۆمەڵگاکان بەشێکی گەورەی داهاتیان بۆ پێگەیاندن و ئاراستەکردن و سازدانی خوێندکاران خەرج دەکەن.

پەرەپێدانی بەرنامەکانی خوێندن بە نیازی خۆشکردنی ئاووهەوایەکی لەبارتری پەروەردەیی بۆ خوێندکاران دەگیرێتەبەر. لەبەر ئەوە خوێندکاران لە ناوەندی هەر گۆڕانکارییەکی سیستەمی پەروەردەدا رادەوەستن و تەواوی پەرەپێدانی بەرنامەکان لە دەوری ئەوان خولدەخۆن. هەر بۆیە، لە پێداچوونەوەی بەرنامەکاندا، کاتێک پرۆژەی پەرەپێدانێکی هەمەلایەنە دادەنرێت، دەبێت لێکۆڵینەوەیەکی زانستی وورد لەسەر پێداویستییەکانی خوێندکاران بکرێت و لەبەر تیشکی ئەنجامەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا رووکاری پەرەپێدانی پەروەردەیی دەستنیشان بکرێت.

تۆژینەوەی باری سایکۆلۆژی‌و کۆمەڵایەتی خوێندکاران و ئاسۆی دواڕۆژی گەشەکردنیان بنەمایەکی سەرەکی پەرەپێدانی بەرنامەکانی خوێندنەو، بێ‌لەبەرچاوگرتنی، پەرەپێدان کاریگەرێتی نابێت و کەلێنێکی گەورەی تێدەکەوێ.

لە زانستی بەرنامە داناندا دوو شێوەی سەرەکی لەم رووەوە پەیڕەو دەکرێت. هەردوو شێوەکە رێوشوێنی سیاسەتی پەروەردەیی لە ئاستی بیناکردنی کەسایەتی تاکەکانی کۆمەڵدا دیاری دەکەن. سیستەمی پەروەردە بەپێی بەرەنجامی

لێکۆڵینەوەی هەر شێوەیەکیان بەرنامەکانی خوێندن ئاراستە دەکات. شێوەی یەکەم لە دەسگای دەسەڵاتدارێتی سیاسیو پەروەردەییەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەڵتەرناتیڤی پەروەردەیی بۆ پەرەپێدان سەرچاوەی ئەو بنەماو ڕێسایانە دەبێت کە بەرنامەکانی خوێندن خوێندکارانی پێ ئاراستە دەکات. واتە دەسەڵاتی سیاسی چۆنی بوێت خوێندکاران ئاراستە بکات، بیەوێت چ ئامانجێك لە رەفتاری خوێندکاراندا وەدیبهێنێت، بەو پێیە ئامانجە پەروەردەییەکان دادەڕێژرێن و بەرنامەکانی خوێندن بە نیازی وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە دادەنرێن یان پەرەیان پێ دەدرێت. بە چەمکێکی دیکە دەسەڵاتدارێتی سیاسی لە کۆمەڵدا بەپێی پێداویستییەکانی خۆیو جیهانبینیو ئامانجە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی، دوا ئامانجەکان دەستنیشان دەکات و سیستەمی پەروەردەو فێرکردن بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە وەگەڕ دەخات و بەو شێوەیە دەستکاریی هەموو لایەنە جیاجیاکانی کرداری پەروەردەو فێرکردن دەکات.

شێوەی دووەم لە بنەوە دەست پێدەکات و لە خودی خوێندکارانەوە سەرچاوە دەگرێ. لەم شێوەیەیاندا، پسپۆڕانی پەروەردە لە پێداویستی خوێندکاران خۆیانەوە دەست پێدەکەن؛ لە ئارەزووەکانیان، ئامانجەکانیان، گیروگرفتەکانیان دەکۆڵنەوەو لەبەر تیشکی ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەدا ناوەرۆکی بەرنامەکانی خوێندن دەستنیشان دەکەن و خودی پێداویستییە زانستیو رۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو..هتد بە بەرنامەو بابەتی خوێندن وەردەگێڕن و تەواوی توخمە ماتەری و مرۆییەکان بۆ پڕکردنەوەی ئەو پێداویستییانە دەبزوێنن.

دیارە هەر یەکێك لەم دوو شێوەیە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی

خۆیـــان هەیـــە. لایەنگیـــران و نـــەیارانی خۆیـــان هەیـــە. هـــەر شێوەیەکیان لایەنی ئیجابیو سەلبی خۆیان هەیە.

شێـوەی یەکـەمیان ئـەو شێـوەیەیە کـە سیستـەمی پـەروەردەو فێـرکردن لـە عێـراقدا پەیـڕەوی کـردووە. هـەردەم ئامانجـە پەروەردەییەکان دەستنیشاندەی دەسـەڵاتی فەرمانڕەوا بوون. ئەو ئامانجانـەی بـۆ کـرداری پـەروەردەو فیـرکردن دانـراون بـەپێی خواسـت و ئامـانجی چینـە باڵادەسـتەکان بـوون. تیشـکدانەوەی ئایدیـاو سیاسـەت و پیـداویستییە ئابوورییـەکانی ئـەو چینانـە بوون. ئـەو پرنسیپە پەروەردەییانـەش کـە لـە وڵاتانی دیکەو لـە تویـی پـەڕاوە پەروەردەییـەکان بـە گشـتی و پـەڕاوەکانی زانسـتی بەرنامـەکان بـە تایبـەتی وەرگیـراون، لـە بەرنامـەی قۆناغـە جیاجیاکانـدا تۆمار کراون، بە شێـوەیەکی ناوەندیو بە کوڵێـك کۆتـو پیـوەندی سیاسـیو حیزبییـەوە ئاڕاسـتەکراون و بـواری گەشـەکردنی کەسـایەتی خوێـندکارانیان نـەداوەو ڕەفتـاری خوێـندکارانیان بەرەو چاکتـر ڕێـنمایی نەکردووە. بۆیە ئامانجە پەروەردییەکان تـەنها خـەیاڵ پڵاو بوون و بە ئاکام نەگەیشتوون. ئەنجامەکەشی ئـەوە بووە، کرداری پـەروەردەیی ساڵ بـە سـاڵ بۆ دواوە هاتووەو لە چەندین جەمسەردا پچڕاوەو هەرەسی هێـناوە، بەڕادەیـەك، ئیـمڕۆ قەوارەیـەکی نـاوك پووچـی لێـماوەتەوەو داهێـزران بە گیان و جەستەیەوە دیارە.

ئەم بارە نائاسایيو پەرپووتەی پەروەردەو فێـرکردن لە ئاستی چارەنووسی خوێـندکارانی ئیـمڕۆو نەوەکانی دواتریشدا کە بە نێو ئەم سیستەمەدا ڕادەبوورن، پێویستیی بە دیاریکردنی بنەما زانستییەکانی پـەرەپێدانی بەرنامەکانـە بۆ ئـەوەی گەشـەکردنی تـەواوو هەمەگیـری خوێـندکاران هـەنگاوی ڕاسـت و دروسـتی بۆ بنرێت و تەواوی بەرنامەکانی ڕژێـم و ئـامـانجە دزێـوەکانی

سەبارەت بە ئاڕاستەکردنی چەواشەی خوێندکاران، سەرەنگریٚ بکرێن.

کاتێك قسە لە ئامانجە پەروەردەییەکان دەکرێت، یەکسەر دواڕۆژی کەسایەتی خوێندکاران مایەی پرسیار دەبێت. واتە: ئایا نەوەکانی ئێستاو دواڕۆژمان چۆن دەوێت؟ بۆچییان ئامادە دەکەین؟ چ هیوایەکیان پێوە دەبەستینەوە؟ چ ئەرکێکیان لە ئەستۆ دەنێین؟ دەبێت بەرنامەکانی خوێندن لەبەر تیشکی ئامانجەکاندا وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە. لەبەر ئەوە بەرنامەکانی خوێندن بە جەوهەرو ناوەرۆکی پەروەردەو فێرکردن دەژمێردرێن و چ لە بینای بەرنامەکانداو چ لە پەرەپێدانیاندا بایەخێکی گرنگیان هەیەو هەر لە سەرەتاوە دەبێت رەنگی دواڕۆژ بڕێژن و سەروسیمای کەسایەتی نەوەکان دیاریبکەن. بۆ ئەم مەبەستەش بنچینەی زانستییانەی باو ئەوەیە ئەم پرنسیپانە لە پەرەپێدانی بەرنامەکاندا لەبەرچاو بگیرێن:-

١) پشت بەستن بە راستییە زانستییەکانی سایکۆلۆژی دەربارەی قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵ هەر لە بوونەوە تا گەورە بوون. سایکۆلۆژی- وەك زانستێك- لە هەموو لایەنەکانی گەشەکردنی منداڵ: جەستەیی، ویژدانی، ژیری، کۆمەڵایەتی، دەکۆڵێتەوە؛ یاساکانی گەشەکردن لە هەر بوارێکیانداو، پەیوەندیی لایەنەکانی کەسایەتیو، پەیوەندییان بەدەوروبەرەوە، دیاری دەکات. هەرکاتێك سوود لەم راستییە زانستییانەی سایکۆلۆژی وەربگیرێت ئەنجامەکەی دانانی بەرنامەی گونجاو بەپێی قۆناغەکانی گەشەکردن دەبێت. ئەمە جگە لەوەی سایکۆلۆژی، بۆ هەر قۆناغێکی خوێندن پێداویستییەکان و داواکارییەکانی گەشەکردن دیاری دەکات و بەرنامەکانی خوێندن

دەتوانن ئەو پێداویستیو داواکارییانە لە خۆیان بگرن و بە شێوەیەکی زانستی و فراوان خۆراکی گەشەکردنی ژیریو ویژدانیو کۆمەڵایەتیو...هتد، خوێندکاران بن.

٢) لێکۆڵینەوەی مەیل و پێداویستیو ئارەزوو و گیروگرفتەکانی خوێندکاران و لەبەرچاوگرتنی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان لە پەرەپێدانی بەرنامەکاندا. پێویستە لێکۆڵینەوەکان بە تۆژەرەوەو کەسانی پسپۆڕی پەروەردەیی شارەزا لە بنچینەکانی تۆژینەوەی زانستی بسپێردرێن و بە زوویی بە ئەنجام بگەیەندرێن تا لە داڕشتنەوەی بەرنامەکاندا مامەڵەیەکی زانستییانەیان بکرێت.

٣) دەبێت بەرنامەکان پراکتیکی ئەو نەریت و رەفتارە کۆمەڵایەتییانە دابین بکەن، کە کۆمەڵ بۆ دواڕۆژی خۆی چەسپاندنیانی گەرەکە. ئەو پرنسیپە کۆمەڵایەتیو پەروەردەییانەی پێویستە بۆ خوێندکارانی ئێمە دابین بکرێن زۆرن؛ مەگەر تەنها لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەلایەن چەند تۆژەرەوەیەك بە هەرەوەزی توانای ناسینی هەموویانی هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی دیکەی جیهان و ئەو کەلەپوورە زانستییەی لەم بوارەدا هەیە هەندێك لەو پرنسیپانە دەستنیشان دەکەین تا بەرنامە نوێیەکانی خوێندن لە هەنگاوی خۆیاندا جێیان بۆ بکەنەوە.

أ- رێزگرتنی کەسایەتی هەموو تاکێکی کۆمەڵ.

ئەم چەمکە واتای دابینکردنی ئازادیو داکۆکیکردن لە سەربەستی کەسایەتی هەموو تاکێکی کۆمەڵ دەگرێتەوە. رێگای کردەوەیی بۆ چەسپاندنی ئەم پرنسیپە ئەوەیە توانای ئاستی

جیاجیای تاکەکان رەچاو بکرێت، هەلی چوونیەکیان بۆ هەڵخرێت، ئازادی بیرکردنەوەو دەربڕینیان بۆ دابین بکرێت، کەسایەتی سەربەخۆیان رێز لێ بگیرێت.

ئەم پرنسیپە نەك هەر لە بەرنامەکاندا دەبێت بانگەشەی بۆ بکرێت و لە نێو خوێندنگاکانداو لە ژیانی رۆژانەی خوێندکاراندا، بەتایبەتی لە بواری خۆرێکخستن و کارکردن لە رێکخراوەی تایبەتی خۆیان و بەڕێوەبردنی چمکێکی کاروباری خوێندنگا، رێوشوێنی جێبەجێکردنی دابنرێت، بەڵکو دەبێت لە ئاستی کۆمەڵیشدا هەنگاو بۆ پەیڕەویکردنی بنرێت و، پێشێل کردنی بە یاسا قەدەغە بکرێت. دەبێت ئازادی سیاسیو راگەیاندن و دەربڕین و چالاکی رێکخراوەییو رۆژنامەگەریو...هتد، و شان بە شانیشیان ئازادییە شەخسییەکان سەرچاوەو نموونەی ئەو رێز لێنانەی کەسایەتی مرۆڤ بن و، خوێندنگاکان لە رێی بەرنامەکانەوە ئامرازێکی گشتیکردنەوەیان بن.

ب- بایەخدان بە رەفتاری هاریکاری لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا.

ئەم کردەوەیە، لەلایەك بۆ هاوتاخستنەوەی بایەخدان بە کەسایەتی تاکەکان و، لەلایەکی دیکەوە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو دەلاقە گەورەیەی لە رەفتاری خۆپەرستانەی نێو کۆمەڵدا بەرچاو دەکەوێت؛ پێویستە لە گیان و بیرورەفتاری خوێندنکاراندا بچێنرێت تا بتوانرێت وەك نەریتێکی کۆمەڵایەتی بچەسپێنرێت.

دەبێت بەرنامەکانی خوێندن، رێوشوێنی کردەوەیی بۆ هاریکاری نێوان خوێندکاران دیاری بکەن. هەلی هاریکاریکردن لە چالاکییەکانی خوێندنگادا برەخسێنن لەوانە جیاجیاکاندا،

هاریکاری، وەك نموونەیەکی گەشەدارو هەرە زیندووی ژیانی هاوچەرخ و هۆکاری سەرکەوتن بخرێتە روو. بەرنامەی چالاکیی خوێندنگاکان، بەتایبەتی ئەو چالاکییانەی لەدەرەوە دەکرێن، ببنە بەشێکی دانەبڕاو لە بەرنامەکانی ناوەوەی خوێندنگاو مایەی لێپرسینەوەو هەڵسەنگاندن بن؛ وەك سەردانی دامەزراوە کارگوزارییەکان و، کردنی کارگەو کێڵگەو شوێنەکانیبەرهەم هێنان و، ئاسەوارە مێژووییەکان، بۆ خوێندکاران، بە دووەم مەڵبەندی فێربوون و، دامەزراندنی کۆمەڵی هەرەوەزیو یانەو کامپ و، چالاکیی هونەریو وەرزشیو رۆشنبیریو، لە نێو پۆلەکانیشدا ئەو رێگایانە پەرەپێبدرێن و هانی مامۆستایان بۆ پەیڕەوی کردنیان بدرێت کە کاری هەرەوەزی خوێندکاران دەخوازن و گیانی هاریکاری لە نێوانیاندا بەهێز دەکەن.

ج- راهێنانی خوێندکاران لەسەر شێوازی بیرکردنەوەی زانستی.

ئەمە پرنسیپێکی دیکەیەو ئیمرۆ کۆمەڵگاکان بەجیاوازی سیستەمی سیاسیو ئابوورییانەوە هەوڵی پیادەکردنی دەدەن و، بە سەرتاپای پەیکەری سیستەمی پەروەردەو فێرکردنی خۆیاندا رایەڵی دەکەن و هەمووی پێوە بەند دەکەن.

ئەم پرنسیپەش پێویستی بە بواری جێبەجێکردن هەیە، بۆیە دەشێت هەر لە داڕشتنی پەڕاوەکانەوە تا سەر رێگاکانی وانە گوتنەوەو تا سەر رێکخستنی کاروباری خوێندنگاکان و چالاکیخوێندکاران -بەتایبەتی چالاکی زانستی و رۆشنبیریی- پەیڕەو بکرێت و لێپرسراوان لەسەری سوور بن؛ تا نەوەکانی ئێستاو داهاتوو بەم گیانە پەروەردە بکرێن و کۆمەڵ لەدوا ڕۆژدا ئەرکی پەرەپێدانی زانستییانەی کۆمەڵگاو پێشبڕکێی جیهانیی زانست و تەکنۆلۆژیایان پێ بسپێرێت.

٤) گۆڕینی ڕەوشت و ڕەفتاری خوێندکاران بە شێوەیەکی بەرنامەیی‌و، لەبەر تیشکی ئامانجە پەروەردەییەکاندا بەرەو پێشەوە ببرێت.

ئەم پرنسیپە ناوەڕۆکی کرداری پەروەردەو فێرکردن پێکدەهێنێت. ئەم پرنسیپە ئەرکێکی گەورە بە سیستەمی پەروەردە دەسپێرێت. ئەم ئەرکە گەورەیە لەڕێی بەرنامەکانی خوێندنەوە بە ئەنجامی خۆی دەگات. بۆیە ئەم گۆڕانکارییەی ڕەوشت و ڕەفتار بنەمایەکی بنەڕەتی‌و هەرە گرنگی پەرەپێدانی پەروەردەییەو پێوانەی ڕادەی سەرکەوتن و توانایی سیستەمەکەیە. لەبەر ئەوە، بۆ ئەم گۆڕانکارییە لە ڕەفتاردا دەبێت بەرنامەکان ڕووەو وەدیهێنانی ئەم ئامانجانە ئاڕاستە بکرێن.

أ- ئامادەکردنی خوێندکاران بۆ کارکردن و خۆ گونجاندن و هەڵسووڕانێکی کاریگەر لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئیمڕۆو دواڕۆژی کۆمەڵداو سازدانیان بۆ وەرگرتنی دوا داهێنانە هاوچەرخەکان، کە لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا ڕوو دەدەن.

ب- دەبێت بەرنامەکان بە شێوەیەکی ئۆرگانیکی پەیوەندییان بەژیانەوە هەبێت و تەواوی زانیاری‌و چالاکییەکانی خوێندنگاکان لە تەوەرەی پێداویستییەکانی ژیاندا دابمەزرێنرێن.

ج- بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانەی سەرەوە، دەبێت بوارەکانی شارەزاکردن و کارامەکردنی خوێندکاران هەمەلایەنە بن و پشت بە پێداویستییە ڕاستەقینەکان ببەستن.

ئەم بنەمایە، ئەو بوارانەی خوێندنیش دەگرێتەوە کە بەرنامەکان دەستنیشانیان دەکەن و ئەرکی بە جێگەیاندنیان بە خوێندنگاکان دەسپێرن؛ وەکوو:-

– هەڵبژاردنی ڕێگای پەروەردەیی گونجاو بۆ خوێندکاران تا سوود لەم بوارانە وەرگرن و بێسەرمایەی زانستیو شارەزاییو کارامەیی خوێندنگاکان بەجێ نەهێڵن.

– دیاریکردنی چالاکی جۆراوجۆرو ڕێگای نوێی فێرکردنی خوێندکاران کە لەگەڵ تەمەنی ژیریو گەشەکردنی هەر قۆناغێکی ژیانیاندا بگونجێن.

–دیاریکردنی هۆیەکانی فێرکردن بەپێی ئاستی ژیری خوێندکاران و ئەو گەشەکردنە تەکنۆلۆژییەی لەم بوارەدا ڕوویداوە یان لەدوا ڕۆژدا ڕوو دەدات.

–هاوکات لەتەک بەتەنگەوەهاتنی دابینکردنی ئەو بنەمایانەدا پێویستە هۆیەکانی ئاڕاستەکردن و ڕابەریکردنی پەروەردەییو دەروونی لە خوێندنگاکاندا دابین بکرێن و، نەک هەر کەسانی پسپۆڕ، بەڵکو مامۆستایان بە گشتی لەسەر شێوازەکانی ئەم کردارە ئامادە بکرێن و لە سەریان ڕابهێنرێن.

بۆ پەرەپێدانی بەرنامەکانی خوێندن چەند بنەمایەکی دیکە هەن دەبێت رەچاو بکرێن. ئەم بنەمایانە کاریگەریێتی بنەماکانی پێشوو تەواو دەکەن و هاوشانیان پەرەپێدانێکی زانستی لە کرداری پەروەردەو فێرکردندا بەرپا دەکەن. ئەم بنەمایانە بۆ خۆیان مەیدانێکی فراوانی لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەی زانستین، بۆیە لێرەدا تەنها بۆ ناسینیان، بەکورتی لە چەند خاڵێکی چڕدا ئاماژەیان بۆ دەکەین:-

١) بنەمای دامەزراندنی بەرنامەکان بەپێی تایبەتمەندییەکانی گەشەکردنی رۆشنبیریو زانست لەم چەرخەدا. دیارە ئەوە ئەرکێکی سەرشانی بەرنامەکانە هاوسەنگیی گەشەکردنی رۆشنبیری لەبەرچاو بگرێت و خوێندکاران بۆ بەجێگەیاندنیان ساز بدات؛ چونکە هۆکارێکی سەرەکیو هەرە بنچینەیی دواکەوتنی رۆشنبیری لە کۆمەڵگاکاندا بۆ هاوسەنگیو هاوتا نەبوونی پایە رۆشنبیرییەکان دەگەڕێتەوە. ئەم پایانە کە بریتین لە پایەی ماتەریو شێوازەکانی کارکردن و نەرێتەکان و چەمکەکان و ئایدیاکان، یان بە شێوەیەکی سادەتر، بریتین لە پایە ماتەریو مەعنەوییەکان، وەك یەکەیەکی تەواو، لەنگەری رەوتی کۆمەڵگاکان رادەگرن و هەر گەشەکردنێکی ناهاوتای لایەنێکیان پەنگ خواردنەوەو پێکوتەی رۆشنبیریی، واتە دواکەوتنی رۆشنبیریی دروست دەکات.

ئەم دواکەوتنە رۆشنبیرییەی لە کۆمەڵگاکاندا هەیە بە گۆڕانکارییەکی هەمەلایەنەی سیاسیو ئابووریو کۆمەلایەتیو رۆشنبیری چارەسەر دەکرێت. پەروەردەو فێرکردن ئامرازێکی

چارەسەرکردنەو لەنێو ئەم ئامرازەشدا بەرنامەکانی خوێندن ڕۆڵی کاریگەری خۆیان وازی دەکەن. بۆیە دەبێت بە زوویی گۆڕانکارییە ڕۆشنبیری‌و زانستی‌و تەکنۆلۆژییەکان لە بەرنامەکاندا ڕەنگبدەنەوە. بێ ئەم توانایییە هەڵکشانی هاوتای پایەکانی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگا نایەتە دی.

٢) بنەمای شارەزایی لە ژینگەدا. ئەم شارەزاییە لەلایەنە ماتەری‌و مرۆییەکانی ژینگەدا، لایەنێکی هەرە گرنگ و پڕ بایەخی ئامانجەکانی خوێندن پێکدەهێنێت. بێ ئەم شارەزاییە گۆڕانکاریی ڕەفتارو ڕەوشت ڕووەو پێشەوە، واتە کرداری فێربوون بە چەمکە زانستییەکەی ڕوو نادات.

ژینگە بریتییە لەو بارودۆخەی زیندەوەر تێیدا دەژی، کاری تێدەکەن و کاریان تێدەکات. بە گشتی دوو ژینگەی سەرەکیش هەن، ئەوانیش: ژینگەی ماتەری‌و ژینگەی مرۆیین. بەرنامەکانی خوێندن دەبێت هەر دوو ژینگەکە بەپێی بەرنامەیەکی زانستی بە خوێندکاران بناسێنێ تا لە دواڕۆژدا، کاتێك وەك ئەندامێکی کارا لە کۆمەڵدا هەڵدەسووڕێن، بتوانن بە شێوەیەکی زانستییانە مامەڵە لەگەڵ هەردووکیاندا بکەن.

مەبەستەکانی شارەزایی لە بواری ژینگەدا بریتین لە:

– ناسینی سەرچاوە سروشتییەکانی وەك: هەوا، ئاو، سامانەکانی سەروبنی زەوی، گیانەوەرو ڕووەك و...هتد.

–بەکارهێنانی یاساکانی سروشت لە مامەڵەکردنی زانستییانەی سامانە سروشتییەکاندا تا بۆ خزمەتی ژیانی مرۆ بەکار بهێنرێن و خۆشگوزەرانی‌و زاڵیی مرۆ بەسەر سروشتدا دابین بکەن.

– شارەزایی لەو پیشەسازییە خۆماڵی‌و جیهانییانەی کە پێداویستییەکانی ژیان دابین دەکەن. هەروەها شارەزایی لەو

سامانە کشتیاریو ئاژەڵیانەی بۆ ژیان پێویستن و پەیوەندییان بە گوزەرانی خەڵکەوە هەیە؛ جگە لەمەش ناسینی پەیوەندی نێوان سامانە کشتیاریو ئاژەڵییەکان و ئەو پیشەسازییانەی لەو بەرووبوومانە دروست دەکرێن.

– شارەزایی لە بەرهەم هێنانی گەورەو شێوازەکانی سوود وەرگرتن لە پیشەسازی سەنگین و کردارەکانی ئاڵوگۆڕی کاڵاکان و ئەو یاسا ئابوورییانەی کاریان تێدەکەن و پەیوەندییان بە مەسەلەی گەشەکردنی ئابووریو کۆمەڵایەتییەوە هەیە.

– شارەزایی لە تەکنیکی راگەیاندنی هاوچەرخ و هۆیەکانی گواستنەوەو پەیوەندی بەستن لە ژیاری ئەم سەردەمەدا و ئاسۆی گەشەکردنیان لە دواڕۆژدا.

٣) بنەمای هەمەگیریی شارەزایی لایەنێکی دیکەیەو دەبێت لە گۆڕانکاریی بنەڕەتیی بەرنامەکاندا لەبەرچاو بێت. ئەم لایەنە تایبەتمەندییەکی گۆڕانکارییەو لە دەستکاریی رووکەشی جیا دەکاتەوە.

بەرنامەکانی خوێندن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی هارمۆنی کار لە خوێندکاران بکەن و پێکڕا هەموو ئامانجە پەروەردەییەکان بەدەست بهێنن، دەبێت نەخشەی هاوسەنگی بوارە جیاجیاکانی شارەزایی بکێشن.

پەروەردەی هاوچەرخ تەنها ئامانجی پڕکردنەوەی مێشکی خوێندکاران بە زانیاری نییە. پرنسیپە سایکۆلۆژییەکان ئەم شێوازە رەتدەکەنەوە. نابێت هەر لایەنی ژیریی لە کەسایەتی خوێندکاراندا بایەخ پێبدریو لایەنەکانی دیکە فەرامۆش بکرێت. بەڵکو دەبێت بەرنامەکان لایەنی ژیرییو جەستەیی و کۆمەڵایەتیو ویژدانیو رەوشتی...هتد، پێکەوە ببەنە پێشەوەو تاکێکی کامڵ و کەسایەتییەکی یەکبوو بەرئەنجامیان بێت. بۆیە

هەمەگیریی شارەزایی بە مانای چوونیەکی گرنگیدانە بە هەموو لایەنەکان.

ئامانجە پەروەردەییەکان لە بەرنامەکاندا لە دەوری چەند تەوەرێکی شارەزایی گر دەخۆن. ئەو تەوەرانە بریتین لە: (زانیارییەکان، کارامەییەکان، چەمکەکان، بیرکردنەوەی زانستی، مەیلەکان، چەشەی هونەری).

سیستەمی پەروەردەو فێرکردن لە عێراقدا، لەوەتەی هەیە، پێی لەسەر زانیارییەکان داگرتووە. ئەویش نەک بەقووڵی و فراوانیو بەپێی دواپێشکەوتنی زانست لە جیهاندا. لە سەردەمی رژێمی بەعسیشدا بە شێوەیەکی رووکەش ئەم ئامانجە هێڵرایەوە؛ بەڵام ئەوەی پتر ئەم رژێمە پێی لەسەر دادەگرت مەیلەکان بوو. ئەم ئامانجە پەروەردەییەی خستە خزمەتی ئایدیاو بیری بەرتەسکی نەتەوایەتیو تاکپەرستیو گشت بەرنامەکانی خوێندنی بۆ چەواشەکردنی مەیلی خوێندکاران ئاراستەکردو بۆ ئەم مەبەستە سوودی لە پەراوەکان و هۆیەکانی فێرکردن و هەندێ لەو کارە پەروەردییانەش وەرگرت کە لە وڵاتانی دیکەی جیهان بۆ گەشەکردن و ئاراستەکردنی زانستییانەی خوێندکاران بەکار دەهێنران وەک کارتی قوتابخانەو هەندێ زانیاری سۆسیۆمەتری، کە بۆ ئەمان دوو ئامرازی پەردەپۆش کردنی مەبەستی جاسوسیی بەسەر خوێندکارانەوە بوون. کەواتە هەر پەرەپێدانێکی زانستی لە بەرنامەکاندا روو بدات دەبێت بایەخ بەم تەوەرانە، وەکوو یەك، بدات و هەڵوسان لەلایەنێکیانداو پووکانەوە لەلایەنێکی دیکەیاندا دروست نەکات. کەسایەتی دواڕۆژیش، کە بتوانێت لە جیهانێکی پێشکەوتوودا بژی و مامەڵە لەگەڵ داهێنانەکانی زانست و تەکنۆلۆژیای هاوچەرخدا بکات، دەبێت تێکڕای ئەم لایەنانەی شارەزایی هاوبەشییان لە

بنياتنانيدا كردبێت.

٤) پاراستنی یەکبینەیی شارەزایی لە بەرنامەکاندا بنەمایەکی دیکەی پەرەپێدانی زانستییانەیە.

بۆ ئەوەی خوێندکاران بەرنامەیەکی تەواویان پێبدرێ، پێویستە شارەزایی لە بەرنامەکاندا، لە هەموو روویەکەوە، یەکبینەییان تێدا بێت. مەبەست لەم بنەمایەی دانان و پەرەپێدانی بەرنامەکان ئەوەیە، بەرنامەکان یەك بەدوای یەکدا بێن و هەریەکەیان ئەوی دیکەیان تەواو بکات؛ هەروەها پێداچوونەوەو پڕکردنەوەی کەموکوورییەکان و نوێکردنەوەی شارەزاییەکان بەپێی گۆڕانکارییەکانی جیهان زامن بکەن. ئەم یەکبینەییە، ئامانجەکان و گشت کرداری پەروەردەو فێرکردن تا سەر بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن، دەگرێتەوە، وەك بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشانی دەکەین:-

أ- یەکبینەیی ئەو شارەزاییانەی لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا بە خوێندکاران دەدرێن. بۆ نموونە: زانیارییەکان دەبێت لە هەموو قۆناغەکاندا یەکدی تەواو بکەن و زانیارییەکانی قۆناغەکانی خوارەوە بۆ زانیارییەکانی قۆناغەکانی باڵا بناغە بن.

ب- شارەزاییەکان لە ماددەکانی هەر قۆناغێکدا دەبێت پەیوەندییەکی توندوتۆڵ پێکیانەوە گرێبدات. واتە ئەو ماددانەی لە هەر قۆناغێکی خوێندندا هەن بە یەکەوە پەیوەست بن و یەکدی تەواو بکەن.

ج- یەکبینەیی شارەزاییەکانی نێو هەر ماددەیەك بە جیاو پەیوەندییان بە یەکدییەوە. واتە شارەزاییەکان لە نێوان بابەتە جیاجیاکانی یەك ماددەدا یەکدی تەواو بکەن.

د- پەیوەندی نێوان ئەو شارەزاییانەی لە یەك بابەتی ماددەیەکیشدا دەبن بنەمایەکی دیکەیەو دەبێت تا رادەیەکی زۆر

لە بەرچاو بگیرێت.

بەم شێوەیە یەکبینەیی ئاسۆیی لەسەر ئاستی ماددەکان و یەکبینەیی ستوونی لەسەر ئاستی قۆناغە جیاجیاکان زامن دەکرێت. ئەم یەکبینەییە لە ئامانجی ماددەکان و ئامانجی قۆناغە جیاجیاکاندا دەبێت رەچاو بکرێت؛ هەروەها لە دانانی پەڕاوو، دیاریکردنی هۆیەکانی فێرکردن و، شێوازەکانی ئاڕاستەکردن و رابەریکردنی پەروەردەیی‌و، دواجار پێوان و هەڵسەنگاندنی سەرجەمی کرداری پەروەردەو فێرکردن، وەدی بهێنرێت.

سەلماندنی ئەم بنەما زانستییە هەموو ئەو کارە سەربەخۆو پچڕ پچڕو کورت و کوێرانە پووچەڵ دەکاتەوە کە بۆ گۆڕین یان چاککردنی پەڕاوێك یان لایەنێکی پچووك لە کرداری پەروەردەو فێرکردندا دەستی دەدرێتێ. بەمەش راستییەکی زانستی لەمەیدانی پەرەپێدانی بەرنامەکاندا دەچەسپێ.

٥) هاریکاریی هەمەلایەنە بۆ گۆڕانکاریی و پەرەپێدانی بەرنامەکان.

بەرنامەکانی خوێندن موڵکی هەموو خەڵکییە. رۆڵەکانی ئەوانی پێ پەروەردە دەکرێت. دواڕۆژی نەوە لەدوا نەوەی پێوە بەندە. بەوپێیە لەمەودایەکی دوورتردا دواڕۆژی گەشەکردنی کۆمەڵگای پێوە بەستراوەتەوە. لەبەر ئەوە پەرەپێدانی بەرنامەکان کارێك نییە بەتەنها پەیوەندی بە چەند کەسێکی پەروەردەیی یان دەسگایەکەوە هەبێت، بەڵکو پەیوەندی بەهەموو کەسێکەوە هەیە و مافی هەموو تاکەکانی کۆمەڵە قسەیان لەسەری هەبێت و بیرورِاو بۆچوونیان دەربارەی دەرببڕن. دیارە شارەزایانی پەروەردە رۆڵێکی کاریگەر لەم بوارەدا دەبینن و پسپۆڕانی پەروەردەیی دەتوانن پاکوپیسی بەرنامەکان لەسەر بنچینە زانستییەکان بکەن. لەبەرئەوە پەرەپێدانی بەرنامەکان

پێویستی بەهاریکاری هەموو کەسێك هەیە هەر لە مامۆستایان و، کارگێڕی خوێندنگاکان و، سەرپەرشتیاران و، پسپۆڕانی پەروەردەیی‌و، باوکان ودایکانی خوێندکارانەوە تاسەر رۆژنامەنووسان و نووسەران و تۆژەروان و زانایان و بیرکاران.

جگە لەم کەسانە دەسگا زانستی‌و رۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتییەکان، هەریەکەیان لە لای خۆیانەوە، ئەرکی هاریکاری پەرەپێدانی بەرنامەکانیان لە ئەستۆ دەکەوێت. دەسگاکانی راگەیاندن لە نێو ئەم دەسگایانەدا دەتوانن رۆڵێکی سەرەکییان هەبێت. زانکۆکان لە پێشەنگی کاروانی هاریکاری بۆ ئەو گۆڕانکارییە دەتوانن رۆڵی خۆیان ببینن.

دیارە ئەوەش ئاشکرایە کە دەوڵەت و رێکخراوە جیهانییەکانی پسپۆڕلە کاری پەروەردەو فێرکردندا، چ لەرووی تەکنیکی (هونەری) و چ لەرووی ئاسانکردنەوەی هەلومەرجی پەرەپێدان و چ لەرووی دەسگیرۆیی دارایی ئەو پرۆژانەی بۆ ئەم مەبەستانە دادەنرێن، دەتوانن رۆڵی خۆیان ببینن.

دەسگاکانی یاسادانان و جێبەجێکردنیش دەتوانن بەجێگەیاندنی بەرنامە نوێیەکان لە چوارچێوەی یاسایی بگرن و رێوشوێن و جێوڕێی بەجێگەیاندنی پەیرەوو رێساکانی سیستەمی پەروەردە بەگشتی‌و ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییانەی لەئاکامی پەرەپێدانی بەرنامەکاندا دێنە کایەوە،دیاری بکەن.

باشترین لێکۆڵینەوەی زانستی کاریگەرێتی خۆی لەدەست دەدات ئەگەر پراکتیکی لەگەڵدا نەبێت. بۆیە ئەو بنەماو پرنسیپانەی لە پێشەوە باسمان کرد تەنها چوارچێوەیەکی تیۆریی پەرەپێدانی بەرنامەکانن و، دەبێت هەنگاوەکان لەبەر تیشکی ئەو راستییانەدا بنرێن. پراکتیکی ئەم پرنسیپانەش چەندین ئەزموونی زانستییانەی هەیە و لە وولاتانی پێشکەوتووی جیهاندا پەیرەو دەکرێن. دیارە بۆ پەرەپێدانی بەرنامەکانی خوێندن لە کوردستاندا ئەو ئەزموونانە پێویستن و دەبێت لەگەڵ بارودۆخی تایبەتی کوردستاندا بگونجێندرێن و بە هوشیاریو کارامەییەوە بگوێزرێنەوەو سوودیان لێوەربگیرێت.

زاناکان و پسپۆرانی بواری پەروەردەو فێرکردن بۆ پەرەپێدانی بەرنامەکانی خوێندن لەسەر کۆمەڵێك رێسای گشتی هاوڕان و پێکهاتوون. ئەم رێسایانە لەمەیدانی لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەی پەروەردەییدا بەهەنگاوەکانی پەرەپێدانی بەرنامەکان ناودەبرێن. زاناکان ئەزموونی پەرەپێدانی بەرنامەکانی خوێندنیان لە چەند هەنگاوو هەڵسوکەوتێکی پراکتیکیدا کۆکردۆتەوە. زانین و پەیرەوی‌کردنی ئەم هەنگاوانە، دەسگا لێپرسراوەکانی پەروەردەو فێرکردن لەهەڵەو لادانی زانستیو هونەریو بەفیڕۆدانی وزەو کات و پارەی زۆر دەگێڕێتەوەو، لەسەر راستە شەقامی گەیشتن بەو ئامانجە پەروەردەییانەی بۆ ئیمڕۆی کوردستان پێویستن، دایان دەنێت.

## یەکەم: ئاراستەکردنی هەستی پەرەپێدان

هـەنگاوی یەکـەم لـە هەسـتی گشـتیی کۆمـەڵ سـەبارەت بەپێویسـتیی پەرەپێدانـەوە دەسـت پێدەکـات. ئـەم هەسـتە لـە ئـەنجامی کەموکووڕییەکانی‌سیسـتەمی پـەروەردەو واقیعـە پـڕ خەوش و پەڕپووتەکەیەوە سەر هـەڵدەدات. ئەم هەستە هەر تەنها لەو کەسانەدا دروست نابێت کە خۆیان ئەندامێکی سیستەمەکەن و لـە نزیکـەوە گەندەڵییـەکانی دەبینن، بەڵکو لە نارەزایەتییەکی کۆمەڵایەتی فراوانەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەم نارەزایەتییە لەگەڵێك شـێوەدا خـۆی دەنوێنـێ. نارەزایـەتی باوکـان و دایکـان لـەو کەمتەرخەمییـەی خوێندنگاکـان بەرامبـەر خوێندکـاران هەیانـە؛ هـەروەها نارەزایـەتی خـودی خوێندکـاران لـە مامۆسـتایان و لـە پـەڕاوەکانی خوێنـدن، نارەزایـەتی کۆمـەڵ بەگشـتی لەرەوشـت و رەفتـاری خوێندکاران لە ژیانی کۆمەڵایـەتی نێوخێزان و کۆمـەڵدا، چـەند نموونەیـەکی ئـەو نارەزایەتییـە گشـتییەن، کـە هەسـتێکی هوشـیارانەی جـەماوەری بەرامبـەر پێویسـتیی پـەرەپێدان و گۆڕانکاریی بنەڕەتی سیستەمەکە دروست دەکەن. هەر ئەم هەستە هوشـیارەیە دەبێتـە بنـەمای هاریکـاری کۆمـەڵو، لایەنگیـریی جەماوەر بۆ گۆڕانکارییەکان رادەکێشن.

بەڵام، بەتـەنها هەسـتی خۆڕسـك بۆ پـەرەپێدانی بەرنامـەکان، هیچ وەدەسـت نـاهێنێت ئەگـەر ئـەم هەسـتە ئاراسـتە نـەکرێت و نەبێتـە هێزێکی ماددیو لـە هـەموو ئاستێکدا زەق نەبێتـەوە. بۆیـە لـە هـەنگاوی یەکـەمی پـەرەپێدانی بەرنامـەکاندا دەبێت هەسـتی پێداویسـتی گۆڕانکـاریی گەشـەپێبدرێت. بـە واتایـەکی دیکـە، دەبێت سازدانێکی گشتی بۆ پـەرەپێدان بێتە کایـەوە. دەبێت ئـەم سـازدانـە ژێریو دەروونییـە رایگشتی بگرێتەوە، خوێندکاران و

ماموّستایان و کارگێڕانی خوێندنگاکان و سەرپەرشتیاران و پسپۆڕانی پەروەردەیی‌و باوکان و دایکان و نووسەران و رۆژنامەنووسان و...هتد بۆ ئەم کارە ساز بدرێن، جگە لەوەش لەئاستی رەسمیدا، هەر لە بەرپرسیارانی دەسەڵاتی سیاسییەوە تاسەر کاربەدەستانی وەزارەتی پەروەردەو دەسگا پەروەردەییەکانی خواریشەوە، دەبێت ئەم کرداری سازدانە بیانگرێتەوە، تا ئەو هەستەی هەیە گشتی بێت؛تا لە پراکتیکی پەرەپێدانی بەرنامەکاندا یەك دەست بن و هەریەکەو هەرلایە هەست بەبەرپرسیارێتی خۆی بکات و لە شوێنی خۆیەوە چمکێکی ئەو پرۆسەیە بگرێت و بەرەو پێشەوە پاڵی پێوە بنێت.

بۆ ئەوەی ئاراستەکردنی هەستی پەرەپێدانی بەرنامەکانی خوێندن بەرنامەیی بێت، پێویستە چەند کارێك ئەنجام بدرێت. لەوانە:-

١/١ دەسگاکانی راگەیاندن، وەك ئەرکێکی سەرەکی و ناوەندیی خۆیان، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو هەموو هۆیەکانی بڵاوکردنەوەو راگەیاندن بۆ قووڵترکردنەوەی هەستی گۆڕانکاریی و پەرەپێدانی پەروەردیی ئاوەڵابکەن، بەرنامەی تایبەتی ئاراستەکراو پێشکەش بکەن، پۆلیمیکی رۆژنامەیی و تەلەفزیۆنی ساز بدەن، بیروڕاو بۆچوونی هەموو ئەو کەسانەی مشووری ئەم کردارە دەخۆن بگەیەنن.

٢/١ ناوەندێکی توێژینەوەی پەروەردەیی لە وەزارەتی پەروەردەدا پێکبهێنرێت و توانای ماددی بۆ دابین بکرێت و توانا مرۆییەکانی نێو دەسگای پەروەردەو زانکۆکانی رووبەڕوو بکرێتەوە تا لە ماوەدایەکی کورتدا بەهەرەوەزی لەرێی پێکهێنانی چەندین دەستەی توێژینەوەی پەروەردەییەوە کۆمەڵێك توێژینەوەو لێکۆڵینەوە سەبارەت بە واقیعی پەروەردەو فێرکردن و کێشەکانی

ئامادە بکەن. ئەم تۆژینەوانە دەبێت ئەم لایەنانە بگرێتەوە،:

١/٢/١ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگای کوردستان لە رووی ئابووری و ئاسۆی چالاکییە ئابوورییەکان لە پێنج تا دەساڵی داهاتووداو رادەی پێداویستی ئەم چالاکییانە بە کادیری هونەری و ئەکادیمی و شارەزایانی تەکنۆلۆژی هاوچەرخ بە یارمەتی توێژەرەوەکانی مەیدانی بەرنامەڕێژیی ئابووری.

٢/٢/١ شیکردنەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی کوردستان لە هەموو روویەکەوە بە تایبەتی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و سروشتی خێزان و گیروگرفتەکانی و تەنگو چەڵەمەکانی گەنجێتی و ئاستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەندێ لە دیاردە رەوشتییە زاڵەکانی نێو کۆمەڵ.

٣/٢/١ تۆژینەوەی تایبەتمەندییەکانی منداڵان و هەرزەکاران لەو دوو قۆناغەی گەشەکردنیاندا بە سوود وەرگرتن لەو سامانە سایکۆلۆژییەی لەم بوارەدا هەیە. پێویستە بایەخێکی تەواو بەم لایەنە بدرێت. کێشە گشتییەکانی منداڵان و هەرزەکاران لەکوردستاندا بدرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە. شڵەقان وشڵەژانە دەروونییەکان دەستنیشان بکرێن، پێداویستییەکانیان، مەیلەکانیان، خواستەکانی دواڕۆژیان دیاری بکرێن و، وێنەیەکی واقیعییان بگیرێت و لە ئەنجامی تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەکاندا بکەونە ڕوو.

٤/٢/١ شیکردنەوی ئامانجە پەروەردەییەکانی سەردەمی رژێم و بەرنامەکان و پەڕاوەکانی خوێندن لە هەموو قۆناغەکاندا. شان بە شانی ئەم لێکۆڵینەوانە، بەرنامەکانی ئامادەکردنی مامۆستایان لە پەیمانگاو کۆلێجەکانداو بەرنامەکانی راهێنانیان دوای دامەزراندن، دەبێت بەر تۆژینەوەیەکی زانستی بدرێن.

ئەم کارانە گەرچی بە ژماردن زۆرن بەڵام دەتوانرێت

بەچاکترین شێوە بەئەنجام بگەیەندرێن، ئەگەر بەکەسانی لێوەشاوەو شایستەی خۆیان بسپێردرێن و بەرپرسیارێتی بالآی پەروەردە بەگیان و ووزەیەکی لە ئاسایی بەدەرەوە بەدوایاندا بچێت.

ئەم شێوازانە، هەستی گۆڕانکاریی بنەڕەتی باشتر دەبزوێنن و ئاوو هەوایەکی لەبار بۆ پەرەپێدانی بەرنامەکان و سەرکەوتنی پرۆژەکانی ساز دەدەن و زەمینەی پراکتیکیی بۆ هەنگاوەکانی دیکەی پرۆسەی پەرەپێدان خۆش دەکەن.

## دووەم: داڕشتنەوەی ئامانجە پەروەردەییەکان

دووەم هەنگاوی پەرەپێدانی بەرنامەکانی خوێندن گۆڕین و داڕشتنەوەی ئامانجە پەروەردییەکانە. ئەم هەنگاوە، هاوکات لەگەڵ تەواوبوونی چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی ئامانجە پەروەردییەکان و ئامانجی تایبەتی بەرنامەکان و پەڕاوەکان، دەتوانرێت بنرێت.

دانانی ئامانجەکان یان پەرەپێدان و داڕشتنەوەیان پێویستییەکی لەدواخستن نەهاتووە، چونکە چارەنووسی کردارەکانی دیکەی پەرەپێدانی پەروەردەییان پێوە بەستراوەتەوە. ئامانجەکان، رەنگی رێگای دواڕۆژی سیستەمی پەروەردە دەرێژن، ناوەرۆك و شێوازو چۆنایەتی رەوتی پەروەردەو فێرکردن دیاری دەکەن و ئامرازو هۆیەکانی بەجێگەیاندنی خودی ئامانجەکانیش دەستنیشان دەکەن. هەر لەڕێی ئامانجەکانیشەوە بەرنامەکان و رەفتارەکانی خوێندکارانیش هەڵدەسەنگێندرێن. بۆیە ئەم هەنگاوە لە

پەرەپێدانی بەرنامەکاندا بە ئەرکی هەرە بنچینەیی سیستەمی نوێی پەروەردە دەژمێردرێت و دەبێت پێش بخرێت و پەلەی لێبکرێت. بۆ ئەم مەبەستە کۆنگرەیەکی پەروەردەیی بۆ دانانی ئامانجەکان پێویستەو دەبێت بەر لە هەر کارێکی دیکە ئەنجام بدرێت. ئەم کۆنگرەیە بەتایبەتی بۆ داڕشتنەوەی ئامانجەکان دەبێت لەبەر تیشکی ئەو راستییە پەروەردەییانەی لێکۆڵینەوەکان بەدەستی دەهێنن. بەستنی ئەم کۆنگرەیەو سەرکەوتنی لە هێنانەکایەی ئەڵتەرناتیڤێکی نوێ لەبری سیستەمی پێشوو، چارەنووسی سەرتاپای سیستەمی پەروەردەو فێرکردنی لە کوردستاندا پێوەبەندە، بۆیە دەبێت نەخشەی بۆ بکێشرێت، لیژنەی تایبەتی بۆ ئامادەکردنی دابنرێت و توانایەکی زانستیو هەوڵێکی شێلگیرانەی بۆ بەگەڕ بخرێت.

کۆنگرەی ناوبراو ئەم ئەرکانە لەئەستۆ دەگرێت:-

١) دیاریکردنی ئامانجە گشتییەکانی پەروەردەو فێرکردن لەکوردستاندا. ئەم ئامانجانە لەسەر ئاستی سێ بوعد دادەنرێن؛ ئەوانەش ئاستی جیهانیو ئاستی عێراق و ئاستی کوردستانە. ئەم ئامانجانە لەسەر بنەمای جۆری ژیان و فەلسەفەو ئەڵتەرناتیڤی پەروەردەییی جێگری پەروەردەی رەگەز پەرستی دادەڕێژرێن.

٢) دیاریکردنی ئامانجەکانی قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن لەوانە:

- ئامانجەکانی باخچەی ساوایان.
- ئامانجەکانی قۆناغی سەرەتایی.
- ئامانجەکانی قۆناغی ناوەندی.

- ئامانجەکانی قۆناغی ئامادەیی.
- ئامانجەکانی قۆناغی زانکۆ.

جگـە لـەم قۆناغانـە دەبێـت کۆنگـرە ئامانجـەکانی ئـەم خوێندنگایانەش دابڕێژێتەوە:

- ئامادەیی پیشەسازی.
- ئامادەیی کشتیاری.
- پەیمانگاکانی تەکنیکی و کارگێڕیی.
- ئامادەیی بازرگانی.
- پەیمانگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایان و....هتد.

هەریـەکێك لـەم ئامانجانـەی قۆناغـەکانیش دەبێت گەشـەکردنی خوێندکـاران لـەم لایەنانـەدا- بـەپێی پێداویسـتی ئـەو قۆناغـەی تێیدا دەخوێن- دیاری بکات:

- گەشەکردنی جەستەیی.
- گەشەکردنی ژیری.
- گەشەکردنی ویژدانی.
- گەشەکردنی کۆمەڵایەتی.

٣) دەسـتـنیشان کردنی ئامـانجی ماددەکـانی خوێـندن بەگشتیو لـە هـەر قۆناغێـکدا بەتایبـەتی. بۆ ئەم مەبەسـتە دەتوانرێـت ئەم چەند گرووپە ئامانجانە دابنرێن:

- ئامانجەکانی گرووپی زمانەکان.
- ئامانجەکانی گرووپی بیرکاری.
- ئامانجەکانی گرووپی زانستەکان.
- ئامانجەکانی گرووپی کۆمەڵایەتی.
- ئامانجەکانی گرووپی هونەری.

دیـارە هـەر پەڕاویـێکیش ئامـانجی تایبـەتی خۆی هەیـە. ئـەم

ئامانجانە دواتر دەستنیشان دەکرێن و مەرج نییە لەم کۆنگرەیەدا بڕیاریان لەسەر بدرێت.

ئامانجە پەروەردەییەکان بەرچاوی هەڵسووڕاوانی بواری پەروەردەو فێرکردن ڕۆشن دەکەنەوەو چیدی هەنگاوەکانیان کوێرانە نانێن. ئەم ئامانجە پەروەردەییانە محەکی دەستی کۆمەڵن و بۆ هەڵسەنگاندنی سەرتاپای سیستەمی پەروەردەو فێرکردن بەکار دەهێنرێن.

ئەم ئامانجانە هەر بۆ خوێندکاران نین، بەڵکو بۆ مامۆستایان و کارگێڕی خوێندنگاکان و سەرپەرشتیاران و هەموو لێپرسراوانی پەروەردەشە. تەرازوویەکە هەموویانی پێ دەکێشرێو سەنگ و سووکییان بەدەردەخات.

لە داڕشتنی ئامانجەکاندا، دەبێت تایبەتمەندییەکانی ئامانجی پەروەردەیی لەبەرچاو بگیرێت. جگە لەو پرنسیپە سەرەکییەی ئاماژەمان بۆ کرد، کە دەبێت ئامانجەکان هەموو لایەنەکانی کەسایەتی خوێندکاران بگرنەوەو لەگەڵ ئاستی گەشەکردنی خوێندکاراندا گونجاو بن، نابێت ئەم تایبەتمەندییانەش لە دانانیاندا فەرامۆش بکرێن:

أ- ڕوونیو ئاشکرایی ئامانجەکان لە ڕووی داڕشتنیانەوە. لێکدانەوەی جیاجیایان لێ نەبێتەوەو هەموو کەسێک تێیان بگات و بزانێت چی وەدیدەهێنن.

ب- ئامانجەکان دیاریکراوبن بەتەواوی مەبەستەکانیان بەدەستەوە بدەن و توانای ئەوە هەبێت لەرادەی بەئەنجام گەیاندنیان بە شێوەیەکی دیاریکراو بپرسێتەوە.

ج- سادەییو بەپێزی ئامانجەکان.

د- ئامانجەکان توانای وەدیهاتنیان هەبێت. واتە ئامانجی وەها دانەنرێت کە لەم قۆناغەدا وەدیهێنانیان لە خوێندکاراندا ئاسان

نەبێت و مامۆستایانیش بەدەستیانەوە ماندوو بن و بۆیان نەخرێنە کەلانی خۆیانەوە.

هـ- ئامانجەکان لەگەڵ یەکتریدا تەبا بن چ لەسەر ئاستی قۆناغەکانی تەمەن و خوێندن، چ لەسەر ئاستی کەسایەتی خوێندکاران و چ لەسەر ئاستی ماددەو بابەتەکانی خوێندن پێچەوانەی یەکدی نەبن. هیچ ئامانجێك كۆسپی سەرەڕێی وەدیهێنانی ئامانجێکی دیکە نەبێت یان لە ناوەڕۆکی خۆیدا ئەوی دیکەیان نەسڕێتەوە.

و- ئامانجەکان توانای بە رەفتارکردنیان تێدا بێت. بەمانا هەر ئامانجێك توانای وەرگێڕانی بۆ سەرزمانی رەفتار هەبێت. رەفتارێکی دیاریکراو رەنگدانەوەی ئامانجێکی دیاریکراو بێت. کاتێك ئامانجێکی ژیری وەدیدەهێنرێ کە رەفتارێکی ژیری لێ بڕسکێ. هەر بەو جۆرەش ئامانجی ویژدانی و جەستەییو کۆمەڵایەتیو...هتد.

ئەم تایبەتمەندییە لە پەروەردەی هاوچەرخدا شوێنێکی تایبەتی هەیە. بە هۆی ئەمەوە پسپۆڕانی پەروەردە دەتوانن رادەی شایستەیی سیستەمی پەروەردە هەڵبسەنگێنن و کەلەبەرەکانی دەستنیشان بکەن و ناکۆکی نێوان ئامانج و رەفتار پێوانەی راست و دروستی بۆچوونەکانیان بێت. ئەمە سەنگی محەکە بۆ ئامانجەکان. بێ ئەمەو بێ رەفتاری گونجاوو تەبا لەگەڵیاندا ریسی پەروەردە دەبێتەوە بەخوری. داڕشتنەوەی ئامانجە پەروەردەییەکان بەو شێوەیەی لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانی کوردستاندا بگونجێ جێپەنجەی لە سەر گۆڕانکاریی و پەرەپێدانی هەموو ئەو توخمە ماتەری و مرۆییانەش دادەنێ سەبارەت بەوەی هەر یەکێك لەو توخمانە پەیوەندی بەسەرجەمی کرداری پەروەردەو فێرکردنەوە

هەیــە. لەگــەڵ گۆڕانکــاریی لــە بوارێکــی بەرنامــەکاندا رووبــدا دەبێــت لــە هــەموو کایــەکانی دیکــەدا روو بــدەن؛ چونکــە بــێ ئــەم هاوئاهەنگییــە لــە روودانــی گۆڕانکــاریدا کارەکــە لاسەنگ دەبێت و بە ئەنجامێکی سەرکەوتووانە ناگات. بۆ نموونە ئەگــەر یــەکێك لەئامانجــەکانمان ( بیــرکردنەوی زانســتی) بــوو، ئــەوا بۆ وەدەســتهێنانی ئــەم ئامانجــە دەبێــت ئامــانجی گــەلێك توخمــی پــەروەردەیی‌و کارکردنیــان لەگــەڵ ئــەو ئامانجــە دیــاریکراوەدا بگونجێندرێــن. ئامــانجی پــەڕاوەکان دەگۆڕێــت. بابەتــەکان لەنیــو پــەڕاوەکاندا دەبێــت پشــت بــە ڕاســتییە زانســتییەکان و ئــەو ئەزموونانــە ببەســتن کــە بیــرکردنەوەی زانســتی دووپــات دەکەنــەوە. لــەم بارەیــەوە نــاکۆکی لــەنێو پەڕاوەکاندا نەبێت. دەبێت هۆیەکانی فێرکردن لە خستنەڕوویەکی نازانستیانە پاکژ بکرێنەوە. بەرنامەی ئاراستەکردنی زانستی‌و رۆشنبیــریی لــەرێی کۆڕوکۆبوونــەوەو بــەزم گــێڕان و بۆنەکانەوە لە خوێندنگاوە بۆ کەسوکاری خوێندکاران دەربچێت. مامۆســتاکان بــەدەوری خۆیــان دەبێــت خــاوەنی بیــرکردنەوەی زانســتی بــن. بــۆ ئــەم مەبەســتەش لەلایــەك لــە قۆنــاغی پێــش مامۆســتایەتیدا دەبێــت بــە شــێوازی بیــرکردنەوەی زانستی رابهێنرێن، وانە گوتنەوە لەسەرشێوازی بیـرکردنەوەی زانســتی فــێربکرێن؛ لــە لایــەکی دیکــەوە، پــاش دەرچوونیــان لــە رێی بەرنامــەکانی راهێنانــەوە دەبێــت ئــەم رەوەنــدە زانســتییە درێژە پێ‌بدرێ.

ئەمە پرۆسەیەکە لەگەڵ هەر ئامانجێکدا دووبارە دەبێتەوە. بۆیە سەرەتای کار لە ئامانجەکانەوە دەست پێدەکات و، هەتا زوو بۆی دەست بەکار بین، درەنگە.

## سێیەم: بەرنامەڕێژکردنی سیاسەتی پەروەردەیی

داوا بەدوای کۆنگرەی پەروەردەیی بۆ دانان و داڕشتنی ئامانجەکان، پێویستە هەنگاوێکی پەیوەست بەو هەنگاوە هەڵبگیرێت. لەم هەنگاوەی پرۆسیسی پەرەپێداندا ڕێوشوێنی جێبەجێکردنی ئامانجەکان دادەنرێت و چۆنیەتی وەرگێڕانی بە بەرنامە بڕیار دەدرێت.

بەستنی کۆنگرەیەك بۆ بەرنامەڕێژی سیاسەتی پەروەردەیی لە کوردستاندا لەبەر تیشکی ئەنجامەکانی کۆنگرەی داڕشتنی ئامانجە پەروەردەییەکان، سەرەتای دەست پێکردنی ئەم هەنگاوە دەبێت. لەم کۆنگرەیەدا بەرنامەڕێژیی لایەنە جۆربەجۆرەکانی کرداری پەروەردەو فێرکردن بە وردی دەکرێت و بۆ مەودای پێنج تا دەساڵ رووکاری پەروەردە بەپێی بەرنامەو پلانی نەخشە بۆ کێشراو دیاریدەکریّو بنچینەی بۆ دادەمەزرێندریّ.

لەراستیدا دیاریکردنی ئامانجەکان تەنها تێڕوانین و دیدگای سیاسەتی پەروەردەیی رادەگەیەنن. دەبێت ئەم تێڕوانین و دیدگایە بەکردەوە کاریان پیّ بکرێت. ئەم لایەنە پراکتیکییە لە بەرنامەڕێژییەکی هەمەلایەنەدا بەرجەستە دەبێت.

کۆڵەکەیەکی گەورەی بەرنامە ڕێژیش ئەو ئەنجامانەیە کە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکان پێشکەشیان دەکەن. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوانەو پشت بەستن بەئاماری وردو، سوود وەرگرتن لەخەرمانی ئەزموونە جیهانییەکانی پەروەردەو فێرکردن، بەرنامەڕێژییەکی واقیعیو گونجاو دەهێنێتە کایەوە کە ڕێژەیەکی ئێجگار کەمی لادان و هەڵەی ناچاریی تێدا بێت.

پرنسیپێکی بنەڕەتی کرداری بەرنامەڕێژیی هاوئاهەنگیی ئەو

نەخشـــانەیە کەلـــە تـــەوەرەی بەرنامـــەڕێژیدا دەبـــن. پێویســـتە لایەنـەکانی کـرداری پـەروەردەو فـێرکردن لـەکاتی بەرنامـەڕێژیدا پێکـەوە وەکـو یـەك ڕەنگیـان بـۆ بڕێژرێـت و یـەکدی تـەواو بکـەن تـا پرۆسـەکە بـە یـەکگرتوویی بـۆ پێشـەوە بڕوات و پەرەپێدانێکی هاوسەنگ و یەکگرتوو بهێنێتە کایەوە.

لـێرەدا هـەندێك لـەو لایەنانـە دەستنیشـان دەکـەین، کـە دەبێـت هـەر پـلان و بەرنامەڕێژییـەکی پـەروەردەو فـێرکردن لەبـەرچاویان بگرێـت و ئاسـۆی پـەرەپێدانیان دیـاری بکـات. ئـەم لایەنانـە هـەر ئیمڕۆ پێویسـتییان بـە چاوپیاخشـاندنەوەو هـەڵبژاردنی ئەڵتـەرناتیڤێکی نوێیـە لـەجێی ئـەو بارودۆخـەی لەم لایەنانەدا باوەو تائێستاش کاریان پێ دەکرێت.

۱/۳. دیاریکردنی جۆری ڕێکخستنی بەرنامەکان.

ڕێکخســـتنی بەرنامـــەکان یەکێکـــە لـــەو کۆڵەکانـــەی بینای پـەروەردە بەپێوە ڕادەگرێت. ئـەم بنچینە سـەرەکییەی دانان یان پـەرەپێدانی بەرنامـەکانی خوێندن لایەنەکانی دیکـەی کرداری فێرکردن لە فێرگەکاندا دیاری دەکات.

ڕێکخســـتنی بـاو لـەخوێندنگاکانی عـێراقدا، ڕێکخســـتنی مـــادە جیاجیاکـــانی خوێندنـــە. ئـــەم شـــێوە ڕێکخســـتنە شـــێوەیەکی ئێجگـــار کۆنـــی خوێندنـــەو ڕەگەکـــەی بـــۆ سـەردەمی یۆنانییـە کۆنـەکان دەچێتـەوە. سـەرچاوەی تیـۆری ئـــەم شـــێوە ڕێکخســـتنەی بەرنامـــەکان بـــۆ تیۆرییـــەکانی فەیلەســـوفی یۆنـــانی ( ئیفلاتـــوون) دەگەڕێتـــەوە. ئـــەم شـــێوە ڕێکخســـتنەی بەرنامـە لـە وڵاتـە پێشـکەوتووەکانی جیهـاندا گۆڕانکارییـەکی بنەڕەتییا بەسەردا هاتووەو لەمێژە خستوویانەتە مۆزەخانـــەی مێـــژووی پـــەروەردەوەو لـــەبری ئـــەوە چـــەند ڕێکخستنیـــێکی دیکـەی بەرنامـەکان پـەیڕەو دەکـەن و تـەواوی

سەروسیمای سیستەمی پەروەردەییان بەپێی ئەو ڕێکخستنانە گونجاندووە. گرنگترینی ئەو ڕێکخستنە بەرنامەییانە بریتین لە: بەرنامەی مادده بەیەك پەیوەستەکان، بەرنامەی چالاکی، بەرنامەی تەوەرەیی. لەو وڵاتانەشدا کە بە سۆسیالیزم دەناسران شێوەیەك بەرنامەیان هەبوو کە بەبەرنامەی فێرکردنی پۆلیتەکنیکی بەناوبانگ بوو.

سیستەمی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا، لەبەرامبەر ئەو جیهانە پێشکەوتووەدا، لە ئاستی ئەو شەقاوە گەورە گەورانەی زانست و تەکنۆلۆژیا چ جۆرە ڕێکخستنێکی بەرنامەیی هەڵدەبژێرێت و لە جێی بەرنامەی مادده جیاجیاکانی خوێندندا دایدەنێت؟ ئەمە یەکێکە لەو مەسەلانەی وەڵامی گەرەکەو دەبێت لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر بکرێت، ئەزموونی وڵاتانی دیکە وەرگیرێت، ئاوێتەی بارودۆخی واقیعی کوردستان بکرێت، بڕیارێکی پەروەردەیی لێبدرێت، ڕەنگی چۆنایەتی جێبەجێکردنی دابڕێژرێت و بەو پێیەو لەبەر تیشکی ئەو بڕیارەشدا شێوازی پەرەپێدانی لایەنەکانی دیکە دابنرێت.

٢/٣ دیاریکردنی ڕێگاکانی وانە گوتنەوە.

بڕیاردانی چۆنیەتی ریکخستنی بەرنامەکان، گونجاندنی ریگاکانی وانە گوتنەوە دەهێنێتە پێشەوە. ڕێکخستنی بەرنامەو چۆنیەتی وانە گوتنەوە دوو رووی یەك کردارن؛ لەبەر ئەوە بەپێی جۆری ڕێکخستنی بەرنامەکان ڕێگای وانە گوتنەوە بەرنامەڕێژ دەکرێت و مامۆستایانی بۆ ئامادە دەکرێت و پێداویستییەکانی دیکەی دەبێت بۆ دابین بکرێت.

ڕێگای سەرەکی وانە گوتنەوە لە خوێندنگاکانی عێراق و کوردستاندا ڕێگای دواندانە (القاء). ئەم ڕێگایە لەگەڵ

ڕێکخستنی مادده جیاجیاکانی خوێندندا گونجاوه، بۆیە ئاساییە لەگەڵ گۆڕینی جۆری ڕێکخستنی بەرنامەدا، گۆڕانکاریی بەسەردا بێت.

لە سیستەمە جیاجیاکانی خوێندندا گەلێک ڕێگای جیاواز بۆ وانە گوتنەوە هەیە. گرنگترینیان بریتین لە: ڕێگای چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان، ڕێگای پرۆژە، ڕێگای هەر بارت، ڕێگای یەکەکان، ڕێگای ئاوێتەکردنی کارو خوێندن. هەر یەکێک لەم ڕێگایانە بۆ ڕێکخستنێکی بەرنامەیی دیاریکراو دەشێت. بۆیە لەگەڵ بەرنامەڕێژیی جۆری ڕێکخستنی بەرنامەکاندا دەبێت پلانی باوسەندنی ڕێگای گونجاو دابنرێت و دانانی پەڕاوەکان و ئامادەکردنی پێداویستییەکانی پەیڕەوکردنی سەرکەوتوانەی دابین بکرێت.

٣/٣ دیاریکردنی هۆیەکانی فێرکردن.

بەپێی جۆری ڕێکخستن و شێوەی وانەگوتنەوە، دەبێت هۆیەکانی فێرکردنیش گۆڕانکارییان بەسەردا بێت. هەموو ئەو هۆ دواکەوتووانەی خوێندنگاکان بەهۆیە هاوچەرخەکان بگۆڕدرێن. ئەو هەژارییەی لەم بوارەدا خوێندنگاکان بەدەستییەوە دەناڵێنن دەبێت کۆتایی پێ بهێنرێ و سوود لە دوا داهێنانە تەکنۆلۆژییەکان بۆ پەرەپێدانی هۆیەکانی فێرکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی کرداری فێرکردن لە خوێندنگاکاندا وەربگیرێت.

سیاسەتی بەرنامەڕێژیی لەم کایەیەدا گۆڕینی هۆیە کۆنەکان و پەرەپێدانی توانایی تەکنیکی مامۆستاکان، لە هەردوو قۆناغی پێش مامۆستایەتیو دوای بوونیان بە مامۆستا، دەخوازێت.

٤/٣ ڕەنگڕشتنی بەرنامەی پەیوەندی خوێندنگا بە کۆمەڵ و دەوروبەرەوە، لایەنێکی دیکەی بەرنامەڕێژیی پەروەردەییە. ئەم بەرنامەیە کار لە یەکدیکردنی نێوان خوێندنگاو کۆمەڵ زامن دەکات. لەلایەکەوە توانای کۆمەڵ بۆ خزمەتی کرداری پەروەردەو فێرکردن بەگەڕ دەخات؛ لەلایەکیدیکەوە خوێندنگا بە چاوگی ڕۆشنبیریی‌و زانست و مەڵبەندێکی هوشیاریی کۆمەڵایەتی وەردەگیرێت.

دامەزراوە کارگوزارییەکان، کارگەکان، کێڵگەکان، کتێبخانە گشتییەکان، مۆزەخانەکان، ئاسەوارە مێژووییەکان...هتد، هەروەها توانا‌و ووزەو شارەزایی ئەندامانی کۆمەڵ لە بوارە جیاجیاکانی بەرهەم هێنان و چالاکیی ئابووری‌و سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌و...هتد. دەبێت بخرێنە خزمەتی بەرنامەکانی خوێندنەوە. لە رووی تەکنیکی‌و دارایی‌و پراکتیکەوە بەرنامەڕێژ بکرێن. هەروەها گۆڕانکارییە زانستی‌و ڕۆشنبیری‌و کۆمەلایەتییەکان لەڕێی ئەو بەرنامانەی خوێندنەوەو بەڕێی فێرکردنی خوێندکارانەوە بەدوا ماڵ و دواخێزانی لە گۆڕانکاریی بێئاگا دەگەیەنێت. جگە لەوەی ڕاستەوخۆ لەڕێی پێشکەشکردنی بەرنامەی ڕۆشنبیری‌و هونەری‌و وەرزشی‌و پێشانگای زانستی‌و...هتد لە خستنەوەی هوشیاریدا دەتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت.

تا ئێستا هەرچییەك دەربارەی ئەو چالاکییانە گوتراوەو هەرچییەك لەبابەت پەیوەندی خوێندنگاو کۆمەڵ و خوێندنگاو خێزان و ڕۆڵی ئەنجومەنەکانی باوکان و دایکان و مامۆستایان گوتراون، لە هەندێك هەڵسوکەوتی ڕۆتینی‌و قسەی بەتاڵ وچەند کردارێکی رووکەش بۆ حیساب ڕاستکردنەوە بەولاوە هیچی دیکە نەبوون. ئەزموونی دەیان ساڵی ئەو بانگاشەو ڕێڕەوە لە

سیستەمی پەروەردەو فێرکردندا نە بەتەواوی جێبەجێ کراوە، نە بە بڕواوە کاری بۆ کراوە، نە بەرهەمێکی دیاری هەبووەو تا ئێستاش نییەتی. بۆیە لە هەر بەرنامەیەکی پەرەپێداندا، لە هەر هەوڵێکدا بۆ خستنەوەی گیانێکی نوێ لەم کایەیەدا، دەبێت چاو بە هەموو ئەو لایەنانەدا بخشێنرێتەوەو لەسەر بنچینەی زانست و ئەو پێشکەوتنەی لە جیهانی ئیمڕۆدا دەبینرێت بەرنامەڕێژ بکرێن.

٣/٥ بەرنامەڕێژکردنی سیاسەتی ئاڕاستەکردنی خوێندکاران و خزمەتکردنیان لایەنێکی دیکەی پەرەپێدانی سیستەمی پەروەردەو فێرکردنە.

خوێندکاران لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا پێویستییان بە بەرنامەی ئاڕاستەکردن هەیە بەتایبەتی لە قۆناغەکانی پێشەوەدا گیروگرفتەکانیان زۆرە و ناکرێت پشتگوێ بخرێت؛ بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێت بایەخێکی تایبەتییان پێ بدرێ و مشووری چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەیان بخورێت. لە قۆناغی ناوەندی و ئامادەییدا کە بەرامبەر قۆناغی هەرزەکارییە لە تەمەنیاندا، دیسان گیروگرفتەکانیان زۆرە و پێویستە خوێندنگا بە پیریانەوە بچێت. جگە لەمەش گیروگرفتی خوێندن و هەڵبژاردنی پیشەو کاری دواڕۆژو پرۆژەی داهاتوویان بۆ ژیان هەیە. لەبەر ئەوە دەبێت کەسانێکی پەروەردەیی لە نێوان سیستەمێکی کراوەی پێشکەوتوودا دەست بدەنە پەلیان و بەرەو دواڕۆژ رایان بکێشن و رێنمایی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان بکەن و لە رێی سەرخستنی ئاستی هوشیارییانەوە لەسەر راستە شەقامی ژیانیان دابنێن و بەراستی پەیامەکەی خۆیان، کە ئامادەکردنی نەوەکانە بۆ ژیانی داهاتوو،

بەجێ بگەیەنن.

هاوکات لەگەڵ بەرنامەی ئاڕاستەکردندا بەرنامەی کارگوزاریش بۆ خوێندکاران پێویستە. ئەم بەرنامەیە بەپێی تایبەتمەندیی هەر کارگوزارییەک بەم شێوەیە ریز دەبەستێ. دیارە بەپێی رادەی وەدەستخستنی ئەم کارگوزارییانە پلەو ئاستی خوێندن بەرز دەبێتەوەو بەرنامەی ئاڕاستەکردنیش بێگرێوگۆڵ سەرکەوتن وەدەست دەهێنێت.

٣/٥/١ کارگوزاریی کۆمەڵایەتی وەک رێکخستنی سەردانی زانستی و پێکهێنانی کامپی تایبەتی خوێندکاران و خۆڕێکخستن لە یەکێتی خوێندکاران و کردنەوەی یانەی رۆشنبیری‌و تەرفیهی‌و شوێنی کۆشش کردن و...هتد.

٣/٥/٢ کارگوزاریی رۆشنبیریی وەک: کتێبخانەی خوێندنگاو دیاریکردنی بەرنامەی خوێندنەوەی دەرەکی‌و رۆژنامەو شانۆو ئیستگەی خوێندنگاو...هتد.

٣/٥/٣ کارگوزاریی تەندروستی وەک: بەرنامەی نان خواردن لە خوێندنگاداو پشکنینی پزیشکی‌و کارتی تەندروستی‌و...هتد.

٣/٥/٤ کارگوزاریی سایکۆلۆژی وەک: بەرنامەکانی رابەریکردنی دەروونی‌و پەروەردەیی‌و ئاڕاستەکردنی خوێندن و پیشەهەڵبژاردن و...هتد.

دەبێت هەر یەکێک لەم لایەنانەی کارگوزاریی بەرنامەی تایبەتی بۆ دابڕێژرێ‌و لە پلانی گشتی بەرنامەڕێژیدا بۆ خوێندنگاکان جێیان بۆ بکرێتەوەو لە خوێندنگای نوێی چاوەڕوانکراوی دواڕۆژدا رۆڵی خۆیان لە پەرەپێدانی پەروەردەو فێرکردندا ببینن.

٦/٣ بەرنامەڕێژیی چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی خوێندکاران.

ئەم لایەنە بۆ پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی ڕادەی سەرکەوتن لە هەموو لایەنەکانی دیکەدا پێویستە. دەبێت ڕەنگڕشتن ئەم لایەنەش بگرێتەوەو، هۆیە نوێیەکانی هەڵسەنگاندن بەکاربهێنرێت و ئەو حاڵەتەی ئێستا بپێچرێتەوە کە تەنها پشت بە تاقیکردنەوەکان دەبەستێت. پێویستە ئامرازەکانی هەڵسەنگاندن لە هەموو ئاستەکانی خوێندندا ئامادە بکرێت و لە ڕووی هونەریو داراییو پەروەردەییەوە ڕێوشوێنی سەرکەوتنی دابنرێت و لە هەموو هەنگاوەکاندا بخرێتە کارەوە تا ڕادەی چوونەپێشەوەی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن دیاری بکەن.

## چوارەم: پراکتیکی بەرنامەکان

ڕاستییەکی نوێ نادرکێنین ئەگەر بڵێین باشترین بەرنامەو گەورەترین هەنگاوی تیۆری بۆ پەرەپێدانی بەرنامەکان دەبێت لە پراکتیکدا ڕاستیو دروستی خۆیان بسەلمێنن. پراکتیك محەکی پێکان و نەپێکانی ئەو ئامانجانەیە کە بۆ پەرەپێدانی بەرنامەکان دادەنرێن. بۆیە ئەنجام و بەرهەمی کۆنگرەکان و دانانی ئامانجەکان و بەرنامەڕێژکردنی لایەنەکانی پەروەردەو فێرکردن و ڕادەی گونجانی ئەو پرنسیپ و بنەمایانەی باسمان کردن، لە پراکتیکدا دەردەکەون. لەبەر ئەوە، کردارێکی پراکتیکی فراوان، دەبێت هەنگاوی دوای بەرنامەڕێژکردن بێت. لەم هەنگاوەی پرۆسیسی پەرەپێدانی بەرنامەکانی خوێندندا یەکەیەکەی ئەو گۆڕانکارییانەی مەبەستن بە ئەزموونی خۆیاندا دەڕۆن و ڕادەی

گونجانیـــان یـــان نـــەگونجانیان لەگـــەڵ واقیعـــی پـــەروەردەدا دەکەویـــتە روو. بۆیـــە تاقیکردنـــەوەیان ئـــەرکی ئـــەم هەنگاوەیـــەو دەبێـــت پرۆســـەیەکی تایبـــەتی تاقیکردنـــەوە بەئـــەنجام بگەیەندریـــت. واتـــە لـــەم پرۆســـەیەدا هـــەنگاوی وردتـــر هەڵدەنرێـــتەوەو پلەپلـــە گۆڕانکارییـــەکان جێـــی خۆیان لـە رەوتی پەرەپێدانی بەرنامەکاندا دەکەنەوە.

یەکـــەم کـــاری دەســـگای جێبەجێـــکردنی بەرنامەڕێـــژیی پـــەروەردەیی ئەوەیـــە تـــەواوی بەرنامـــە رەنـــگ بـــۆ ڕیـــژراوەکە بخاتـــەوە بـــەردەمی رای گشـــتیو، بەتایبـــەتیش، بـــەردەم مامۆســـتایان و پسپۆڕانی پـــەروەردەیی بخات، تـا لەســـەرێکەوە ئاگـــاداری گۆڕانکارییـــەکان بـــن، لـــە سەرێـــکی دیکـــەوە مـــەیل و لایەنگیـــریی بـــۆ جێـــبەجێکردنیان رابکێشرێـــت و ســـەرنج و تێبینییـــەکانیان دەربـــڕن. دەســـگاکانی راگـــەیاندنیش دیســـان رۆڵـــی ئیجـــابی خۆیـــان لـــە ئامـــادەکردنی رای گشـــتی خـــەڵکیدا بگیـــڕن و ئاووهـــەوای دڵگـــەرمیی بـــۆ سەرخستن و جێبەجێکردنی داهێنەرانەی بەرنامە بڕیاردراوەکە بسازێنن.

هاوکـــاتی ئـــەم کـــاری ڕاگەیاندنـــە گشـــتیو تایبەتییـــە، دەبێـــت دەســـگای جێـــبەجێکردنی پـــەروەردەیی بـــالا، ســـەرەتا نەخشـــەی تاقیکردنـــەوەو، پاشـــان جێـــبەجێکردنیان بکێشیـــت. بـــۆ ئـــەم مەبەســـتە پێـــویستە ئـــەو لایەنانـــەی تاقیکردنـــەوەیان گەرەکـــە دەستنیـــشان بکریـــن. بەرنامـــە بـــەبێ تاقیکردنـــەوە، هەروەها لە خۆوەو یەکەو دەردوو، نابێت جێبەجێکردنی گشتی بکرێـــتەوە. دەبێـــت ماوەیـــەکی دیـــاریکراو بـــۆ تاقیکردنـــەوەی دابنریـــت و گونجـــانی بەرنامەکـــە لـــە تاقیکردنـــەوەدا بسەلمیـــت ئینجا بڕیاری گشتیکردنەوەی بدرێت.

ئەو لایەنانەی بۆ تاقیکردنەوە دەشێن زۆرن، گرنگترینیان بریتییە لە: (پەڕاوەکان، ڕێگاکانی وانەگوتنەوە، هۆیەکانی فێرکردن، شێوازەکانی تاقیکردنەوە، بەرنامەی ئاڕاستەکردن و چالاکیی خوێندکاران).

هەر یەکێک لەم لایەنانە ئامرازی تایبەتی خۆیان بۆ تاقیکردنەوە گەرەکە. پێوانەی تایبەتییان دەوێت. شێوازی تایبەتییان بۆ بە باڵاگرتنی ئامانجەکان پێویستە. بۆ نموونە: ئەگەر تاقیکردنەوەی بەندە نوێیەکانی بەرنامەیەك پێویستیی بە دانانی پەڕاوێکی نوێ بوو؛ ئەوا بەپێی ئەو بەندە نوێیانەو لەبەر تیشکی ئامانجە پەروەردەییەکاندا ئەو ئەرکە بە لیژنەیەکی زانستیی-پەروەردەیی دەسپێردرێت.

ئەو پەڕاوەی لیژنەکە دایدەنێت، جگە لەوەی هۆیەکانی فێرکردنی تایبەتی خۆیان دەوێت، پێویستیشی بە چەند لیستێك پرسیارو سەرنجی پەروەردەیی لە شێوەی پرسیاری جۆراوجۆر یان پرسیاری ڕیفراندۆمی زانستیدا، کە ناو بەناو، بەپێی هەر پلەیەکی گوتنەوەی پەڕاوەکە، بەشەکانی پەڕاوەکەی پێ هەڵبسەنگێندرێ یان لەگەڵ پەڕاوە کۆنەکەدا بەراووردیان پێ بکرێت. لە لێکدانەوەی وەڵامی پرسیارەکانیشدا، کە مامۆستایان و پسپۆڕان و خوێندکاران دەیدەنەوە، ئامرازەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی پەڕاوەکان پێویست دەبن و دەبێت بەکار بهێنرێن؛ ئەمە جگە لەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی خوێندکاران، کە ئەو پەڕاوە دەخوێنن، بە وردی لێی دەتوێژرێتەوەو بۆ سەرکەوتنی پەڕاوە نوێیەکە، وەك نیشانەیەك، ڕەچاو دەکرێت.

دیاره جێبەجێکردنی گوتنەوەی ئەم پەڕاوە نوێیە یان هەر لایەنێکی دیکە لەو لایەنانەی ئاماژەمان بۆ کرد چەند خوێندنگایەکی بۆ تاقیکردنەوە دەوێت. لەبەر ئەوەی یەکەم جار دەبێت هەموو لایەنەکانی بەرنامە نوێیەکە لە چەند خوێندنگایەکدا تاقیبکرێتەوە. واتە بەر لەوەی بڕیاری جێبەجێکردنی بەرنامە نوێیەکە لە گشت خوێندنگاکاندا بدرێت، بۆ تاقیکردنەوەی هەر لایەنێکی کۆمەڵێك خوێندنگا دەستنیشان دەکرێت. تاقیکردنەوەیان تێدا دەکرێت. ماوەی دیاریکراوی خۆیان بۆ دادەنرێت و، یەکبینە ئەنجامەکانی بە ئەنجامی بەرنامە کۆنەکان، کە لە خوێندنگاکانی دیکەدا جێبەجێ دەکرێن، بەراورد دەکرێن. کۆبوونەوەو کۆڕوکۆنفرانسی پەروەردەیی بە مەبەستی لێکدانەوەی ئەنجامەکان دەبەسترێن تا لە کۆتایی ماوەی دانراودا بڕیاری ئێجگارەکی لەسەر بدەن، چ بە دەستکارییکردن و گۆڕینی ئەو لایەنانەی پێویستییان بە گۆڕان هەیە، چ بە گشتیکردنەوەی بەرنامەکەو جێبەجێکردنی لە هەموو خوێندنگاکانداو لابردنی بەرنامە کۆنەکان و هەڵوەشاندنەوەیان.

ئەم هەنگاوەی دوایی (گشتیکردنەوە) پێویستیی بە خۆ ئامادەکردن هەیە. گەورەترین مەترسییەك لەسەر هەر بەرنامەیەکی نوێ ئەوەیە بێ‌خۆ ئامادەکردنی سیستەمەکە گشتی بکرێتەوە. رەنگە زۆرجار بەرنامەیەکی تاقیکراوەی رێك و پێك و گونجاوو زانستی بەهۆی کەمتەرخەمی دەسگای پەروەردەو فێرکردن لە ئامادەکردنی هەموو پێداویستییەکانی جێبەجێکردنیدا تووشی نوشوستیو بنبەست ببێت. بۆیە زاناکانی پەروەردە زۆر جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکەن.

خۆ ئامادەکردنی سیستەمی پەروەردە بۆ گشتیکردنەوەی

بەرنامەیەکی نویٰ لە چەند بوارێکدا دەبێت. وەك:-

١/٤ ئامادەکردنی پارەی پێویست بۆ پێداویستییەکانی بەرنامەکە چونکە چ پەڕاوەکان و چ هۆیەکانی فێرکردن و چ ئامرازەکانی دیکەی جێبەجێکردنی بەرنامەکانی خوێندن بیٰ پارە وەدەست ناکەون و تاقیکردنەوەیان بەئەنجام ناگات.

٢/٤ ئامادەکردنی بینای خوێندنگا، پێداویستییەکی گرنگی چوونە پێشەوەو بەئاکام گەیشتنی بەرنامەکانە. بینای خوێندنگا دەبێت لەگەڵ شێوەی ڕێکخستنی بەرنامەکان و ڕێگاکانی وانە گوتنەوە بگونجێندرێت. هەر شێوە بینایەك جۆرێك ڕێکخستن و ڕێگای وانەگوتنەوەی خۆی هەیە. بینای خوێندنگاکانی عێراق و کوردستان بەو شێوەیە دروست کراون کە بۆ ڕێکخستنی مادده جیاجیاکانی خوێندن و ڕێگای دواندان بلوێت. لەبەر ئەوە هەر ئەڵتەرناتیڤێکی نویٰ، لە بواری جۆری ڕێکخستنی بەرنامەکان و ڕێگاکانی وانەگوتنەوە، گۆڕانکاریی لە شێوەی بینای خوێندنگاکاندا دەوێت. ئەگەر سیستەمی پەروەردە شێوەی ڕێکخستنی ئێستاو ڕێگاکانی وانە گوتنەوەی ئێستای هێشتەوە ئەوا بینای خوێندنگاکان دیسان پێویستییان بەدەست پێداهێنانەوەو فراوانکردن هەیە. پێویستە باخ و یاریگای سەر داخراوو وەرشەو شانۆو هۆڵی ئاهەنگێران و گەلێك پێداویستیی دیکەیان بۆ دابین بکرێت.

٣/٤ ئامادەکردنی مامۆستایان پایەیەکی بنچینەیی سەرکەوتنی بەرنامە نوێیەکانە. چاکترین بەرنامە مایەپووچ دەردەچێت ئەگەر مامۆستای بۆ پەروەردە نەکرێت، بۆ ئەو

بەرنامەیە پێ نەگەیەندرێت و بەردەوام لەدواگۆڕانکارییەکان و شێوازەکانی وانەگوتنەوەو چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە داهێنانە هاوچەرخەکان ئاگادار نەکرێت و لەسەری ڕانەهێنرێت. بۆیە بەشێکی گەورەی ئامادەبوونی دەسگای پەروەردەو فێرکردن بۆ جێبەجێکردنی بەرنامە نوێیەکان لە ئامادەکردنی مامۆستایانی تایبەتی بۆ ئەو بەرنامانە خۆی دەنوێنێت، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، کە لە بواری پەرەپێداندا ئەزموونێکیان هەیە، بەرنامەی پێگەیاندنی مامۆستایان و پاشان ڕاهێنانیان جێوڕێو ڕێزێکی تایبەتییان لە تەواوی کرداری پەروەردەو فێرکردندا هەیە. بۆ تەواوکردنی ئەم لایەنەش پێگەیاندن و ڕاهێنانی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی‌و هەموو ئەو کادیرو کەسانەی دوورو نزیک پەیوەندییان بە کرداری پەرەپێدانی بەرنامەکان بەتایبەتی‌و پەروەردەوفێرکردن بە گشتی هەیە ئەرکێکی هەرە گرنگەو لە ریزی پێشەوەی ئەرکەکانی سیستەمی نوێدا رادەوەستێت.

٤/٤ بەرنامەکانی خوێندن لە کاتی کارپێکردندا پێویستییان بەو چاوپێداگێڕانەوە دەبێت. کردارەکانی چاوپێداخشاندنەوەو خستنە سەرو لێلابردن لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەی یەك لەسەر یەکی بەرنامەکان دەکرێن. ئەم کردارانەش بەپێی پلان و نەخشەی تایبەتی دەکرێن. کادیری ڕاهێنراوو پسپۆڕی خۆیان دەوێت. ئەم هەنگاوە دواهەنگاوی پرۆسێسی پەرەپێدانەو ئاوێنەی هەموو هەنگاوو کارەکانی پێشووەو زاناکان ئاکامی هەموو پرۆسیسەکەی پێوە دەبەستنەوە بۆیە پێویستە تۆزێك تایبەتی‌تر لێی بدوێین.

## پێنجەم: سۆراخ کردن و هەڵسەنگاندنی بەرنامەکان

بەدوادا چوونی بەرنامەکانی خوێندن و هەڵسەنگاندنی ووردو درشتی کارو هەنگاوەکانی پرۆسێسی گۆڕانکاریی بنەڕەتیی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن بەم هەنگاوە بازنەیەکی تەواو پێکدەهێنێت؛ لەلایەکەوە بازنەکە تەواو دەکات و دادەخرێت و لەلایەکی دیکەوە سەرەتای سەرکەوتن و بازنەیەکی فراوانتری پەرەپێدان دەکاتەوە.

هەڵسەنگاندنی بەرنامەکانی خوێندن هۆکاری پێشکەوتنی بەرنامەکانەو یەکبینەیی پەرەپێدان و گیرنەبوونی لە ئاستێکی دیاریکراودا زامن دەکات.

هەڵسەنگاندن رادەی سەرکەوتنی بەرنامەکان لە بەجێگەیاندنی ئامانجە پەروەردەییەکان دیاری دەکات. ئەم هەنگاوە، وەك کردارێکی پەروەردەیی، سەرتاپای کرداری پەروەردەو فێرکردن بەر لێکۆڵینەوەو شیکردنەوە دەدەات و کەموکووڕییەکان دەستنیشان دەکات و چارەسەریشیان بۆ دادەنێت. هەر لەبەر ئەم رۆڵە گرنگەیەتی وەك زانستێکی سەربەخۆ لە مەیدانی پەروەردەو فێرکردندا خۆی سەپاندووە. هەنگاوە پەروەردەییەکان بێ ئەم کردارە ناتەواو دەبن و کوێرانە رێ دەکەن. لەبەرئەوە لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنها چەند بوارێکی ئەم کردارە باس دەکەین کە بەپەرەپێدانی بەرنامەکانی خوێندنەوە پەیوەندییان هەیە. ئەم بوارانە لە سێ لایەندا کۆدەکەینەوە ئەوانەش: هەڵسەنگاندنی گەشەکردنی خوێندکاران و، هەڵسەنگاندنی مامۆستایان و بەرنامەو پەڕاوەکانی خوێندنن.

١/٥ هەڵسەنگاندنی خوێندکاران.

هەڵسەنگاندنی خوێندکاران و ئەو ئاکامانەی لە ئەنجامی ئەم هەڵسەنگاندنەدا دەستگیر دەبن، پێوەرێکی راستگۆی رادەی سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی سەرتاپای کرداری پەروەردەو فێرکردنە. وەدینەهاتنی ئامانجە پەروەردەییەکان لە رەفتارو کەسایەتی خوێندکاراندا بۆ ناتەواوی‌و کەموکووڕی بەرنامەکە بەگشتی یان لەبەشێکیدا دەبنە نیشانە. لە نێو ئەم ئامانجانەشدا سێ‌لایەنی سەرەکی هەن دەبێت پێش بخرێن و بکرێنە پێوانەی راستیی بەرنامەکان و رادەی واقیعی بوونیان.

لایەنی یەکەم وەدەستهێنانی زانیارییە لەلایەن خوێندکارانەوە. بەرنامەکانی خوێندن بەگشتی‌و پەڕاوەکانی خوێندن بەتایبەتی لە راستییەکان و چەمکەکان یاساو تیۆری‌و پرنسیپە زانستییەکان پێکهاتوون. هەر ماددەیەکی خوێندن بەسەدان راستی‌و چەمك و یاساو...هتد تێدایەو بەشارەزایی‌و زانینیان بناغەی لایەنێکی کەسایەتی خوێندکاران دادەڕێژرێت و ئەم لایەنە دەبێتە بنەمای بیناکردنی کەسایەتییان لەگەڵێك لایەنی دیکەدا.

ئامرازی دەستی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم لایەنەی رەفتارو کەسایەتی خوێندکاران تاقیکردنەوەکانە. لەڕێی تاقیکردنەوەی ڕۆژانەو مانگانەو وەرزی‌و ساڵانەو رادەی وەرگرتن و تێگەیشتن و نەشونماکردنی ژیریی خوێندکاران هەڵدەسەنگێندرێ. بۆیە هەر لە توێی ئەم زانستی هەڵسەنگاندنەدا چۆنیەتی دانانی پرسیاری تاقیکردنەوەکان و جۆرە جیاجیاکانی ئەو پرسیارانە باس کراون و پرنسیپە تایبەتییەکانی تاقیکردنەوە دانراون و، لە ڕێی تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەوە، بەردەوام گۆڕانکاریی‌و پەرەپێدانی ڕووەو چاکترکردن بەسەریاندا دێن.

دووەم لایەنی، وەدەستهێنانی کارامەییە. بەشێکی گەورەی بەرنامەکانی خوێندن ئامانجێکی پراکتیکیان هەیە. کارپێکردنی راستیو چەمك و یاساو تیۆری دەکەوێتە ئەم خانەیەوە. بۆیە بەشێکی هەڵسەنگاندن روو لە لایەنەکانی کارامەیی خوێندکاران دەکات. کارامەیی جەستەییو ژیریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریی رادەی تێگەیشتن و وەرگرتنی زانیارییەکان دەردەخەن. ئەم لایەنەش ئامرازی تایبەتی خۆی بۆ هەڵسەنگاندن هەیە. هەر کارامەییەك پرۆسێسی تاقیکردنەوەی تایبەتی هەیە. کارامەیی لە ئیشی دەستدا، لە وێنەدا، لە یارییە جیاجیاکاندا، لە زماندا، لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە دوان و نووسین و چالاکییە رۆشنبیریو هونەرییەکاندا، هەریەکەیان پرۆسێسێکی تایبەتی هەڵسەنگاندنی هەیەو بەو ئامرازانەی بۆیان دانراون پێوانە دەکرێن و هەڵدەسەنگێندرێن.

لایەنی سێیەمی هەڵسەنگاندنی گەشەکردنی خوێندکاران بریتییە لە هەڵسەنگاندنی رادەی خۆ گونجاندنی شەخسیو کۆمەڵایەتییان.

خۆگونجاندنی شەخسیی توانای خوێندکاران بۆ لەخۆگەیشتن و رەفتارکردن بەپێی توانای شەخسیی دەردەخات. هەروەها خۆگونجاندیان لەگەڵ دەوروبەرەکەیانداو سازبوونیان لەگەڵ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، بە خۆ گونجاندنی کۆمەڵایەتی دەناسرێن. چۆنیەتی مامەڵەکردنی خەڵك و چارەسەرکردنی گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ خۆ گونجاندنی کۆمەڵایەتی بەڵگەن.

دەتوانرێت زۆر ئامراز بۆ هەڵسەنگاندنی خوێندکاران بەکار بهێنرێت. لە سیستەمی پەروەردەو فێرکردنی عێراقدا تەنها یەك ئامراز ئەویش تاقیکردنەوەکانی خوێندنگایە باوە. ئەم

تاقیکردنەوانـــە ئاودامانیـــان کـــەموکووڕیی‌و ناتەواوییـــەو پێوانەیەکـە زۆرجـار راسـتگۆیی تێـدا بـزر دەبێـت و نـاتوانێت ئاسـتی خوێندکـاران لـە هـەموو روویەکـەوە دەستنیشـان بکـات. ئامرازەکـانی دیکـە فـەرامۆش کـراون؛ نـەك هـەر ئـەوە، بـەڵکو ئـەقڵی باڵادەسـتی سیسـتەمی پـەروەردە لـە عـێراقدا، هـەر لـە کۆنـەوە تـا ئیمـڕۆ، لـە سـنووری تاقیکردنـەوەکان تێپـەڕی نـەکردووەو پـەیڕەوی لێکردنـی بنچینـە زانسـتییەکانی هەڵسـەنگاندنی بـەگران زانیـوە یـان هـەر بـڕوای پێیـان نەبووە.

گرنگتـرین ئەو ئامرازانەی دەبێت بۆ هەڵسەنگاندن– جگە لە تاقیکردنەوەکان – بەکاربهێنرێن ئەمانەن:–

– تێبینی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ.

– ریفراندۆمی پەروەردەیی.

– چاوپێکەوتنی شەخسی.

– تاقیکردنەوەکانی خۆگونجاندنی شەخسی‌و کۆمەڵایەتی.

– سۆسـیۆ مـەترو سۆسـیۆگرام ( پێوانـەی پـەیوەندیی کۆمەڵایەتی)

– کارتی خوێندنگا.

– راپۆرت و نووسینی خوێندکاران.

– لیسـتەکانی خۆهەڵسـەنگاندنی خوێندکـاران لـە لایـەن خۆیانەوە.... هتد.

۲/٥ هەڵسەنگاندنی مامۆستایان.

بـۆ دیـاریکردنی توانـای مامۆسـتایان و رادەی چالاکییـان لەجێبەجێ‌کردنی بەرنامەکانی خوێندندا، سێ‌لایەنی کارەکەیان هەڵدەسەنگێندرێت:

۱/۲/٥ هەڵسەنگاندنی رەفتاری مامۆستا لەنێو پۆل و خوێندنگادا.

۲/۲/٥ هەڵسەنگاندنی کەسایەتی مامۆستا لە هەموو رووییەکەوەو کاریگەرێتی ئەم کەسایەتییەی لەسەر کەسایەتی خوێندکاران.

۳/۲/٥ بەرهەمی مامۆستا، واتە دەرچووانی سیستەمی پەروەردە لە رووی زانیاریو کارامەییو شێوەی بیرکردنەوەو مەیل و ئەو نەریتانەی وەریان گرتوون وەك لە خاڵییەکەمدا لێی دواین.

دیارە بۆ هەریەکێك لەم لایەنانەش ئامرازی تایبەتی هەیە کە لێرەدا بواری لەسەر رۆیشتنیان نییەو بەتەنها ئاماژە بۆ ئامرازە نوێیەکان دەکەین. ئەم ئامرازانە هەندێکیان لە سیستەمی پەروەردەو فێرکردنی عێراقدا نین و هەندێکیشیان بە شێوەیەکی شێواوو نازانستییانە لەلایەن دەسگای سەرپەرشتیی پەروەردەییەوە ئەنجام دەدرێت لەوانە، ئامرازی تەفاعولی لەفزی مامۆستایە لەپۆلدا بۆ هەڵسەنگاندنی کردارەکانیو، پێوانە جیهانییەکانی کەسایەتی مامۆستاو، ئەو لیستانەی بۆ سیفەتە شەخسییەکان هەن بۆ هەڵسەنگاندنی لایەنی کەسایەتی لە مامۆستادا، هەروەها ئەو ئامرازانەی بۆ هەڵسەنگاندنی خوێندکاران هەن و پێشتر ناومان هێنان تالەو رێیەوە ئاستی دەرچووانی بەردەستی مامۆستاوچەندایەتیو چۆنایەتی ئەو ئامانجانەی وەدیهاتوون هەڵبسەنگێندرێن.

۳/٥ هەڵسەنگاندنی بەرنامەو پەڕاوەکانی خوێندن لایەنێکی گرنگی هەڵسەنگاندنی پەرەپێدانە، لایەنێکی بەڕووەوەی کرداری پەروەردەو فێرکردنەو توانایی سیستەمەکە لەپتەوی ئەم لایەنەدا

بەرجەستە دەبێت.

هەڵسەنگاندنی ئەم لایەنە واتای هەڵسەنگاندنی هەموو ئەو بەرنامەو بابەتانەیە کە خوێندکاران چ لەمەودای ژیانی خوێندنگاداو چ لەپەڕاوە تایبەتییەکاندا وەری دەگرن و فێری دەبن. لەم بارەیەوە هەڵسەنگاندن پەل بۆ بەرنامەکە بەگشتی‌و پەڕاوەکان بەتایبەتی دەکێشێت. بەرنامەو پەڕاو لە دوو سەرەوە هەڵدەسەنگێندرێن ئەویش ناوەرۆك و شێوەی ڕێکخستنیانە.

لە رووی ناوەرۆکەوە هەموو ئەو پێوانانەی لە پەرەپێدانی بەرنامەکاندا لێی دواین دەبێت بخرێنەوە بەر لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن. لە رووی ڕێکخستنیشەوە ئەو لایەنە هونەرییەی لە ڕێکخستنی بەرنامەکان و چۆنیەتی پێشکەشکردنی بە خوێندکاران پەیڕەو کراوە، دەدرێتە بەر تیشکی سەرنج و تێڕوانینی زانستی‌و هونەری‌و لەڕێی تۆژینەوەو بیرورا وەرگرتنەوە دەستنیشانی کەموکوڕییەکانی دەکرێت و ڕێگای چارەسەرکردنیان بۆ دادەنرێت.

جگە لە بەرنامەکە بە گشتی پەڕاوەکانیش بە پێی کۆمەڵێك پێوانە هەڵدەسەنگێندرێن. پێوانەکان هەردوو لایەنی ناوەرۆك و شێوەی پێ‌ لە محەك دەدرێن. ئەو پێوانانە هەموو ساڵێك لە کۆتایی ساڵی خوێندندا بەردەستی مامۆستایان دەخرێن تا ئەو پەڕاوانەی لەو ساڵەدا گوتویانەتەوە – بەتایبەتی پەڕاوە نوێیەکان– هەڵبسەنگێنن. ئەو پێوانانە لای مامۆستایان شاردراوە نین و بۆ خۆیان بابەتێکی تایبەتین و چیدی لێرەدا پێویست بەلەسەر ڕۆیشتنی ناکات.

لەکۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا پێویستە ئەو راستییە بڵێینەوەو

بەگوێی خەمخۆرانی دواڕۆژیدا بدەین کە پەروەردەو فێرکردن کۆڵەکەیەکە بینای سەرەوەی گۆمەڵگا رادەگرێت سەروسیماو شێوەی روخساری کۆمەڵگا لە داهاتوودا دیاری دەکات. گۆڕانکاریی‌و پەرەپێدانی سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی بێ گۆڕانکاریی‌و پەرەپێدانی پەروەردەیی بەئاکامێکی وەها ناگات کە کۆمەڵگای کوردستان لەسەر رەوڕەوەی ژیاری ئەم سەردەمەو، ئەوەی بۆ دواڕۆژ پێشبینی دەکرێت، دابنێت. لەبەر ئەوە هەتا زووتر سیستەمی پەروەردەو فێرکردن لەکۆت و پێوەندەکانی رزگار بکرێت، درەنگە. هەتا زیاتر پەلە لەکار کەنارخستنی توخمە هەڵمەتە کاسەکانی سەردەمی رژێم و توخمە مەسلەکییەکان بکرێت، هێشتا کەمە. هەتا شۆڕشگێڕانەتر گۆڕانکارییەکان ئەنجام بدرێن، رێگای سەرکەوتن پتر تەخت دەبێت و باخی رەنجی دڵسۆزانەی پسپۆڕانی پەروەردەیی‌و مامۆستایان و خوێندکاران و گشت مشوورخۆرانی پەرەپێدان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، رازاوەترو رەنگینترو پڕ بەرتردەبێت.

## سەرچاوەکان :

١) د. الدمرداش سرحان و منير كامل، المناهج، دار الهنا للطباعة،١٩٦٩ ، القاهرة.

٢) د. وهيب سمعان و رشدي لبيب، دراسات في المناهج، القاهرة، ١٩٥٩ .

٣) صالح عبدالعزيز، التربية الحدثية، ج ٣ ، دار المعارف بمصر، الطبعة الرابعة، القاهرة،١٩٦٩ .

٤) د. محمد لبيب النجيحي و د. محمد منير مرسى، المناهج والوسائل التعليمية، مكتبة الانجلو المصرية،القاهرة، ١٩٧٧.

٥) د. فؤاد سليمان قلادة، اساسيات المناهج في التعليم النظامي وتعليم الكبار، مطبعة المصري، الطبعة الثانية، الاسكندرية ١٩٧٩ .

٦) د. محمد عزت عبد الموجود وآخرون، اساسيات المنهج وتنظيماته، دار الثقافة للطباعة والنشر، القاهرة ١٩٨١ .

٧) د. توما جورج خورى، المناهج التربوية – مرتكزاتها، تطويرها، و تطبيقاتها، بيروت١٩٨٣ .



## نووسەر لە چەند دێڕێکدا

* ساڵی ١٩٤٥ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە.

* خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و خانەی ماموٚستایانی لە سلێمانی تەواو کردووە.

* ساڵی ١٩٦٣ خانەی پێگەیاندنی ماموٚستایانی لە سلێمانی بە پلەی یەکەم بڕیوەو هەر لەو ساڵەدا لە هەولێر بە ماموٚستا دامەزراوە.

* ساڵی ١٩٧٧ لە بەشی ( پەروەردەو سایکوٚلوٚژی )ی سەر بە کوٚلیجی ئادابی زانکوٚی ( المستنصریە ) بە پلەی دووەم بەکالوٚریوٚسی لە (کارگێڕی‌و سەرپەرشتیی پەروەردەیی )دا وەرگرتووە.

* لە نێوان ساڵانی ١٩٧٨-١٩٩٨دا، لەبواری ڕاهێنان (مەشق کردن )ی پەروەردەیی ماموٚستایاندا وەك کادیری ڕاهێنان و موحازیری بابەتە پەروەردەیی‌و سایکوٚلوٚژییەکانی کوٚرسەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی و هەولێر کاری کردووە.

* کاری ئێستای ڕوٚژنامەنووسییە.

وەزارەتی ڕوٚشنبیریی ژمارەی سپاردنی (٦)ی ساڵی (١٩٩٩)ی پێداوە

## خوێنەرانی هێژا.....

بۆ ئەوەی: دەستکاریی رووکەش جێی گۆڕانکاریی بنەرەتیی نەگرێتەوە، پرۆسێسی پەروەردەو فێرکردن بە رێچکەی پەروەردەی پێشوودا نەبرێتەوە، ریفۆرم پەنجەی کاری شۆڕشگێڕانە نەبڕێتەوە، خەونەکانمان نەزڕێن و، هیواکانمان نەتاسێن و، ئامانجەکانمان نەدۆڕێن؛ ئەم نووسراوە بخوێننەوە، هاوبەشیی لە بەپێزکردنی رەخنەو پێشنیازەکانیدا بکەن، بە سەرنجی وردو نووکی قەڵەمی تێکۆشەرانەتان بەردێك لە بناغەی تەلاری پەروەردەو فێرکردنی دوارۆژدا دابنێن.

(نووسەر)

چاپخانەی ئۆفسێتی سەفوەت
١٩٩٩